
EVEN HOPPER'S FIRM VIOLATED BUILDING LAW.
PRESIDENT SMITH
APOSTLES

# پابەندنەبوون بە ئاکاری رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵەوە متمانەی هاوڵاتیانی بە میدیای کوردستان لاواز کردووە

«رۆژنامەگەری سەنگین، دەست پاک لە گەیاندنی زانیاری و خاوەنی ئەقلێکی زیرەک کە بە مەعریفە مەشقدرابێت، بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی دەدات و دەبێتە خاوەنی ئەو بوێرییەی ئامانجەکانی خۆی بەدیبهێنێت، هەروەها لە توانایدا دەبێت بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت، بەبێبوونی ئەم رۆژنامەگەرییە سەنگینە حکومەتی دیموکراتی دەبێتە جێگەی گاڵتەجارِی، لە هەمانکاتدا ئەو رۆژنامەگەرییە ئاست نزمانەی گومان لەسەر بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە دروستدەکەن و بەتێپەربوونی کات کۆمەڵگەیەکی خراپی وەک خۆی دروستدەکات»

جۆزیف پۆلیتزر

**گرنگە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەکوردستان ئامادەبکات و بیخاتە بەردەستی یاساناس و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی پرۆژەی هەموارکردنی یاساکە تاوتو بکەن**

ئـــەو قســـانەی لەنـــاو دووکەوانەکەی ســـەرەوە نووســـیومانە، جۆزیف پۆلیترز لە ســـاڵی ١٩٠٤ لە وتاری (( کۆلێژی ڕۆژنامەگـــەری )) کە لە گۆڤاری (( زە نۆرس ئەمریکا ریڤیوو )) بڵاویکردۆتەوە، ئاماژەی پێکردوون، دووبارە نووسینەوەی ئەم گوتانە بۆ دەستپێکی ئەم ڕاپۆرتە تەنها بەو مەبەســـتە نیە کە بە چەند وشەیەك دەستپێکی ئەم ڕاپۆرتە برازێنیینەوە، نەخێر ئامانجمان لە دووبارە نووســـینەوەی ئەو چەنـــد دێڕە بۆ ئەوەیە کـــە بەخوێنەرانی خۆمان بڵێین ئەو وشانە لەناو چ ئازارێکدا لە دایك بـــوون و کەموکورتیەکانی میدیا چەند ئازاری خاوەنی ڕۆژنامەی نیۆرك وۆرڵـــدی داوە کە ١١٨ ســـاڵ لەمەوپێش لەمەترسی کەموکورتیەکانی میدیا گەلی ئەمریـــکای ئـــاگادار کردۆتەوە،پۆلیتزر کە ئێســـتا ناوی گەورەتریـــن مەدالیای شـــەرەفی کاری ڕۆژنامەگـــەری پرۆ فیشناڵە، لەو ڕاستیە تێگەیشتبوو، کە کاری ڕۆژنامەوانی کارێکی دووســـەرەیە هەم دەتوانرێت ببێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو پێشـــەوە بچێت و هەمیش دەتوانرێت ببێتە فاکتەرێك کۆمەڵگەی پێ تێکبدرێت،لایەنێکـــی دیکە کە لەو گوتە بەرزانەی پۆلیتزر فێـــری دەبین ئەوەیە، جۆزیف پۆلیتزر نەهاتووە بڵێت ڕۆژنامەی نیۆرك وۆرڵد باشـــەو فەرموون با هەموو ڕۆژنامەکانی دیکە لاساییبکەنەوە، نەخێر ئەو کێشـــانەی لەو کاتـــەدا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری ئەمریکا بۆتەوە،بەهەمان شێوە ڕووبەرووی ڕۆژنامەی نیۆرك وۆرڵد بۆتەوە، بۆیە ئێمەش کە قســـە لەسەر ئەم باسە دەکەین نامانەوێت خوێنەرانی خۆمان بەو ئاراستەیە بەرین، کە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان دوورین لەو کێشە و کەموکورتیانەو دەمانەوێت وەعز بـــۆ خەڵك بدەین، نەخێر ئێمـــەش وەك پۆلیتزر، گوڵان لەم کێشـــە و کەموکورتیانـــە جیاناکەینەوە، بەڵکو بە خوێنـــەری خۆمان دەڵێیـــن ئەمرۆ کاری ڕاگەیاندن لە کوردستان هەر هەمووی بە حکومی و ناحکومی و بەحزبی و ناحزبییەوە بەدەست دیاردەکەیەوە دەناڵێنێت و پێویستە هەموومان بیری لێبکەینـــەوە بۆ ئەوەی پرۆژەیەك بەرهەمبێنین بەرهەمی سەرجەم بیرو بۆچوونە جیـــاوازەکان بێت، پۆلیتزر به ئاســـتێك بایەخی میدیای ســـەنگین بەرزدەکاتەوە کە نووسیویەتی: (( ئاییندەی کۆمارە ئازادەکەمـــان و ڕۆژنامەگەریمان پێکـــەوە هەڵدەســـتنەوەو پێکیشـــەوە لەبەریەکهەڵدەوەشـــێن، ئەو دەســـەڵاتەی دەبێتـــە داڕێـــژەری ئاینـــدەی کۆماری ئەمریکا لەدەســـتی ڕۆژنامەنووسەکانی داهاتووماندایە ))، بۆ ئەم قۆناخەی ئێمە گرنگە بەو ئاســـتە لە بایەخی میدیای ســـەنگین تێبگەین و هەمـــوو پێکەوە بە جیاوازی بیروبۆچوونەکانمانەوە لەو خاڵەدا یەکبگرینەوە کە نابێت میدیای ســـەنگین شـــکۆی بێتە خـــوارەوە، لەبـــەر ئەوەی هاتنەخوارەوەی شکۆی میدیای سەنگین ڕاســـتەوخۆ هۆکارێکە بۆ هاتنەخوارەوەی شکۆی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆ و عێـــراق و ناوچەکەو جیهانیش، بەڵام ڕاگرتنی شکۆی سەنگینی میدیا هۆکارێکی دیکە بۆ ڕاگرتنی شـــکۆی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو عێراق و ناوچەکە و جیهانیش، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی پرسیارو هەڵدەگرێت ســـەدان لێکۆڵینـــەوەی ڕۆژنامەوانی و ئەکادیمـــی لەســـەر ئەنجامبدرێـــت ئەو پرسیارەیە، ئایا زەمینەی پاراستنی شکۆی میدیای ســـەنگین چۆن دروستدەکرێت؟ پۆلیتزر ناســـنامەی میدیای سەنگین بە چەند خاڵێك دیاریکردووە:


١- دەبێت میدیا ڕاستگۆ بێت لە گەیاندنی زانیاری.

٢- دەبێـــت میدیا بەرژەوەندی گشـــتی هاوڵاتیان و وڵات لەبەرچاو بگرێت.

٣- دەبێـــت ئەوانەی لـــە میدیا کاردەکەن خاوەنی ئەقڵێکی زیرەك بوون و ئەو ئەقڵەش بە مەعریفە مەشقی پێ کرابێت.


٤- بوونی ئەم سێ خاڵە لە هەرمیدیایەکدا دەبێتە هۆکاری ئـــەوەی کە میدیایەکی بوێر لەدایـــك بێت ئـــەوەی ئامانجیەتی بەدەســـتیبهێنێت و پارێـــزگاری بە بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی خۆشیەوە بکات.

٥- نەبوونی ئەو سێ خاڵە ڕۆژنامەگەرییەك بەرهەمدەهێنێت کە گومان لەسەر هەموو بەهـــا بەرزەکانی کۆمەڵگەی دروســـت و بەهاکانـــی کۆمەڵگـــە لـــە پێنـــاوی ئاژاوەگێڕی و کاسەلێســـیدا دەخاتە ژێر گومـــان و پرســـیارەوە، ئـــەم ڕاگەیاندنە



ئاست نزمە بە بەردەوامبوونی و بە تێپەربوونـــی کات، کۆمەڵگەیەکی خراپی وەك خۆی بەرهەمدێنێت.

بۆ دووركەوتنەوە لەم مەترســـیە ترسناکە، پۆلیتزر لەســـاڵی ١٨٩٢هەموو سامانی خۆی پێشکەشـــی زانکـــۆی کۆلۆمبیا کرد بـــۆ ئـــەوەی یەکەمیـــن کۆلێژی ڕۆژنامەگـــەری لە ئەمریـــکا بکرێتەوە، بەڵام ئەو کاتی ئەمریکا وەك ئێســـتای ئێمە لە کوردستان چۆن سەیری ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری دەکەین ئەوانیش بەوجۆرە سەیری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕاگەیاندنیان دەکرد، بۆیـــە گاڵتەیان بە پێشنیارەکەی پۆلیتزر دەکرد و دەیانپرسی ئایا ڕۆژنامەگـــەری چیە هەتا کۆلێژی بۆ بکرێتەوە، ئەمەش وایکرد ئەنجوومەنی زانکۆ پێشنیارەکەی پۆلیتزر ڕەتبکەنەوە،هەر بۆیە جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٠٤ وتارە بەناوبانگەکەی بە ناونیشـــانی ( کۆلێژی ڕۆژنامەگەری ) بڵاوکـــردەوە، کە تیایدا



پێو یستی
فێر بو و نی

هونەری رۆژنامەگەری ئاماژە پێکردبوو، لەسالی ١٩١٠ زانکۆی کۆلۆمبیا پارەکەی پۆلیتزری بۆ کردنەوەی کۆلیژی رۆژنامەگەری قبولکرد، بەڵام پێش ئەوەی کۆلێژەکە بکرێتەوە پۆلیتزر کۆچی دوایی کرد.بەڵام ئەم هەنگاوەی پۆلیتزر بە جۆرێك راگەیاندنی لە ئەمریکا خستەوە سەر سکەی خۆی کە میدیای سەنگین بووە نەریتی کۆماری ئازادی ئەمریکا، ئەو میدیایەی جیفرسۆن ئومێدی بۆ دەخواست و دەیگوت (( ئەگەر بکەومە بەرامبەر ئەو هەڵبژاردنەی لە نێوان پەرلەمانێکی ئازاد و میدیایەکی ئازاددا یەکێکیان هەڵبژێرم، من میدیا ئازادەکە هەڵدەبژێرم)) سەنگ و شکۆی میدیای ئازادی سەنگین لە پەرلەمانێکی ئازاد زۆر کاریگەرترە، بۆیە کاتێك میدیا دووچاری گرفت و کەموکورتی دەبێتەوە هەموو پرۆسە سیاسیەکە دووچاری هەمان گرفت دەبێتەوە.

ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئێستای باری راگەیاندنی کوردستان سوودی لێوەربگرین، ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکان بۆ رێکخستنەوەی کاری راگەیاندن لە هەموو لایەکەوە بخرێتە روو، ئێمە نالێین پێویستە ئێمەش کۆلێژی راگەیاندن بکەینەوە و بە کادری ئەکادیمی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، نەخێر لەبەر ئەوەی لە کوردستان چەندین کۆلێژ و پەیمانگای راگەیاندن هەیە و ئێستا لە کێشەیەکدا دەژین کە خەریکە کۆدەنگی هەموو لایەکی لەسەر دروستدەبێت بۆ ئەوەی هەرچۆنیك بێت رێگە چارەیەرکی بۆ بدۆزرێتەوە و بۆ ئەوەی ئەو تەنگژەیەی ئەمرۆ میدیای کوردستانی تێکەوتووە تێپەرێنین، ئەم تەنگژەیە بە بۆچوونی ئەم راپۆرتە پێویستی بەم هەنگاوانە هەیە:

١- زۆر گرنگە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە بوێرانە بێتە ناو کێشەکە و ئیعتراف بەو کەموکورتی و کەلێنانە بکات کە دوای جێبەجێکردنی یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان دەرکەتوون.

٢- گرنگە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەکوردستان ئامادەبکات و بیخاتە بەردەستی یاساناس و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی پرۆژەی هەموارکردنی یاساکە تاوتو بکەن.

٣- گرنگە دوای گەڵاڵە بوونی ئەم پرۆژەیە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان راستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەت دیالۆگ و کۆبوونەوەی فەرمی دەست پێبکات بۆ ئەوەی پرۆژەی هەموارکردنەکە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکرێت.

٤- گرنگە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان چاو بە پێناسەی رۆژنامەنووسی کارا و رۆژنامەنووسی هاوبەشدا بخشێنێتەوە و مەرجی ئەوە دابنێت نابێت ئەو کەسەی کاری رۆژنامەنووسی دەکات ئاستی خوێندنی لە کۆلێژ یان پەیمانگا کەمتر بێت، ئەم مەرجە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەنگ و شکۆ بۆ کۆلێژو پەیمانگاکانی راگەیاندن لە کوردستان بگەرێتەوە، ئاخر چۆن دەبێت کەسێك ٤ سال هونەری رۆژنامەگەری بخوێنێت هەمان پێناسەی ئەو رۆژنامەنووسەی پێبدرێت کە قۆناخی بنەرەتی تەواو نەکردووە، باشە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان چیمان پێدەڵێن لە کاتێکداهەڵگری ناسنامەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان قۆناخی بنەرەتی خوێندنی تێنەپەراندبێت.


٥- زۆر گرنگە ئەو گۆڤارەی ئێستا سەندیکای رۆژنامەنووسان دەریدەکات،ببێتە گۆڤارێکی مانگانە و لەبری ئەوەی تەنها بایەخ بە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بدات،بایەخ بە زانستی هونەری رۆژنامەگەری بدات و بەدوای ئەو هەواڵ و بابەتانە بکەوێت، کە بنەماکانی کاری رۆژنامەگەری پرۆ فیشناڵیان پێشیلکردووە، بۆ خەڵکی بڵاو بکەنەوە.

٦- دوای ئەم هەنگاوانە و بۆ گێرانەوەی بەهای کەسێتی رۆژنامەنووس هەقە سەندیکا کار بۆ گێرانەوەی خەڵاتی رێزلێنان لە رۆژنامەنووسان و ئاسانکاری بۆ رۆژنامەنووس لە کاتی نەخۆشی و تەنگانەدا بکات،ئێمە دەزانین ئێستا ئەم کارە بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان قورسە لەبەر ئەوەی ژمارەی رۆژنامەنووسانی پرۆ فیشنال لە تۆماری سەندیکادا لە رادەبەدەرە،بەڵام ئەگەر ئەم ژمارەیە لەبێژنگ بدرێت ئەو کاتە دەتوانرێت باسی ئیمتیازاتیش بۆ رۆژنامەنووس بکرێت.

ماوەتەوە ئەوە بڵێن، کاتێك ئەم هەنگاوانە هەموویان رووبەرووی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەینەوە، لەو راستیە بێ ئاگانین کە ئەم کێشەیە پەیوەندی بە زۆر لایەنی دیکەوە هەیە وەك وەزەراتی رۆشنبیری، حکومەت، پەرلەمان، ناوەندەکانی بریار لە کوردستان، حزبە سیاسیەکان، بەڵام هەنگاوی یەکەم دەبێت لەسەندیکای رۆژنامەنووسانەوە دەستپێبکات و هەر دەبێت سەندیکای رۆژنامەنووسانیش داینەمۆی بەگەرخستنی هەموو هەوڵەکانی دیکە بێت بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتیانە چارەسەر بکرێن و سەنگ و شکۆ بۆ کاری رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسانیش بگەرێتەوە.

**گرنگە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان چاو بە پێناسەی رۆژنامەنووسی کارا و رۆژنامەنووسی هاوبەشدا بخشێنێتەوە**

**فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان چیمان پێدەڵێن لە کاتێکداهەڵگری ناسنامەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان قۆناخی بنەرەتی خوێندنی تێنەپەراندبێت**



## کاوه مەحمود وەزیری رۆشنبیری و وتەبێژی فەرمی حکومەت لە دیمانەیەکی تایبەت بۆ گوڵان:

# یاسای کاری رۆژنامەگەری کوردستان کۆمەڵێک کەلێن و کەموکورتی تێدایە پێویستە پڕیانبکەینەوە

هادی مەحمود ناوێکە کە سیاسەت ئەو ناوەی بە باڵایدا بڕیوە،هادی ئەگەرچی هێمنەو خۆی لە شت هەڵناقورتێنێ،بەڵام کەسێکی رۆشنبیرەو لە خوێندنەوە نەکەوتووە، بڕوای بە فرەیی لە ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕ هەیە، ئەوچەند ساڵەی لە ئەورووپاش ژیاوە،دونیابینینی هادی کراوەتر کردووە،جارانیش بڕوای بە دیالۆگ هەبوو،کەسایەتییەکی خۆویست نەبووەو ئێستاش هەروایە، رەنگە بە درێژایی ئەو (١٨)ساڵەی حکومەتی هەرێم تاکە وەزیرێك بێت کە دوای ئەوەی لە فەرمانگەی وەزارەت دەگەڕێتەوە ماڵ، ئیتر ئۆتومبێلی حکومەت لێناخورێ،بەڵکو بە ئۆتومبیلە چکۆڵەکەی خۆی هاتووچۆدەکات و نەشوفێر نە هیچ پاسەوانێکیشی لەگەڵدا نابێت،دیارە بڕوای پێ نییە،ئەمە رێك پێچەوانەی بەرپرسەکانی ئەمڕۆیە، مووچەی وەزیرییەکەشی بەشێکی بۆ حزب دەگەڕێنێتەوەو هەندێکیشی بۆ ئەنفال و ئەو قوتابیانەی بە ئومێدی خوێندنن لە دەرەوەو هەروەها ئەو منداڵە چاوگەشانەی بێ سەرپەرشتن،واتە کۆی ئەو مووچەی بۆخۆی دەمینێتەوە تەنهاسەدا پەنجای مووچەیەکە.

ئێمە وەکوو گۆڤاری گوڵان پێش ئەوەی کاوە مەحمود پۆستی وەزیری رۆشنبیری و وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، وەك هادی مەحمود ئەندامی (م.س)حزبی شیوعی چەندین جار لەسەر پرسە رۆشنبیریی و سیاسیە هەستیارەکان دیمانەی تایبەتیمان لەگەڵدا کردووە، بەڵام وەك کاوە مەحمودی وەزیرو وتەبێژ، ئەمە یەکەمجارە دیمانەی لەگەڵدەکەین، بەڵام ئەم سادەییەی جەنابی وەزیر ئەو گۆڕانکاریانە لە چاوە تیژەکانی رۆژنامەنووس ناشارێتەوە کە ئێمە لەم دیدارە هەستمان پێکرد، بۆیە ئێمە هەر بەحسابی جاران پرسیار و موناقەشەی خۆمان دەکرد و هاوڕێ کاوەش بەزمانی ئێستا کە وەزیر و وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەڵامی دەدایەوە، بۆیە ئەمجارەیان ئێمە پرسیاری ورووژێنەرترمان ئاراستە دەکرد بەڵام ئەو یان بە پێکەنینێکی ناسك یان زۆر کۆنزێرڤاتیڤانە وشەکانی رێکدەخست و وەڵامی دەدایەوە، بەهەرحاڵ ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان سوپاسی ئەو دەستپێشخەریەی دەکەین کە بەرێزی لوتفی کرد خۆی هات بۆ گوڵان،کە ئەمەش بۆ ئەو تەوازوع و سادەییەی خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەش لە خوێنەرانی خۆمان ناشارینەوە و وەك ئەوەی ئێمە بیستوومانە چوونی ئێمە بۆ وەزارەت بۆ ئەوەی ئەم دیدارە لەگەڵ بەرێزی ئەنجامبدەین، چەند کاتژمێرێکی لە دەوامی فەرمی جەنابی وەزیر دەبرد، بۆیە ئەو ئەودیوی لە ئێمە گرتەوە و دوای دەوامی فەرمی سەردانی کردین، ئێمە لە کاتێکدا پیرۆزبایی لە بەرێز هادی مەحمود دەکەین بۆ ئەم پۆستە تازەیەی لە هەمانکاتدا هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و با بزانین لەگەڵ هاوڕێ کاوە چیمان باسکرد؟

**بواری راگەیاندن لە کوردستان لە بارودۆخێکدایە پێویستی بەرێکخستنەوە هەیە**

**کاتێک باسی دەوڵەتی یاسا دەکەین، دەبێت هەنگاوەکانیشمان لە چوارچێوەی شەرعیەتی یاسایدا بێت،بۆیە پێویستە ئێمەش یاساییەکمان هەبێت بۆ رێکخستنەوەی بواری راگەیاندن. ئەوجا چ بواری گشتی یان ئەهلی یان حزبی یان حکومی**

*** سەرەتا دەمانەوێت لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە ئەمرۆ دیاردەیەکی بەربڵاوی فراوانبوونی میدیایە کە لە کوردستان هەستی پێدەکرێت لەسەر ئاستی نووسراو بینراو و بیستراو،ئێمە جارێ پرسیاری ئەوەت لێناکەین کە بەرێزت وەك وەزیری رۆشنبیری بەرنامەت چیە بۆ ئەم دیاردەیە، بەڵکو دەپرسین ئایا خۆت وەك رۆشنبیرێك چۆن سەیری ئەم دیاردەیە دەکەیت؟**

- ئەگەر ئێمە لەبوارێکی زانستیەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، ئەوا دەبێت رۆژنامەگەری بە خۆی تایبەتمەندیەکانیەوە لە بوارەکانی رۆشنبیری جیابکرێتەوە،بەڵام زۆر لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسە هەستدەکەین جۆرە تێکەڵبوونێکی تێدایە،لەبەر ئەوەی بواری رۆشنبیری تایبەتمەندی خۆی هەیە و بواری راگەیاندنیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، جالەبەر ئەوەی وەزراەتی ئێمە وەزارەتی رۆشنبیرییە کەواتە کاروباری وەزارەتی ئێمە کاروباری رۆشنبیریە، بەڵام لەبەرئەوەی وەزارەتی راگەیاندنمان نیە، مانای وانیە ئێمە پەیوەندیمان بە راگەیاندنەوە نیە،نەخێر ئێمە چەندین کەناڵی راگەیاندنمان هەیە،ئەوجا چ کەناڵە راگەیاندنەکان حزبی بن یان ئەهلی بن، یان هەمانن کە بە ئەهلی ناسراون و لەژێرەوە حزبە سیاسیەکان خەرجیەکانیان بۆ دابیندەکەن،لە هەمانکاتدا حکومەتیش پێویستی بە جۆرێك لە راگەیاندن هەیە،بەڵام مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو راگەیاندنەی حکومەت بەکاریدەهێنێت بەچ شێوازێك بێت،ئایا بەو شێوازە بێت کە راگەیاندنی حکومەت تەعبیر لەبۆچوونی ئەو لایەنە بکات کە لە حکومەتدا زۆرینەی هەیە،یان راگەیاندنێك بێت جۆرە سەربەخۆییەکی هەبێت،هەربۆنموونە وەك ئەو راگەیاندنە حکومیانەی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا بوونیان هەیە،کەپێیدەگوترێت راگەیاندنی گشتی، مەرج نیە ئەم راگەیاندنە گشتییە یەکسان بێت بەراگەیاندنی حکومی،بەو مانایەی هەر حکومەتێك بێت ئەو راگەیاندنە هی ئەو حکومەتە بێت و کە ئەو رۆشت بگۆڕدرێت،بۆیە ئەم بوارە فراوانەی کۆمەڵێك خەڵك کاری تێدادەکات، ئێمە ئەگەر رەخنەمان لەسەری هەبێت یا بمانەوێت ریکیبخەینەوە، ئەوا تەنها یەك بوارمان هەیە کە بتوانین پەنای بۆ بەرین بۆ رێکبخستنەوەی وئەو بوارەش یاسای کاری رۆژنامەنوسیە و ئەم یاسایەش راستەوخۆ پەیوەندی بە بواری راگەیاندنەوە هەیە،لەلایەکی دیکەوە هەندێك ئەرکی دیکەی وەزارەتی رۆشنبیری هەیە ئەو ئەرکانەش پەیوەندیان بە رێکخستنەوەی کاری راگەیاندنەوە هەیە،بۆیە لەم حاڵەتەدا کە یاسایەك نیە بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن یان وەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە پێیدەڵێن (دەستەی راگەیاندنی سەربەخۆ — هیئە الاعلام المستقل) بوونی ئەم دەستەیە وەك بیرۆکە بیرۆکەیەکی باشە بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ ەوە هەتا ئێستا ئەم بیرۆکەیە سەقامگیر نەبووە.

لێرەوە ئەگەر سەیری بواری راگەیاندن لە کوردستان بکەین، من پێموایە لە بارودۆخێکدایە پێویستی بەرێکخستنەوە هەیە،ئەو رێکخستنەوەیەش لەوانەیە بەشێوازیك بکرێت نەرمی نواندنی تیدابێت، من لەگەڵ توندوتیژی نیم بۆ رێکخستنەوەی ئەو بوارە، هەروەها لەگەڵ ئەوەش نیم بگەڕێینەوە بۆ کاری راگەیاندی حکومی جاران کە حکومەت کۆنترۆڵی هەموو راگەیاندنێکی کردبوو. من لەگەڵ ئەوشێوازی راگەیاندنە حکومیەم کە جۆرە سەربەرخۆییەکی هەبێت،ئەو سەربەخۆییە لەسەر بنەمای گەیاندنی زانیاری بێت بۆ خەڵك.دەبێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، بێگومان ئەم ئەرکەش ئاسان نیە لایەنێکی پێویستی بە یاسادانان هەیە،بەڵام لایەنێکی بۆ ئەو ئەقڵیەتە کولتووریە هەیە کە باو بێت لە کارکردنماندا بۆ ئەوەی ئەو ئاراستەیە جێگیر بێت.

*** ئێمە کە باسی راگەیاندن و ئاستی میدیا لە کوردستان دەکەین راستەوخۆ باسی ئەزموونی ئەوروپای رۆژئاوا دەکەین، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە ئەم بەراوردە بکەین و ئاستی ئێستای راگەیاندنی خۆمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بەراورد بکەین کە پێیان دەگوترێت دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، دەبینین لەم لایەنەشەوە لە دوای زۆربەیانەوەین ئەگەر نەشڵێین هەموویان،هەر بۆنموونە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٣-٤ ملیۆن کەسە کەچی زیاتر لە ١٠٠٠ کەناڵی میدیایی نووسراو/ بینراو/ بیستراومان هەیە، بەپێی تۆماری سەندیکای رۆژنامەنووسان نزیکەی ٤٠٠٠ رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵمان هەیە،پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەندیکای رۆژنامەنووسان هەر بۆ ئابوونەی ئەندام ژمارەی خۆی زیاد دەکات؟ وەزارەتی رۆشنبیری بۆ وەرگرتنی رەسمی مۆڵەت، مۆڵەت بەم هەموو کەناڵە دەدات؟**

- یەکەم شت کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە بەپێی یاسای کاری رۆژنامەگەری هەر بڵاوکراوەیەك کە دەربچێت هیچ پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن نیە،بەڵکو تەنها لە سەندیکای رۆژنامەنووسان تۆماری دەکات، بێگومان جیاوازی هەیە لە نێوان مۆڵەت وەرگرتن و تۆمارکردن.

*** باشە ئەمە دروستە هەر چەند کەسێك کۆببنەوە و گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك یان رادیۆیەك یان تەلەفزیۆنێك دابنێت؟**

- یاسای کاری رۆژنامەگەری بەوجۆرەیە کە پێویست ناکات مۆڵەت وەربگیرێت، لێرەدا گرفتەکە ئەوەنیە کە مۆڵەت هەبێ یان نە، لەبەر ئەوەی بەشێك لە مافی خەڵك ئەوەیە کەمافی ئازادی رادەربڕین و بڵاوکردنەوەی هەبێت،دەبێت ئەو مافە رێزی لێبگرین،بەڵام یەکەم: رێکخستنی ئەو مافە گرنگە،دووەم: مامەڵەکردن لەگەڵ خەرجی گشتی،ئەمەش زۆر گرنگە.واتە ئایا بودجەی حکومەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخانبکرێت، ئەمەیان پەیوەندی بە جۆری سیاسەتی حکومەتەکەوە هەیە،ئەمە بە چ مانایەك؟ بێگومان بەو مانایەی خەڵك ئازادە لە دەربڕینی بیروڕای خۆی، ئازادە لەوەی بڵاوکراوە دەربکات، ئایا فەرزە لەسەر

حکومەت بودجەی بۆ تەرخان بکات و پشتگیری لێبکات؟ لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە دەردەچن سەرچاوەیەکی خەرجی و پشتگیریەکی هەیە سەرچاوەیەکی هەیە،ئەگەر چەند کەسێك خۆیان لەسەر حسابی خۆیان گۆڤارێك یان بڵاوکراوەیەك دەردەکەن، ئەوە گرفتێك نیە، بەڵام خەرجیەك خەرجی گشتی بێت کە خەرجی خەڵکە،ئەوا حکومەت مەجبور نیە بۆ پشتگیری ئەو ژمارە زۆرە سەرفی بکات.ئەو ژمارە زۆرەی کە بەشی زۆری جۆری نیە،بۆیە ئەگەر سیاسەتێکمان هەبێت بەم ئاقارە خۆی لە خۆیدا کەمدەبێتەوە، هەر بۆنموونە سەنتەری رۆشنبیری هەیە، باشە مەرجە سەنتەری رۆشنبیری گۆڤار دەربکات؟ ئایا ئەرکی هەر سەنتەرێکی رۆشنبیریە گۆڤارێکی هەبێت،ئەو سەنتەرە رۆشنبیریانە پشتگیری لە حکومەتەوە وەردەگرن،ئەوکاتە لە داراییەوە بە سەنتەرەکە رادەگەیەنرێت کە ئێمە وەك حکومەت پشتگیریت دەکەین بۆ ئەوەی چالاکی رۆشنبیری بکەیت بەڵام پشتگیریت ناکەین گۆڤار یان رۆژنامە دەربکەیت،لەم حاڵەتەدا حکومەت مافی خۆیەتی بەو جۆرە سیاسەتی خۆی ئاراستە بکات کە جۆرە هاوسەنگیەك هەبێت،بۆیە ئەم حاڵەتانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردترو قووڵتر هەیە، من لێردا باسی بریاری سەرپێیی ناکەم،ئێستا ئێمە بیر لەوەدەکەینەوە سەرلەنوێ کاری سەنتەرەکان ریکبخەینەوە،بێگومان ئەم کارە لەسەر مەزندەی پێشوەخت ناکەین بەڵکو لیژنەمان داناوە کە لەسەر بنەمای واقیعەکە چۆنە دیراسەت بکرێت،لەسەر بنەمای ئەم دیراسەتە کەموکورتیەکان بدۆزرێنەوە و هەوڵبدرێت چارەسەر بکرێن. بۆ بواری رێخستنی کاری راگەیاندنیش دەبێت بەهەمان شێوە بیری لێبکرێتەوە.

*** ئەوەی ئێمە باسمانکرد باسی رێکخستنەوەی راگەیاندن بوو بەگشتی بەڵام بەرێزت باسی سەنتەرەکانت کرد، ئایا ئەمە دوو مەسەلەی جیاواز نیە؟**

- من نموونەیەکم لەیەکێك لە بوارەکان هێنایەوە،بواری راگەیاندنیش دیسان رێکخستنەوەیەکی دەوێت،بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن دوو حاڵەت هەیە:

یەکەمیان: وەك حکومەت رێنماییت هەبێت ئینجا بریارت هەبێت.

دووەمیان: دەگاتە ئاستی ئەوەی پەنا بۆ دارشتنی یاسایەك ببەین بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی پێ رێکبخەینەوە.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە کاتێك باسی دەوڵەتی یاسا دەکەین، دەبێت هەنگاوەکانیشمان لە چوارچێوەی شەرعیەتی یاسایدا بێت،بۆیە پێویستە ئێمەش یاسایەکمان هەبێت بۆ رێکخستنەوەی بواری راگەیاندن.ئەوجا چ بواری گشتی یان ئەهلی یان حزبی یان حکومی.

*** ئایا بێجگە لە حکومەت کەسی دیکە دەتوانێت ئەو کارە بکات؟**

- بەڵی ئەو رێکخستنەوەیە حکومەت دەگرێتەوە و پەرلەمان دەگرێتەوە و ئێمەش وەك وەزارەتی رۆشنبیری دەگرێتەوە.ئەمەی باسیدەکەین بیری لێکراوەتەوەو لەوانەشە پرۆژەش هەبێت، بەڵام ئێمە نامانەوێت پرۆژەی جیاواز بێتە ئاراوە،ئێمە دەمانەوێت کاربکەین بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی یەکگرتوو هەبێت و تواناکانمان پەرشوبڵاو نەبێت، ئەمرۆ لە کوردستاندا کۆمەڵێك توانای جیاوازمان هەیە، پرسیار ئەوەیە چۆن ئەو کۆمەڵە توانا جیاوازە کۆبکەینەوە وبیکەینە یاسایەکی رێکوپێك و لە هەمانکاتدا سوود لە ئەزموونی جیهانیش وەربگرین،ئەمەش نەك بەمانای فۆتۆکۆپیکردنی،بەڵکو بەمانای رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی خۆشمان.

*** ئەم باسە دەمانگێرێتەوە بۆ پرسیارێکی زۆر سادە کە لە حکومەتی بکەین، ئەویش ئەوەیە ئایا بە تێروانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژنامەگەری پیشەیە؟ ئەگەر پیشەیە ئایا مەرج و تایبەتمەندیەکانی ئەو پیشەیە چین؟**

- ئەو حاڵەتەی جەنابت باسیدەکەیت هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بەو جۆرە باسی لێوەبکەین کە بڵێین پیشەیە، رۆژنامەگەری دوولایەنی تێدایە،یەکەمیان وەك هەموو لایەك دەیزانین پیشەیە، بەڵام لایەنێکی هونەریشی تێدایە،واتە هونەرە و پیشەشە.

*** بەڵام سیاسەتیش هونەر و پیشەیە؟**

- بەڵێ، بەڵام لەم حاڵەتە پێویستە پێناسەی رۆژنامەگەری باسبکەین،ئەویش ئەوەیە رۆژنامەنووس کێ یە؟ بێگومان ئەو کەسە رۆژنامەنووسە کە یاسای کاری رۆژنامەگەری دیاریکردووە.

*** ئەو یاسایە چۆن دیاریکردووە ئایا ئەو کەسەیە کە مانگانە ئابوونە بەسەندیکای رۆژنامەنووسان بدات؟ هەر بۆنموونە دووکەس دێن دەڵێن ئێمە رۆژنامەیەك دەردەکەین، یەکەمیان سەرنووسەر و دووەمیان بەرێوەبەری نووسین، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا بەپێی ئەو یاسایە سیفەت و تایبەتمەندی ئەو کەسە چیە کە دەبێتە رۆژنامەنووس و سەرنووسەری رۆژنامەیەك؟**

- ئەم تێبینییەی ئێوە تێبینییەکی گرنگە، بەڵام ئەمەش و چەند تێبینیەکی دیکەش لە کاتی پراکتیزەکردنی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەسەر یاساکە کۆبۆتەوە،لەم حاڵەتەدا گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان یاسای کاری رۆژنامەگەری و یاسایەك بۆ رێکخستنی باری راگەیاندن.

*** بەڵام ئێستا هیچیان نیە؟**

- یاسای کاری رۆژنامەگەری هەیە، بەڵام یاسای رێکخستنی بواری راگەیاندنمان نیە،ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە ئێمە تێبینیمان لەسەر یاسای کاری رۆژنامەگەری هەبێت یان یاساکە کەلێن و کەموکورتی تێدابێت،بەڵام یاسایەکمان هەیە بەناوی یاسای کاری رۆژنامەگەری،ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد لایەنێکە، بەڵام گرفتی گەورە لە یاساکە ئەوەیە کاتێك رۆژنامەنووس پێشێلی کاری رۆژنامەنووسی دەکات،هەر بۆنموونە ئەو حاڵەتەی پێی دەگوترێت جنێودان و ناوزراندن، بۆ ئەم حاڵەتە لەیاسای سزادانی عێراقیدا ئەوە هەیە ئەگەر کەسێك ناو ناتۆرە ناوزراندن و شەرە جنێو بکات، دەبێت سزا بدرێت

بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن دوو حاڵەت هەیە: یەکەمیان: وەک حکومەت رێنماییت هەبێت ئینجا بریارت هەبێت. دووەمیان: دەگاتە ئاستی ئەوەی پەنا بۆ دارشتنی یاسایەک ببەین بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی پێ رێکبخەینەوە

ئێستا ئێمە بیر لەوەدەکەینەوە سەرلەنوێ کاری سەنتەرەکان ریکبخەینەوە

ئەم سزایە دەگاتە ئاستی بەندکردنیش، بەڵام لەیاسای کاری رۆژنامەنووسیدا مەسەلەی بەندکردنەکەی تێدا نیە،ئەمەش واتە لەم حاڵەتەدا پرانسیپی یەکسانی هەموان لەبەردەم یاسا نیە و رۆژنامەنووسەکە جیاکراوەتەوە،ئەمەش واتە ئەگەر هاوڵاتییەك رۆژنامەنووس نەبێت و هەڵبستێت بە تانەوتەشەرو ناوزراندن، ئەوە سزاکەی دەگاتە ئاستی بەند کردنیش، بەڵام کە رۆژنامەنووس بوو بەندکردنی تیانیە تەنها سزای مادی دەدات.

*** با واز لە یاسا بێنین، خۆ لە زۆر شوێن بەتایبەتی ئەمریکا یاسایەك نیە بۆ رێکخستنی کاری راگەیاندن، بەڵکو کۆدی ئەخلاقی رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ هەیە، ئەم کۆدە ئەخلاقیە راگەیاندنی رێکخستووە،پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر مەرج و تایبەتمەندی رۆژنامەنووس دیاری نەکرابێت و نەزانرێت رۆژنامەنووس کێ یە، چۆن داوای لێبکەین بە کۆدی ئەخلاقی رۆژنامەگەریەوە پابەند بێت؟**

- بەڵێ، هەر بۆنموونە پزیشك دەبێت دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بێت،واتە ماوەی ٦ ساڵ بخوێنێ تا دەبێتە پزیشك.ئێمە بۆ رۆژنامەنووس ئەوەمان دیارینەکردووە ئەوەی رۆژنامەنووس بێت یان دەبێت دەرچووی پەیمانگا یان کۆلێژی راگەیاندن بێت.

*** واتە بەڕای جەنابت کەسێك بەس بزانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت ئەوا رۆژنامەنووسە؟ئێستا لە کوردستان دەیان رۆژنامەنووس هەیە سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازیشە و دەرچووی ٣ی ناوەندیش نیە،تەمەنی نێو کاری رۆژنامەنووسیشی زۆر کەمە ئەمەش یەك ودوان نین، ئایا ئەمە مانای ئەوە نیە تەنها بزانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت و ئابوونە بدات سەندیکای رۆژنامەنووسان دەیکاتە رۆژنامەنووسی کارا و پرۆفیشناڵ؟**

- ئەوە راستە، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەمە پێویستی بە لە بێژنگدان و پێداچوونەوە هەیە،لەم بوارەدا کۆمەڵێك کەلێن هەیە و هەمووشیان پەیوەندی بەیەکتریەوە هەیە،لەبەر ئەوەی ئەگەر رۆژنامەنووس مەرج و تایبەتمەندیەکانی دەستنیشان نەکرێت، ئەوا مەسەلەی ناو ناتۆرە و ناوزراندنیشی لا ئاسان دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کەسە ئەو ئەهلیەتەی نیە کە بە پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەگەرییەوە پابەند بێت، ئێستا ئەو پەیماننامەیە هەیە بەڵام چەند کەس بەو پەیماننامەیە ئاشنایە،ئەمانە هەر هەمووی کۆمەڵێك کەلێنن، ئینجا جگە لەوە وەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد نزیکەی ١٠٠٠ رۆژنامەو گۆڤار لە هەرێمی کوردستان بڵاو دەبێتەوە، من پرسیاری ئەوە دەکەم چەند لەو ژمارەیە لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە تۆمار کراوە؟

*** هەمووی**

- نەخێر تەنها ٢٤٠-٢٤٤- دانەیان لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە تۆمار کراون.لێرەدا پێویستە تۆمارکردن و سیفەت و تایبەتمەندی رۆژنامەنووس جیابکەینەوە،تۆمارکردن رێوشوێنێکە دەبێت بکرێت بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەیە یان ئەو گۆڤارە بناسرێت،هەر بۆنموونە شتێکی باشە ئازادی رۆژنامەگەری ئەوەندە فراوان بێت یان ئەوەندە رەهابێت،شێوەیەکی مەدەنی وەربگرێت کە خەڵك ئازاد بێت لە دەرکردنی رۆژنامە یان گۆڤار،بەڵام مەرجەو پێویستە سیفەتی رۆژنامەگەری تیدابێت،ئەمەش واتە با ئەو کەسەی کە داوا دەکات رۆژنامە یان گۆڤار دەربکات با مەرج و سیفەتی رۆژنامەنووسی تێدابێت، ئەوکاتە با بێ مۆڵەت وەرگرتن گۆڤار یان رۆژنامە دەربکات و تەنها تۆماری بکات،بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە مەرج وسیفەتی رۆژنامەنووس لەو کەسەدا نەبێت و گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك دەربکات.ئەو مەرج وسیفەتانەش یاسایین بۆیە ئەگەر ئەو مەرجانەی تیدانەبوو رۆژنامە یان گۆڤاری دەرکرد ئەوا رووبەرووی بەرپرسیاریەتی یاسایی دەبێتەوە.کە ئەمە هەبوو گرفتەکانی دیکەش وەك دروستکردنی ناو وناتۆرە و ناوزراندنیش کەمدەبێتەوە.

*** ئەو پرسیارەی کە لای زۆربەی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسان هەیە ئەو پرسیارەیە ئایا وەزارەتی رۆشنبیری بەرنامەیەکی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بارودۆخە، خۆ ئەگەر بەرنامەی نەبێت چەند ساڵێکی دیکە ئەم دیاردەیە دەبێتە کارەسات؟**

- ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسادایە،ئەمە بە چ مانایەك؟ بەو مانایەی یاسای رۆژنامەگەری لە پەرلەمان بە چ شێوەیەك پەسەندکرابێت، ئێمە ئەو یاسایە جێبەجێدەکەین،بۆ نموونە ئەگەر یاساکە نەڵێت دەبێت وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتی پێبدات، ئەوا من ناتوانم بە رۆژنامە یان گۆڤارێك بڵێم دەبێت مۆڵەت لەمن وەربگری،بەڵام ئەگەر یاساکە بە پێچەوانەوە گوتی دەبێت مۆڵەت وەزارەتی رۆشنبیری بیدات، ئەو کاتە مەسەلەکە جۆرێکی دیکە دەبێت.بەڵام مافی وەزارەتی رۆشنبیری و مافی حکومەتیشە کە هەستیکرد کەلێن و کەموکورتی لە یاساکەدا هەیە پێشنیار بکات بۆ هەمووارکردنەوەی یاساکە.

*** ئایا ئێوە وەك وەزارەتی رۆشنبیری ئەو پێشنیارەتان کردووە بۆ ئەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری هەمواربکرێتەوە؟**

- ئەو پێشنیارە بۆ هەمووارکردنی ئەو یاسایە نەك هەر ئێمە وەك وەزارەتی رۆشنبیری بەڵکو کۆمەڵێك لایەن بیری لێدەکەنەوە و لە قۆناخی دیراسەت و لێکۆڵینەوەدایە،لەم بوارەشدا چەند لایەنێك ئەو بەرپرسیاریەتە هەڵدەگرن نەك تەنها وەزارەتی رۆشنبیری، هەربۆ نموونە سەندیکای رۆژنامەنووسانیش لایەنێکە لەم مەسەلەیەدا، بۆیە ئێمە وەك وەزارەت لەگەڵ هەموویاندا هەماهەنگی دەکەین.


*** بەڵام پێدەچێت سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەو بارودۆخەی ئێستا بەسروشتی بزانن؟**

- من پێموانیە سەندیکای رۆژنامەنووسان بە سروشتی بزانن، ئەوانیش دەیانەوێت پێداچوونەوەیەك بەیاساکەدا بکەن،پێش مانگێك لە کونسوڵخانەی فەرەنسی

**رۆژنامەگەری دوولایەنی تێدایە هونەرە و پیشەشە**

**گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان یاسای کاری رۆژنامەگەری و یاسایەک بۆ رێکخستنی باری راگەیاندن**

لەهەولێــر کۆبوونەوەیەك لەســەر کاری ڕۆژنامەگــەری پرۆفیشــناڵ گرێدرا، ســەندیکای ڕۆژنامەنووســان لــەو کۆبوونەوەیــە ئامادەبوو،لــە ئاکامــی گفتوگــۆکان هەســتمکرد ئەوانیــش هەســتیان بەو کەموکورتیانە کردووە کە لە کاتی جێبەجێکردنی یاســەکە دەرکەوتوون.خاڵێکــی گرنگ کە نابێت لەبەرچاوی نەگرین ئەوەیە ئەو یاسایانەی ئێستا دامانڕشــتوون، ئێمــە لــە قۆناخی گواستنەوەداین، لە قۆناخی گواستنەوەشدا دەبێت سەرهەڵدانی کەموکووڕییەکان لەبەر چاو بگرین، لە قۆناخی گواستنەوە یان قۆناخی بونیادنانی دیموکراتی دەبێــت ئەوەمــان لا ســەیر و موفاجەئــە نەبێت کاتێك یاسایەك جێبەجێدەکەین هەندێك کەموکورتــی لــێ



**گرفتی گەورە ئەوەیە کاتێک ڕۆژنامەنووس پێشێلی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات، هەر بۆنموونە جنێودان و ناوزراندن، بۆ ئەم حاڵەتە لەیاسای سزادانی عێراقیدا ئەوە هەیە ئەگەر کەسێک ناو ناتۆرە ناوزراندن و شەڕە جنێو بکات، دەبێت سزا بدرێت ئەم سزایە دەگاتە ئاستی بەندکردنیش، بەڵام لەیاسای کاری ڕۆژنامەنووسیدا مەسەلەی بەندکردنەکەی تێدا نیە**

دەربکەویت.بەڵام ئەوەی گرنگە کە بە ئەقڵیەتێکی کراوە دان بە کەموکورتیەکان بنێین و هەوڵبدەین لەچوارچیوەی شەرعیەتی یاساییدا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

**لە قۆناخی گواستنەوە یان قۆناخی بونیادنانی دیموکراتی دەبێت ئەوەمان لا سەیر و موفاجەئە نەبێت کاتێک یاسایەک جێبەجێدەکەین هەندێک کەموکورتی لێ دەربکەویت.بەڵام ئەوەی گرنگە کە بە ئەقڵیەتێکی کراوە دان بە کەموکورتیەکان بنێین و هەوڵبدەین لەچوارچیوەی شەرعیەتی یاساییدا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە**

*** بەڵام لە قۆناخی ئینتیقاڵی ئەوە بۆ پرۆسەی بونیادنانەوە راستە کە بڵێین ئیمکانیەتمان هەر ئەوەندەیە، بۆیە بۆ میدیا بەگشتی و میدیای ئازاد بە تایبەتی پێویستە لە قۆناخی ئینتیقاڵی هەنگاوەکان زۆر ئاقڵانە بێت؟**

- ئەمەشیان هەر بیناکردنە، بەڵام بیناکردنی باڵەخانەیەك نیە، هەرچەندە ئەویش بونیادنانی دەوێت،وەك بونیادی تواناکان، راهاتن لەگەڵ کەشوهەوای دیموکراتی،بینای ئەقڵیەتی کارکردنە. هەر بۆنموونە پێشتر سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی ناووناتۆرەو ناوزراندن،ئەم حەماسەی ئێستایان نەبوو، بەڵام ئێستا هەستدەکەین حەماسیان هەیە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکەن.

*** کوا هەڵوێستی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم بوارە، بێجگە لەچەند هەڵوێستێکی لاستیکی کوا حەماسیان بۆ ئەم پرسە گرنگە؟**

- هەڵبەت لەبەر ئەوەی ئێستا ئەمە بۆتە دیاردەیەك و فرەیەکی چەندایەتی هەیە، پێموایە زەمینەیەك پەیدابووە بۆ پێداچوونەوە،ئەم پێداچوونەوەیە هەموومان دەگرێتەوە، لەسەرو هەموویانەوە من پێموایە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەگرێتەوە،هەروەها وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەت و پەرلەمان دەگرێتەوە وبێگومان کۆمەڵگەش دەگرێتەوە،هەروەها هەموو رۆژنامەنووسێك دەگرێتەوە، لە نێو ئەم هەموو لایانەدا ئاساییە رای جیاواز دروستببێت،بەڵام من پێموایە لە چوارچێوەی کارپێکردنی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە شتێکی باش دێتە ئاراوە،ئەو شتە باشەش کە دێتە ئاراوە خۆی لە هەموارکردنی ئەو مادانە دەبینێتەوە کە لەیاسای رۆژنامەگەریدا هەن و پێویستە هەموار بکرێن.پێموایە ئەمەش دەکرێت.

**ناکرێت ئاسایشی گشتی بخرێتە مەترسیەوەو دەسەڵاتێک نەبێت رووبەڕووی بێتەوە**

*** تۆ باسی رای جیاوازت کرد، بەڵام بەداخەوە زۆر جار ئەم جیاوازیانە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی دروستدەبن، نەك رێگە چارەی بەدیل بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی،بۆ نموونە لە چەند رۆژی رابردوو راگەیەنرا کە ئیتر راگەیاندنەکان ناوو ناتۆرەو ناوزڕاندن رابگرن،بەڵام ئێستا جۆرێك لە میدیا لە کوردستان هەن بە ناو میدیای ئازادن و دەسەڵاتێکیش نیە سنووریان بۆ دابنێت و بارودۆخە ئاڵۆزەکە کۆتایی پێبێنێت،کەواتە ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوە بەناو ئەهلیانە هەر کاتێك مەبەستیان بێت دەتوانن ئاڵۆزیەکە دروستبکەنەوە، ئایا چۆن ئەم بارە کۆنترۆڵ دەکرێت؟**

- میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی ئەم بارودۆخە دەبێت قانوون بیکات،لەم حاڵەتەدا دەبێت یاسایەك هەبێت چارەسەری بارودۆخێکی لەو جۆرە چارەسەر بکات. لەبەر ئەوەی دەکرێت لایەنە سیاسیەکان یان راگەیاندنە حزبیەکان پابەندبن بە دیالۆگی ئاقڵانە و پێوەی پابەندبن، بەڵام ئەوەی دەرەوەی حزبەکان دەبێت پەنا ببرێتە بەر یاسا،ناکرێت ئاسایشی گشتی بخرێتە مەترسیەوەو دەسەڵاتێك نەبێت رووبەڕووی بێتەوە،کاتێك ئاسایشی گشتی کۆمەڵگە بکەوێتە مەترسیەوە حکومەت ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات، بەڵام دەبێت ئەم دەستێوەردانە بە یاسا بیکات،ئێستا لە ناو زۆربەی خەڵك ئەو هەستە دروستبووە کە دەبێت هەندێك حاڵەت هەیە لەبواری یاسای کاری رۆژنامەگەری پێداچوونەوەی تیدابکرێتەوە. لەوانەیە کەمایەتیەك هەبێت ئەم باردۆخەی پێ باش بێت.

*** ئەگەر راشکاوانەتر لەسەر ئەم مەسەلەیە موناقەشە بکەین و سەیری ئەزموونی دەوڵەتانی دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکەین، هەستێکی وا دروستدەبێت کە حکومەت و حزبە سیاسیەکان بە ئەنقەست ئەم بارودۆخەیان دروستکردووە بۆ ئەوەی میدیا بێ متمانە بکەن،هەربۆنموونە فلادیمیر پۆتین لە روسیا خۆی سیستمی پارتە سیاسیەکان و میدیای بێ ماناکردووە،هاوڵاتیانی روسیا هیچ متمانەیەکیان بە میدیاکانی خۆیان نیە،بەرای بەرێزت ئایا لە کوردستانیش حکومەت خۆی هۆکارێك نیە بۆ ئەم بارودۆخە؟**

- نەخێر، حکومەت پێویستی بە میدیایەکی راستگۆ هەیە، سیفەتی میدیای راستگۆ ئەو میدیایەیە کە پشت بە ئەقلانیەت و گواستنەوەی زانیاریەکان دەبەستێت، میدیایەك بێت بێلایەن بێت لە گواستنەوەی زانیاری و دارشتنی هەواڵ.

*** ئایا لەمجۆرەی بەرێزت باسیدەکەیت لە کوردستان بوونی هەیە؟**

- من مەبەستم ئەوە نیە بوونی هەیە یان نە، با لەحاڵەتی لەمجۆرە حوکمەکەمان بەڕەش یان سپی نەبێت،ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە لەبەرژەوەندی حکومەت ئەوەیە میدیای راستگۆ بوونی هەبێت،حکومەت کار بۆ ئەمە دەکات، ئەوە لەبەرژەوەندی حکومەت نیە میدیا ئابڕووی بچێت،لە بەرژەوەندی حکومەت نیە خەڵك متمانە بە میدیا نەکات،لەبەر ئەوەی میدیا گەیەنەرە لە نێوان خەڵك وحکومەتدا،ئەو ناوەندی گەیاندنە حکومەتیش بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنی بۆچوونەکان و بەرنامەی خۆی بەخەڵك،خۆ ئەگەر میدیای کوردستانی گەیشتە ئەو حاڵەتەی لای خەڵك بێ متمانە بوو، ئەو بێ متمانەیە بۆ حکومەتیش دروستدەبێت،بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەوەی ئاماژەی پێدەکەن لەبەرژەوەندی حکومەت نیە، بەپێچەوانەوە بەرژەوەندی حکومەت لە بوونی میدیایەکی راستگۆدایە،میدیایەك لەسەر بنەمای پرۆفیشناڵی کاری خۆی بکات،وەکو خۆی هەواڵ و زانیاریەکان بگوازێتەوە،بێگومان بێ لایەنی رێگر نابێت لە بۆچوونی جیاواز،بێ لایەنی رێگر نیە لەسەر شرۆڤەی جیاواز،بێ لایەنی بەو مانایە نیە کە هەموومان وەك یەك بیر بکەینەوە، نەخێر گرنگ ئەوەیە لە گریدانی رەهەندەکانی هەواڵێك شرۆڤە و بیروبۆچوونی جیاوازمان هەبێت،لێکدانەوەی جیاوازمان هەبێت،بەڵام

گرنگە هەواڵەکە نەشێوێنرێت.

*** بەڵام حکومەت لەم مەسەلەیە خەمساردە، هەر بۆنموونە با حکومەت کۆمەڵێك کەناڵی هەبێت بەو ئاستە پرۆفیشناڵیە کاربکات و ئێمەش ناچاربین لاسایی بکەینەوە، بەڵام حکومەت لەو بوارەداهیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە؟**

- لێرەوە دەگەڕێمەوە خاڵی یەکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەمووومان هەستمانکردووە لەبواری کاری راگەیاندن بۆشاییەك هەیە، ئەو بۆشاییەش بە یاسا پڕ دەبێتەوە

*** بەڵام ئەو بۆشاییە ماوەی ١٨ ساڵە هەیە خۆ بۆشایی ئەمڕۆ و دوێنی نیە؟**

- راستە ١٨ ساڵە هەیە، بەڵام ١٨ ساڵ لە چوارچیوەی ئەو گۆرانکاریانەی لە کوردستاندا روویانداوە،تۆ ئەو ١٨ ساڵە بە لکاندن و پێکەوە بەستنەوەی بەو رووداوە سیاسیانەی لە کوردستاندا روویانداوە ئینجا سەیری بکە،١٨ ساڵ تەمەن جیاوازە بۆ وڵاتێکی سەقامگیر،بەڵام ١٨ ساڵ جیاوازە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

*** بەڵام ١٠-١٢ ساڵە لە کوردستانیشدا سەقامگیری هەیە، ئەمەش کارێکی ئەوەندە قورس نیە هەر چاوەڕێ بکەین لەسەر یەك کەڵەکە بێت تا بارودۆخەکە دەتەقێتەوە؟**

- نا نا، دەبێت پێش ئەوەی بتەقێتەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە،بەڵام ئێوەش دەزانن چەند ساڵە بڕیاری یەکبوونی ئیداراتمان داوە،ئێمە دوێنی بودجەی یەکگرتوومان راگەیاندووە(گوڵان رۆژی چوارشەمە ئەم دیمانەیەی کردووە،رۆژێك پێشتر بودجەی یەکگرتوو راگەیاندرابوو- گوڵان)،باشە کە راشمان گەیاندووە ئایا ئاسەواری کۆن بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر نەماوە،بێگومان ماوە، ئەمانە هەمووی پاکتاوکردنی دەوێت،راگەیاندن هەستیارترین بوارە کە رووداوەکانی رابردوو کاریگەری لەسەری هەبووە،لەبەر ئەوەی هەموو ململانێ سیاسییەکان ئینجا پەیوەندی بە ململانێی حزبایەتیەوە هەبێت بە باشی و خراپی حکومڕانیەوە هەبێت، هەمووی بواری دەربڕین و پیشاندانەکانی راگەیاندن بووە،هەتا ئەو ململانێ سیاسیانەی کە ئێستاش هەیە هەمووی لە راگەیاندنەکاندا دەخرێنە روو،بۆیە کاتێك دەڵین ١٨ ساڵ، دەبێت ١٨ ساڵەکە بەو زنجیرە فیلمەی لەبەرچاومانە سەیریبکەین،ئەمەی دەیڵێم پاکانە هێنانەوە نیە، بەڵکو ئەمە بۆشاییەکە دەبێت هەموو کاربکەین بۆ ئەوەی پڕی بکەینەوە.ئەم بۆشاییە لە عێراقیشدا هەیە.

*** بەڵام ئیعلامی حکومەتی عێراقی کە تەمەنی تەنها چەند ساڵێکە لە ئیعلامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزترە، با راشکاوانە بدوێین کەناڵی ( العراقیە) لە کەناڵی نەورۆز زۆر بەهێزترە، گۆڤار و رۆژنامەکانیشیان لەوانەی حکومەتی هەرێم بەهێزترە، تائێستا ئیعلامێك نیە بڵێین ئەمە ئیعلامی حکومەتی هەرێمی کوردستانە؟**

- کەناڵی نەورۆز گرفتێکی هەیە، جارێ پێش هەمووشت ئەو کەناڵە وەزراەتی رۆشنبیری بەرێوەی دەبات و ناتوانین بەتەواوەتی بڵێین راگەیاندنی حکومەتە،مەبەستم ئەوەیە پڕ بەپێستی راگەیاندنی حکومەت ئەو ناوەی لێبنێین،من ناڵێم راگەیاندنی حکومەتی تێدانیە، خۆی ئەمە گرفتەکەیە، لەلایەك مۆرکێك یان توخمێکی راگەیاندنی حکومەتی تێدایە،بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانین بڵێین ئەمە راگەیاندنی حکومەتە،ئەمە کەناڵێکە سەر بەوەزارەتی رۆشنبریە، لە زۆر وڵاتدا تەلەفزیۆنی رۆشنبیری هەیە،گەورەترین تەلەفزیۆنی کولتووری لە ئەورووپا پێموابێت تەلەفزیۆنێکی هاوبەش لە نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا،ئەمەی ئێمە مەبەستم کەناڵی نەورۆزە کەناڵی رۆشنبیری تەواو نیە،هەندێك وڵات کەناڵی پەروەردەیی هەیە، نەورۆز پەروەردەییش نیە،هەروەها دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو ئیمکانیەتەی تەرخانکراوە بۆ کەناڵی ( العراقیە) و ئەوەی تەرخانکراوە بۆ کەناڵی نەورۆز،ناڵێین بۆ نەوۆز هیچ ئیمکانیەتێکی مادی تەرخاننەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئیمکانیەتی تەرخانکراو بۆ العراقیە بەراورد ناکرێت.

*** باشە هەوڵبدەن نەورۆز بکەن بە العراقیە،بۆچی نایکەن؟**

- حکومەت بۆشاییەکی هەیە بۆشایی یاسایی ئەم بوارە دووبارە رێکخستنەوەی دەوێت،ئەوەی هەیە بەمجۆرە کراوە، لەهەمانکاتدا قەناعەتێکی دەوێت لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا،لەگەڵ ئەوەی ئێمە چۆن مامەڵە بکەین لەگەڵ بواری راگەیاندن،ئایا راگەیاندنەکەمان راگەیاندنی حکومی بێت، پەخشی گشتی بێت و حکومەت پشکداری تێدا بکات،ئەمە هەمووی رێکخستنی دەوێت.

*** ئەو دیاردەیەی ئێستا بەرێزیشت ئاماژەت پێکرد، دیاردەیەکە بوونی هەیە،ئایا خۆت وەك وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵتداوە لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن دابنیشی یان پێوەندی بکەین، بۆ ئەوەی بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستان ببێتە بۆندێکی ئەخلاقی،(نەك یاسا) بۆئەوەی راگەیاندنەکان پێشێلی نەکەن؟**

- ئەو بەهایانە دەبێت دوو بوار بگرێتەوە:

یەکەمیان: بەرێگەی کۆڕ و سیمینار و رۆشنیریکردن و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ئەو نەریتە.

دووەم : دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە هەندێك شت هەیە پێویستی بە یاسا هەیە.

ئەم دوولایەنە هەردووکیان کارکردنی دەوێت،ئایا کارکردنی ئێمە لەم ماوەیەدا چی بووە؟ بێگومان ئەو ماوەیەی ئێمە کارمان تیاکردووە ماوەیەکی کورتە، بەڵام هەر لەوماوەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە لە کونسوڵخانەی فەرەنسی سیمینارێك کرا،لەسەر زمانی زبر لە رۆژنامەگەریدا،لە سیمینارەکە ئامادەبووم و وتاریشم هەبوو،هەرچەندە نەمتوانی تا کۆتایی سیمینارەکە بمێنمەوە لەبەرئەوەی لە کاتی دەوامی فەرمی سیمینارەکەیان گرێدابوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەی رێکخەرانی سیمینارەکە گلەیی ئەوەیان لێکردووم وەزیری رۆشنبیری

**پێشتر سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی ناووناتۆرەو ناوزراندن، ئەم حەماسەی ئێستایان نەبوو، بەڵام ئێستا هەستدەکەین حەماسیان هەیە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکەن**

**کاتێک ئاسایشی گشتی کۆمەڵگە بکەوێتە مەترسیەوە حکومەت ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات، بەڵام دەبێت ئەم دەستێوەردانە بە یاسا بیکات**

**سیستەمی بانک سەرچاوەی داهات ئاشكرا دەكات**

بەجێیهێشـــووین،بەڵام من ناتوانم كاتی دەوامـــی فەرمـــی جێبهێڵم،بۆیـــە من بـــۆ نیوكاتژمێر ئامادەبـــووم بۆ ئەوەی بیروبۆچوونـــی خـــۆم وەك وەزیـــری رۆشـــنبیری پێیان رابگەیانم،كۆمەڵێك گرفتم وەك پرسیار خستە روو،كە بریتی بوو لە شەش پرسیار،یەكێك لەو پرسیارانە پەیوەندی بە تەمەنی رۆژنامەی ئازادەوە هەبوو،لەبەر ئـــەوەی هەندێك كەس پێی وایە رۆژنامەی ئەهلی و ئازاد دووسێ ســـاڵە دروســـت بووە نازانێت ئەســـڵەن رۆژنامەگـــەری كوردی بـــە ئازادی دروست بووە،ئایا كە پیرەمێرد لە سلێمانی رۆژنامەی ژینی دەركـــردووە ئایا ژین رۆژنامەگەری حكومەت بووە؟

*** خۆی ئیشكالیەتەكە لێرەدایە ئایا ژین بە هەمان ئەو نەقەسە بووە كە ئێستا لە رۆژنامەگـــەری ئەهلی و ئازادی ئەمـــرۆدا هەیە؟ئایا پیرەمێـــرد وەك ئەو سەرنووســـەرە بەناو ئەهلیانەبووەو كاری كردووە ؟؟**

- بەڵێ ژیـــن جیاواز بووە، لەبەر ئەوەی ململانێكانـــی ئێســـتا لەســـەردەمی دەرچوونـــی ژیـــن جیاوازە،كـــە دەڵێین ململانـــێ زۆر بوار دەگرێتـــەوە، یەكێك لەو ململانێیانە چەمكی ئینتمای نیشـــتمانی و ناســـنامەی كوردستانی بـــوون دەگرێتەوە،هەموو ئەمانە ئێســـتا جێگەی پرسیار و مشتومڕە.كە دەشڵێین جێگەی مشتومڕو قســـە لەسەركردنن، لەبەر ئەوەی بەشـــێك لەو گۆڕانكاریانە لەبواری راگەیاندن دەردەكەوێت،بۆیە من پرسەكانم لەو سیمینارە وەك پرسیار خستمە روو،بۆیەش بەوجۆرە خستمە روو بۆ ئەوەی بەوجۆرە تەفسیر نەكرێت كە ئێمە پێش وەختە وەك حكومـــەت تێروانینێكمان هەیـــە و دەمانەوێت ئـــەو تێروانینە بسەپێنین.نەخێر ئێمە دەمانەوێت چەند بیروبۆچوونی جیاواز لەوبوارە هەبن، ئەو بیروبۆچوونانـــە لەگەڵ یەكدی تەفاعول بكەن، بۆ ئێســـتا پێویستمان بەو تەفاعولە هەیە،ئەگەر ماوەیەكیش بخایەنێت باســـنگمان فـــراوان بێت، لەبـــەر ئـــەوەی تەفاعولی جیاوازییـــەكان

**ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی ئێمە هەمانن هەندێكیان وەزارەت دەریدەكات، ئەوانەی وەزارتیش دەریدەكات بیردەكەینەوە بە شێوازێكی گونجاوتر رێكیان بخەینەوە**



دەمانگەیەنێتە ئاکامێکی باش.

*** ئەو سـنگفراوانیەی جەنابت باسی دەکەیت، بۆ ئەو کاتە راستە کە کاری میدیا بزنس بێت و پێوەندی بە بازاڕەوە هەبێت، بەڵام ئەگەر جۆرێك لە میدیای سێبەرو موخابەراتی هەبێت،لە ژێرەوە تەمویل بکرێن وەك ئەوەی ئێستا بەشێك لە میدیاکان بەوجۆرە تەمویل دەکرێن،لای هەموان ئاشکرایە ژمارەیەك بڵاوکراوە ئێستا دەردەچن کەس نازانێت سەرچاوەی داراییان چۆن دابیندەکرێت،باشە لە وڵاتێکدا میدیا بزنس نەبێت و بازار رێکینەخات چیبکەین؟**

- دەگەرێینەوە بۆ مەسەلەی دیسپلینەکان،دەبێت یاسایەك هەبێت ئەو دیسپلینانە رێکبخات،بۆ نموونە دەبێت یاسایەك هەبێت بوار بەمن بدات بۆ ئەوەی بزانین سەرچاوەی تەمویلکردنی ئەو بڵاوکراوەیە کێیە؟مەسەلەکان هەمووی پەیوەندی بەیەکەوەیە، هەر بۆنموونە ئەگەر ئێمە سبەینێ سیستمی بانکیمان هەبوو،مامەڵەمان لەگەڵ بانك کرد، ئەوا ئەگەر من بمەوێت کەناڵێکی سەتەلایت دابمەزرێنم دەبێت بانك بزانێت من چەندم پارە لە بانکدا هەیە،هەروەها سەرچاوەی ئەو پارە چیەو لەکوێوە هاتووە؟ لە هیچ وڵاتێکدا سەرچاوەی نادیار بۆ پارە نیە. لەبەرئەوەی ئەگەر سەرچاوەی پارە دیار نەبوو سیستمی باجدان تێکدەچێت، بۆیە لە وڵاتانی پێشکەتوو سیستمی بازار کۆنترۆڵی گیرفانی هەموو کەسێکی کردووە،ئەمانە هەمووی پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە و سیستەمی بانك سەرچاوەی داهات ئاشکرا دەکات، بۆیە من باسی رێکخستنەوە دەکەم وەك لەسەرەتاشەوە گوتم بۆشاییەکی یاسایی هەیە ئەو بۆشاییە یاساییە دەبێت رێکبخرێتەوە و پربکرێتەوە.

*** بەڵام ئێستا کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەرێت، خۆ ناکرێت چاوەرێ بین تالەسەر پشتی کیسەڵ دەروات بەرێوە تا ئەو یاسایە دەردەچێت،چونکە هەوڵەکانیش لەم بوارە بەو ئاستە نین بۆیە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان کە بەرەو هەڵبژاردن دەچین و گەرموگوڕییەك دەکەوێتە ناو راگەیاندنی کوردییەوە پێویستە دەستوبردێکی لێ بکرێت،واتا تەردەستییەکی دەوێت،وا نییە؟**

- راستە، بەڵام کە دەڵێین گەڕانەوە بۆ رای خەڵك و بیروبۆچوونە جیاوازەکان،مەبەست ئەوە نیە بەخاوی هەنگاوی بۆ هەڵبگرین یان فەرامۆشی بکەین، نەخێر دەبێت کاربکەین بۆ ئەوەی پرۆژەیەك هەبێت و ئەو پرۆژەیەش ببێتە زەمینەیەك بۆ گفتوگۆ.

*** بەڵام بەرێزت بەشێك لەم ئەرکە ئەخەیتە سەرشانی خۆت، بەشێکی دیکە بە خەڵکانی دیکە ئەسپێریت، پرسیار ئەوەیە کێ ئەو پرۆژەیە ئامادە دەکات؟**

- بۆ ئەو پرۆژەیە، پێش من هەندێك هەوڵدراوە،من موتابەعەی ئەو هەولانە دەکەم،کۆمەڵێك پرۆژە بۆ من هاتوون،بەڵام کۆمەڵێك پرۆژەی دیکەش هەن،لەوانەیە حکومەت خۆشی ئاگای لە هەندێك پرۆژە هەبێت،لەبەر ئەوە کارکردن بۆ ئەم مەسەلەیە لەو رۆژەوە دەستی پێنەکردووە کە من بووم بە وەزیری رۆشنبیری،ئێستاش لەوانەیە ئەو هەولانەی پێشتر دراون پێویستی بە وردبینی زیاتر هەبێت،بۆ ئەوەی وەك پرۆژەیەك ئامادە بکرێت،ئەو پرۆژانە بە کۆمەڵێك قۆناخدا دەرۆن ئێستا قۆناخی یەکەمی بریوە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە چۆن هەنگاوی دیکەی بۆ هەڵدەگرین،بۆ ئەوەی مۆرکی پرۆژەیی وەربگرێت.

*** واتە ئینشاڵلا چاوەرێی ئەو پرۆژەیە بین؟**

- بەڵی

*** باشە ئێستا بەرەو هەڵبژاردن دەچین لەوانەیە هەندێك لە هۆیەکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی ململانێی لایەنێکی سیاسی بکات، زیان بە بەرژەوەندی نیشتمانی بگەیەنێت، ئایا ئێوە وەك وەزارەتی رۆشنبیری بەرنامەیەکتان بۆ ئەم حاڵەتە هەیە؟**

- پێش ئێمە وەزارەتی ناوخۆ هەیە، وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسە،بەرامبەر ئاسایشی گشتی و رێوشوێنەکانیش بەپێی یاسا وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر پێشێلکردنی ئاسایش و بەرژەوەندی گشتی رووبدات، ئەو کاتە حکومەت دەستێوەردان دەکات و تەماشاکەر نابێت.

*** لە کۆتایی ئەم دیدارە دەخوازین جەنابی وەزیری رۆشنبیری وەك وەزیری رۆشنبیری و هەمیش وەك وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە چەند خاڵێك ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات بزانین چۆن دەتوانین ئەم باردۆخە تێپەرێنین؟**

- وەك خۆت گوتت بە خاڵ وەڵامت دەدەمەوە:

١- ئێمە وەك هەنگاوی یەکەم دەستنیشانی ئەوەمان کردووە کە بۆشاییەکی یاسایی بۆ رێکخستنی بواری کاری راگەیاندن لە هەموو کودستان لە راگەیاندنی بواری حکومی و ناحکومیدا هەیە.


٢- لەم بوارەدا پێش من پرۆژەیەك هەبووە، ئەم پرۆژەیە هەندێك ئاڵوگۆڕی تیاکراوە،ئەو پرۆژەیە گەیشتۆتە هەندێك ناوەندی گرنگی بڕیار لە کوردستاندا، بۆیە ناکرێت ئەو پرۆژەیە فەرامۆش بکرێت.

٣- هەندێك بوار لە کاری وەزارەتی ئێمە هەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەکاری راگەیاندنەوە هەیە،رێکخستنەوەی کاری سەنتەرەکان یەکێکە لەو هەنگاوانەی پەیوەندی بەو بوارەوە هەیە،ئەم کارە کە هەوڵێکە بۆ چاککردنەوەیان، هۆکارێك دەبێت بۆ یارمەتیدانمان لە بوارەکەی دیکە.

٤- لەم نزیکانە بەنیازی کۆبوونەوەیەکین لەسەر دۆخی تەلەفزیۆنی نەورۆز بۆ ئەوەی بزانین چۆن پێداچوونەوەیەك هەبێت بۆ ئیشوکارەکانی.

٥- ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی ئێمە هەمانن هەندێکیان وەزارەت دەریدکات،ئەوانەی وەزارتیش دەریدەکات بیردەکەینەوە بە شیوازێکی گونجاوتر رێکیان بخەینەوە. ئەمانە هەنگاون بۆ پرکردنەوەی بۆشاییە گشتیەکە، بەڵام پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە گشتیە پێویستی بە پرۆژەی یاسایەکە بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن لە کوردستاندا.

**لەم نزیکانە بەنیازی کۆبوونەوەیەکین لەسەر دۆخی تەلەفزیۆنی نەورۆز بۆ ئەوەی بزانین چۆن پێداچوونەوەیەک هەبێت بۆ ئیشوکارەکانی**



خاتوو بۆنی براونلی کە ئوستادی ڕۆژنامەوانییە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر نووسین لە گۆڤار و ڕاپۆت و ماس میدیا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پسپۆرە لەسەر میدیای ئەمریکای لاتین، وەك کاری ڕۆژنامەوانیش ڕوومالّی زۆربەی ڕووداوەکانی ئەفریقیای کردووە بە تایبەتی تەنگژەی نێوان مەغریب و پۆلساریۆ، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی ڕوومالّکردنی هەواڵ و مامەڵەی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ڕووداو کۆمەڵگە، خاتوو بۆنی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی.

## ڕۆژنامەنووس بۆنی براونلی بۆ گوڵان:

# پەروەردەکردنی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێکی ئیجابی دەبینێت لە پێگەیاندنی ئەو قوتابیانەشی کە بڕیارە لە داهاتوودا ببنە ڕۆژنامەنووس

*** کەباسی کاری ڕۆژنامەگەری دەکەین، هەست دەکەین ئەم بوارە دوولایەنی هەیە، هەم ڕۆژنامەگەری سەرکەتوو هەمیش ڕۆژنامەگەرییەك کە ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بەباشی ئەدا بکات، بەڕای تۆ ڕۆژنامەگەری سەرکەتوو چۆن دروست دەبێت؟**

- من پێم وایە ڕاگەیاندنی باش و سەرکەوتوو پێکدێت لە ڕۆژنامەنووسی ژیر و کۆمەڵگەیەك کە تەقدیری ئەو ڕۆڵە بکات کە ڕۆژنامەنووسان لە کۆمەڵگەدا دەیبینن. بەر بەلەرچاوگرتنی ئەوەی من خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکام، ئەوا باوەڕم وایە ئەو کاتە ڕۆژنامەنووسان بە باشترین شێوە کارەکانی خۆیان ئەدا ئەکەن کە لەلایەن حکومەتەوە، هەروەها لەلایەن کۆمپانیاکانەوە کۆنترۆڵ نەکرابێتن. من ئەو ڕاستییەش دەزانم کە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا بە تەواوەتی حاڵەتەکە بەم شێوەیە نییە، بەڵام ئەمە ئامانجێکە دەکرێت خەبات و تێکۆشان بۆ هێنانەدی بکەین. دەبێت ڕۆژنامەنووسان بەو شێوەیە لە کارەکەی خۆیان بڕوانن کە کار بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی خەڵك دەکەن، نەك بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی ئەو حکومەتەی لە دەسەڵاتدایە. ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە ئامرازی ڕۆشنیری بۆ ئەداکردنی ئەرکەکەیان هەیە. دەبێت داهاتێك بەدەست بهێنن بتوانن ژیانی خۆیانی پێدابین بکەن، (بە چەشنێك ناچار نەبن کار بۆ دامەزراوەیەکی دیکە بکەن، هەروەك ئەوەی لە هەندێ وڵاتدا بەدی دەکەین). هەروەها پێویستیان بە پشتگیری ئەو دامەزراوە هەیە کە کاری بۆ دەکەن و پێویستیان بەوە هەیە بەرپرسانی دەزگاکان داکۆکی لە ماف و


بەرپرسیارێتییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راست و دروست راپۆرت لە بارەی ئەو شتانەوە بنووسن کە دەیبینن و دەیبستن. ئەوان پێویستیان بە یاسا هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا، بیانپارێزێت. من باوەڕم وایە پەروەردەکردنی رۆژنامەگەریانە بەهای خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە نابێت بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک لە بواری رۆژنامەگەریدا پێشمەرج بێت بۆ ئەوەی کەسێک ئەم کارە ئەنجام بدات.

*** ئەرکی سەرەکی راگەیاندن چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتە بێ ئەوەی خۆی ببێتە بەشێک لە کێشەکە، واتە ئەرکی رۆژنامەنووس چاودێریکردنی حکومەتە نەک دژایەتی کردن و رووبەڕووبوونەوەی حکومەت، چۆن دەکرێت ئەم راستییە بۆ رۆژنامەنووس روون بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی خۆی ئەدا بکات؟**

- بە مەزندەی من ئەمە بەشێکە لە کلتووری هەر وڵاتێک یاخود بەشێکە لە سیستمە رۆژنامەگەریەکە و بەشێکە لەو کلتوورەی کە هاوشان بە پیادەکردنی رۆژنامەگەری دروست دەبێت. من دڵنیام لە هەندێ شوێن، یاخود لە نێو هەندێ خەڵکدا، ئامانجەکە بریتییە لە بەرهەڵستیکردنی حکومەت و بەرپەرچدانەوەی حکومەت. هەندێ پرسیار ناچارم دەکەن وا بیربکەمەوە کە پەروەردەکردنی رۆژنامەوانی رۆڵێکی ئیجابی دەبینێت لە پێگەیاندنی ئەو قوتابیانەی بڕیارە لە داهاتوودا ببنە رۆژنامەنووسێک بە چەشنێک بتوانن بەها و نەریتەکانی رۆژنامەوانییەکان لە کاتی ئەداکردنی کارەکەیاندا پیادە بکەن.

*** لە وڵاتانی هاوشێوەی وڵاتی ئێمە زۆر جار خەڵکی بەدگومان دەبن بەرامبەر بە راگەیاندن کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانی حکومەت بێ چاودێری و رەخنە گرتن تێپەڕن، پرسیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەل و مەرجێکدا راگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە! ئەگەر لە پرسیارەکەتان تێگەیشتبم، ئێوە دەپرسن چۆن رۆژنامەنووس دەتوانێت متمانەی خەڵک بەدەست بهێنێت، ئەگەر متمانەشیان لەدەستدا، چۆن دەتوانن دووبارە بەدەستی بهێننەوە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم. لە وڵاتی ئێمەدا، بە پێی ئەنجامی راپرسییەکان دەردەکەوێت خەڵکی متمانەیان بە رۆژنامەنووسان نییە (بە لای کەمەوە بەو شێوەیەی ئێمە پێمان وایە دەبێت متمانەیان پێبکەن!). دەبێت رۆژنامەنووس بەهێزبێت، دەبێت راستگۆ بن، دەبێت پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی کارەکان بکەن بەو شێوەیەی کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت. ئەو کاتە دەتوانین ئومێدی ئەوە بکەن رای گشتی تەقدیری کارەکانیان دەکات و بەو شێوەیە لێیان دەڕوانێت کە لە بری کۆمەڵگە ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدەن. من باوەڕم وانییە کارێکی گێلانەبێت ئەگەر رۆژنامەنووسان بڵاوکراوەکانی خۆیان



بۆنی براونلی

بەکارهێنا بۆ روونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن. بۆ نموونە دەکرێت سەرنووسەر، یان پەیامنێرێک لە ستونێکدا باسی ئەو کارە بکات کە دیەوێت ئەنجامی بدات. هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەمەریکا پۆستێکیان هەیە بە ناوی «هەوالدەر.» ئەمە ئەو کەسەیە کە سکاڵا و نارەزایی و پرسیارەکانی رای گشتی دەگەیەنێت. دواتر ئەم کەسە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نارەزاییەکان دەدات و رەنگە بەشێکی بڵاوکراوەکەش تەرخان بکرێت بۆ پرسیار و وەڵامەکان. من پێم وایە ئەمە بیرۆکەیەکی باشە و یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی باشتر لەو کێشانە تێبگەن کە رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبنەوە و دەبێتە هۆی دروستکردنی رایەڵێک لە نێوان رۆژنامەنووسان وخەڵکدا ( و تەنانەت حکومەتیشدا).

*** بۆ وڵاتی ئێمە کە بە قۆناخی ئینتیقالی تێدەپەڕین، بەرپرسیاریەتی راگەیاند زۆر گرنگە، ئایا چۆن راگەیاندنێک دروست بکەین هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات؟**

- رەنگە لەم رووەوە چەندین نموونە لە ئارادابن، من ئەوە راستیە دەزانم کە لە کاتی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی هەندێ وڵاتی نوێدا، ئەوا وڵاتە نوێیەکان لە پرێکدا خۆیان لە بارودۆخێکدا بینیەوە کە دەبێت خۆیان حکومڕانێتی خۆیان بکەن، رۆژنامەنووسەکانیش بە هەمان شێوە تووشی زەحمەتی بوونەوە لە دیارکردنی رۆڵی خۆیاندا. من پێموایە سەرەڕای هەموو شتێک ئێمە دەتوانین ئەوە فێربین کە چۆن خەڵکانی دیکە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و دواتر بەو شێوەیە هەموارکردن و گۆڕانکاری تێدا دەکەن کە خۆیان بە پێویستی دەزانن. رۆژنامەنووسان لە هەر شوێنێک بن گۆڕانکاریان بەسەردادێت (بە دڵنیاییەوە لەم رۆژگارەشدا ئەمە روودەدات، ئەویش بەهۆی رەوتی خێرای تەکنۆلۆجیاوە کە پرۆسەی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی ئاسان کردووە)، من پێم وایە ئێمە باسی پرۆسەیەک دەکەین کە هەم کات و هەم بەرەوپێشچوون بەشێکن لەو پرۆسەیە.

*** ئایا ئەمە تا ئاست و ئەندازەیەک زیان بە پرۆسەی بنیاتنان و دروستکردنی راگەیاندنی ئازاد دەگەیەنێت؟**

- من پێم وایە مەشق و راهێنان کارێکن ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە ئێوە لە پێگەیەکی باشدان بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی خۆتان بە شیاوی دەزانن پەرە بە سیستمی راگەیاندن بدەن. ئێوە دەتوانن پەیوەندی بە کەسانی دەرەوە بکەن (هەروەک ئەوەی ئێوە حاڵی حازر لە رێی ئەم چاوپێکەوتنەوە ئەنجامی دەدەن) بۆ ئەوەی لەو خەڵکانەوە فێربن کە پێشتر رووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە بوونەتەوە کە ئێستا ئێوە بە دەستیانەوە دەناڵێنن. رەنگە ئێوە بتوانن کەسێک بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دیارکراو کارتان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوەی پێکەوە بیربکەنەوە و ئەزموونەکانی خۆتان ئاڵوگۆڕبکەن. هەروەها دەتوانن ئەو بەرنامانە بەدەست بهێنن کە رەنگە بتوانن بۆ هەندێ بواری مەشقکردن بەکاریان بهێنن.

**دەبێت رۆژنامەنووسان بەو شێوەیە لە کارەکەی خۆیان بڕوانن کە کار بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی خەڵک دەکەن**




پرۆفیسۆر داڤید بۆینك ئوستادی رۆژنامەوانیە لە زانكۆی ئیندیانا و محرر بووە لە چەندین رۆژنامەی ئەمریكادا و لە بواری كاری ئەكادیمیشـــدا پسپـــۆر و تایبەتمەندە لە بوارکانی ئاكاری رۆژنامەنووسی، ئامادەكرنی راپۆرت و نووسینی سەروتار، بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی میدیا لە كۆمەڵگە، پرۆفیسۆر بۆینك بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## رۆژنامەنووس داڤید بۆینک بۆ گوڵان:

# خەڵک ئەو کاتە متمانەیان بە رۆژنامەنووس نامێنێت کە لایەنگیری خۆی تێکەڵ بە رووماڵکردن و گواستنەوەی هەواڵەکان بکات

*** زەمینەسازی بۆ بونیادی راگەیاندنی ئازاد و بەرپرس کارێکی ئاسان نییە و چەند ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە چۆن ئەم زەمینەسازییە دەکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت خەڵک پشتگیری لەم کارە بکات، مەبەستم ئەوەیە دەبێت خەڵک پاڵپشتی لە هێنانەدی راگەیاندنی ئازاد بکات، لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئەم نەریتە ئەوا ناتوانرێت تەقدیری راگەیاندنی ئازاد بکرێت، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن بتوانن درێژە بە کار و ئەرکەکانی خۆیان بدەن، ئەوا دەبێت لەرووی داراییەوە سەربەخۆ بن، چونکە ئەگەر لەرووی داراییەوە تەنها پشت بە حکومەت ببەستن، ئەوا ناتوانن وەك پێویست ئەرک و پەیامی خۆیان ئەدا بکەن، لەبەر ئەوە دەبێت خاوەنی داهاتی خۆیان بن، کە ئێستا ئەمە کێشەیەکە زۆرێك لە راگەیاندنەکانی ئەمەریکاش بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەبەر ئەوەی داهاتیان لە کەمبوونەوەدایە و ئینتەرنێتیش نەبۆتە سەرچاوەیەکی باشی داهات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت حکومەت پشتیوانی لە دەزگاکانی راگەیاندن بکات، مەبەستم لەم پشتیوانییە ئەوەیە دەبێت دەرفەت و بواریان بۆ برەخسێنێت بۆ ئەوەی ئازاد بن لە گوزارشتکردن و گەیاندنی بیروبۆچوونەکاندا. واتە لە لایەك دەبێت خەڵك پشتگیریان لێبکات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت پشتیوانی و سەربەخۆییەکی داراییان هەبێت و لە هەمان کاتیشدا حکومەت پاڵپشتییان لێبکات بەو شێوەیەی کە ئاماژەم پێکرد.

*** چۆن بتوانین ئەم راستیانە بۆ رۆژنامەنووسان روون بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی خۆیان بە شێوەیەك ئەدا بکەن کە لە خزمەتی بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگەدا بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لە راستیدا مەرج نییە رۆژنامەنووسان لە کاتی ئەداکردنی ئەرکەکانی خۆیاندا دژی حکومەت بن، بەڵکو بەهۆی چاودێریکردنی حکومەتەوە وا دەردەکەوێت کە حکومەت لە ئاستی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیدا نییە، ئەمەش لەلایەن بەرپرسانەوە بە دژایەتی کردنی حکومەت تەفسیر دەکرێت، کەواتە بەشێك لە کێشەکە ئەم تێڕوانینەیە، چونکە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی سلبی لەسەر حکومەت، ئەوا بە دژایەتی لێکدەدرێتەوە، لەبەرئەوەی حکومەت خوازیارنییە هەواڵی سلبی



داڤید بۆینك

لەبارەیەوە بڵاوبکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئامانجی چاودێریکردنی حکومەت ئەوەیە حکومەت راستگۆ بێت و لە ئاستی بەرپرسیارێتییەکانیدا بێت.

*** لەوولات و کۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان ئەولەویەت نادرێت بە بنیاتنانی راگەیاندنێکی ئازاد، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەدگومان بن بەرامبەر بە راگەیاندن کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانی حکومەت بێ چاودێری و رەخنەگرتن تێپەڕن، پرسیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەل و مەرجێکدا راگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- ئەوکاتە خەڵکی متمانەیان بە رۆژنامەنووس و راگەیاندنەکان نامێنێت، ئەگەر هاتوو رۆژنامەنووس لایەنگیری خۆی تێکەڵ بە رووماڵکردن و گواستنەوەی هەواڵەکان بکات، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا زانیارییەکی ورد پێشکەش بە خەڵك ناکات و گوزارشت لە تەنها بیروبۆچوونێکی دیارکراو دەکات. هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراسیکردندان، لە سەرەتادا هێڵی نێوان راگەیاندن و حکومەت دیارنییە، واتە یان دەزگاکانی راگەیاندن بەشێکن لە حکومەت، یاخود لە ژێر کاریگەری حکومەتدان، ئەمەش وایان لێدەکات تەنها نوێنەرایەتی بیروبۆچوونی پارتێکی سیاسی یان لایەنێکی دیارکراو بکەن.

*** ئەوەی تۆ باسی دەکەیت مەسەلەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی رۆژنامەنووسە، بۆیە من دەپرسم چۆن ئەم هەستە لای رۆژنامەنووس دروست دەبێت؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەستەواژەیەك هەیە بریتییە لەوەی ئازادی رۆژنامەگەی بە مانای رزگاربوون نایەت لە بەرپرسیارێتی، بەڵکو لە کاتێکدا کە رۆژنامەنووس ئازادە و کۆت و بەندی لەسەر نییە، ئەوا لە هەمان کاتدا بەرپرسیارێتی هەیە لە ئاست هێنانەدی ئامانجگەلێکی دیارکراودا، یاخود روونتر بڵێین لە بەردەم کۆمەڵگەدا بەرپرسیارە، ئەویش بریتییە لە خستنەڕوو و وروژاندنی کێشە و پرسە جددییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە، چونکە ئەگەر رۆژنامەنووس نەتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکەی و وڵاتەکەی، ئەوا ئەرکی خۆی ئەدا نەکردووە وەك رۆژنامەنووسێکی ئازاد و سەربەخۆ.

*** لەو کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای**

**دەبێت خەڵک پاڵپشتی لە هێنانەدی راگەیاندنی ئازاد بکات، لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئەم نەریتە ئەوا ناتوانرێت تەقدیری راگەیاندنی ئازاد بکرێت**

**قۆناغی گەشەکردندان، کە هێشتا سیستمە سیاسییەکە سەقامگیر نەبووە و سەروەری یاسا نەچەسپێنراوە، ئەوا دەزگاکانی راگەیاندن هەوڵدەدەن هەمان ئەزموونی وڵاتانی رۆژئاوا دووبارە بکەنەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندی بارودۆخەکە لەبەرچاوبگرن، ئایا تا چ رادەیەك ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**

- من جارێکیان لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی تەنزانیدا قسەم دەکرد کە کاری لە رۆژنامەیەکدا دەکرد لە وڵاتەکەیدا بە ناوی «ئوهورو» کە بە مانای ئازادی دێت، من پرسیارم لێکرد تۆ چۆن ناوی ئازادی لە رۆژنامەکەت دەنێیت لە کاتێکدا کە بەشێکیت لە حکومەت، وەڵامەکەی ئەوەبوو مەبەستی ئێمە لە ئازادی ئەوەیە ئازادبین لە هەژاری، لە نەزانی و لەبرسێتی. لە راستیدا ئەمە یەکێکە لەو کێشە و تەنگژانەی راگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا رووبەڕووی دەبێتەوە، رەنگە ئەمە بەو مانایەش بێت کە دەبێت راگەیاندن لە هەر وڵاتێکدا پەرە بە پەیوەندییەکی تایبەتی بدات لەگەڵ حکومەتی وڵاتەکەیدا، واتە رەنگە شێوازی کاری راگەیاندنی رۆژئاوا شیاونەبێت لە هەموو وڵاتانی دیکەدا دووبارە بکرێتەوە، بەڵام من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە پەیوەندی نێوان راگەیاندن و حکومەت هەرچۆنێك بێت، ئەوا هەمیشە خەڵکانێك هەن هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی راگەیاندن دەدەن بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی و بەرتەسکی خۆیان.

*** پێتوایە ئەگەر رۆژنامەنووس بەشێوەیەکی پیشەگەرانە کاری کرد کەمتر رووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، یان با بەجۆرێکی دیکە پرسیارەکە بکەم، ئایا دوورکەوتنەوە لە کاری پیشەگەرانە چەند زیان بە کاری میدیا دەگەیەنێت؟**

- لە راستیدا رەخساندنی دەرفەت بۆ رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی لەڕووی پێگەیاندن و پەروەردەکردنیانەوە مەشقیان پێبکرێت، کارێکی زۆر یارمەتیدەرە، بە تایبەتی فێری ئەوە دەکرێن چۆن چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن و چۆن زانیاری کۆبکەنەوە و چۆن راپۆرت و هەواڵی ورد و راست و دروست بنووسن، هەروەها ئەو رێسا و بنەما ئەخلاقییانە چین کە دەبێت پێیانەوە پابەندبێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا. لە لایەکی دیکەوە ئینتەرنێت بۆتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوەی بتوانیت خۆت بە بنەما و رێساکانی کاری رۆژنامەنووسی پیشەگەرانە ئاشنابکەیت، ئەگەرچی بواریشت نەبێت بۆ ئەوەی لە پەیمانگا و دامەزراوەی تایبەت بە پەروەردەکردنی رۆژنامەنووس بخوێنێت. مەسەلەیەکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە لە داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە هاوڵاتیان زیاتر بەشداربن لەم پیشەیەدا و کاری رۆژنامەنووسی ئەنجام بدەن، مەبەستم ئەوەیە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و بوونی مۆبایل بە تایبەتی، ئێستا هاوڵاتیان بەشداربن لە گواستنەوە و گەیاندنی وێنە و ڤیدیۆ و تەنانەت هەواڵ و زانیاریش، بۆ نموونە ئێستا هاوڵاتیان دەتوانن بەشداربن لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بە کەناڵی «سی.ئێن.ئێن»، واتە دەتوانین بڵێین لە داهاتوودا هاوڵاتی رۆژنامەنووس دروست دەبێت.


*** زۆرجار پرۆسەی بنیاتنانی راگەیاندنی ئازاد لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی لێناکەوێتەوە کە وڵاتانی رۆژئاوا پلانیان بۆ دانابوو لە سەرەتادا، ئایا هۆکاری ئەم ناسازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من پێم وایە هەندێ بەها و بنەمای رۆژنامەگەری و راگەیاندن هەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە دەکرێت گرنگی و کاریگەری ئیجابیان لە وڵاتانی دیکەدا هەبێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە پیادەکردنیان، یاخود لەبەرچاوگرتنیان هەمان ئەو دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە کە لە ئەمەریکا بەدی دەکەین، بۆ نموونە لە وڵاتی بەریتانیادا رۆژنامەکان نوێنەرایەتی تێکرای ئایدولۆژیا و بیروبۆچوونە سیاسییەکان دەکەن و ئەمەش جیاوازە لەو کارەی رۆژنامەکانی ئەمەریکا دەیکەن. هەرچۆنێك بێت من پێم وایە ئەگەر رۆژنامەکان خۆیان پابەندنەکەن بە گەیاندنی زانیاری راست و دروست بە مەبەستی بەرچاوڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی راستییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك، ئەوا ناتوانن ببنە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانیاری، ئەمە بەو مانایە نایەت کە دەزگایەکی راگەیاندن یاخود رۆژنامەیەك ناتوانێت کاربکات کە سەربەخۆ نەبێت و نوێنەرایەتی لایەنێکی دیارکراو بکات، بەڵکو ئەم راگەیاندن و رۆژنامانەش دەتوانن دروستبن و کاربکەن، بەڵام لەو باوەڕەدانیم ببنە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و متمانەپێکراوی زانیاریی و هەواڵ بۆ خەڵك.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من پێم وایە دەبێت هەر وڵاتێك پەرە بە دەزگای راگەیاندن و رەوتی رۆژنامەگەری تایبەت بەخۆی بدات، کە مەرج نییە ئەم دەزگا و رۆژنامانە دەقا و دەق هاوشێوەی دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا بن بۆ ئەوەی بتوانن خزمەت بە وڵاتەکەیان بکەن، لە هەمان کاتدا مەرج نییە ئەم وڵاتانە تێکرای بەها و رێساکانی رۆژنامەگەری و کاری راگەیاندنی رۆژئاوا رەتبکەنەوە، چونکە ئەو بەهایانە سوودبەخشن و کاریگەری ئیجابیان لەسەر ئەدای ئەو دەزگایانە دەبێت، لەبەرئەوەی ئەم بەهایانە پەیوەستن بە رەچاوکردنی راستگۆیی، وردبینی و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە.

**لە راستیدا مەرج نییە رۆژنامەنووسان لە کاتی ئەداکردنی ئەرکەکانی خۆیاندا دژی حکومەت بن، بەڵکو بەهۆی چاودێریکردنی حکومەتەوە وا دەردەکەوێت کە حکومەت لە ئاستی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیدا نییە**



خاتوو دیبرا ماسۆن سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا و ئایینە(Media and Religion) هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری ئایین و پیشەگەرییە و ماوەی ٢٥ ساڵە رووماڵی ئەم بوارە بۆ رۆژنامەکان دەکات و تائێستا چەندین جار خەڵات کراوە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی میدیا و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە، خاتوو دیبرا بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.

## رۆژنامەنووس دیبرا ماسۆن بۆ گوڵان:

# ڕێسا و بنەما ئەخلاقیی و پیشەییەکان رێنمایی رۆژنامەنووس دەکەن و دەبێت رۆژنامەنووس پێیانەوە پابەندبێت

باشترین کارێك ڕۆژنامەنووسان لەم ڕووەوە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی ببنە جێی متمانە و باوەڕی خەڵك ئەوەیە بیسەلمێنن لە کارەکانیاندا لایەنگیری لە بەرژەوەندی لایەنێك و لە دژی لایەنێکی دیارکراو ناکە

*** لــە وڵاتــە دیموکراتییەکانــدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن داینەمۆی پرۆســە سیاسییەکان و بەشێکن لەو پرۆسەیە، هەروەها ئامرازی پێکەوە پەیوەســتکردنی خەڵك و دەسەڵاتن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ڕاگەیاندنێکی ســەرکەوتو تەندروســت بنیات بنێین، ئایا دەبێت ســەرەتا ئەولەویەت بە چی بدرێت؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەگانی ئەمەریکادا ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان ڕێســا و بەها و ئەخلاقیاتی تایبــەت بە پیشــەکەی خۆیان هەیــە، واتە کارێکی پیشەگەرانە ئەنجام دەدەن، لە لایەکی دیکەوە دەزگاکانــی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان ئازادی تەواویان بۆ خستنەڕو و گفتوگۆ کردن لە بارەی کێشە و پرســە جیاوازەکانەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەم مەسەلەیە جێی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی بەرپرس و سیاسییەکانیش نەبێت، کەواتە بوونی ئەم ڕێسا پیشەییانە و ئەم ئازادی و ســەربەخۆی و کرانەوەیــە وامان لێدەکەن بە بایەخ و گرنگییەوە لە ڕۆڵ و ئەرکی ڕاگەیاندن لە وڵاتەکەماندا بڕوانین.

*** ئەرکی سەرەکی ڕاگەیاندن چاودێریکردنی کارەکانــی حکومەتە بێ ئــەوەی خۆی ببێتە بەشێك لە کێشەکە، واتە ئەرکی ڕۆژنامەنووس چاودێریکردنی حکومەتە نەك دژایەتی کردن و ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت، چۆن دەکرێت ئەم ڕاســتییە بۆ ڕۆژنامەنووس ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی خۆی ئەدا بکات؟**

- لــە وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکادا ئەو ڕێســا و بنەما ئەخلاقیی و پیشــەییانە هەیە کە ڕێنمایــی ڕۆژنامەنووس دەکــەن و دەبێت ڕۆژنامەنــووس پێیانەوە پابەندبێت، ئەم ڕێســا و بنەمایانەش ڕێگە بــە ڕۆژنامەنووس نادەن کار لەگەڵ ڕێکخراوێك یان پارتێکی سیاســی یــان ببێتە لایەنێك لە هــەر پەیوەندییەکدا کە ناچاری بکات لایەنگیری بکات لە کارەکانیدا و لــە ئەنجامدانــی گواســتنەوە و تەغتیە و ڕوومالْکردنەکانیدا، ئاشکرایە ڕۆژنامەنووسیش بیروبۆچوونی خۆی هەیە وەك هەر کەســێکی دیکە، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك زۆر نزیك بێت لە کەسێکی سیاسییەوە، ئەوا نابێت بوار بە خۆی بدات لە بارەی ئەو کەسەوە بنووسێت یان تەغتیەو ڕوومالی چالاکییەکانی بکات. من پێم وایە لە ئەمەریکادا تا ئاستێکی باش ئەم بەها و ڕێسایانە لەبەرچاو گیراون و ڕەنگدانەوەیان لە کاری ڕۆژنامەنووساندا هەبووە. هەروەها ئەگەر ئاشکرابێت ڕۆژنامەنووسێك خۆی بەشدارە لەو چالاکی و کارانەی لەبارەیانەوە دەنووسێت، ئەوا دووچاری دەرکردن دەبێتەوە. هەرچەندە ئێمە ئەو ڕۆژنامەنووسانەشــمان هەن کە وتار دەنووسن و بیروبۆچوونی خۆیان تێدا دەردەبڕن، بەڵام ئەمە جۆرێکی جیاوازی کاری ڕۆژنامەنووسییە.

*** لەو وڵات و کۆمەڵگەیانەی لە ســەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان ئەولەویەت نادرێت بە بنیاتنانی ڕاگەیاندنێکی ئازاد، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەدگومان بن بەرامبەر بە ڕاگەیاندن کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانــی حکومــەت بێ چاودێری و ڕەخنەگرتــن تێپەڕن، پرســیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەل و مەرجێکدا ڕاگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە کێشەیەکە لە وڵاتی ئێمەشدا بوونی هەیــە. من پێم وایە باشــترین کارێك



دیبرا ماسۆن

ڕۆژنامەنووســان لەم ڕووەوە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی ببنــە جێی متمانە و بــاوەڕی خەڵك ئەوەیە بیســەلمێنن لە کارەکانیاندا لایەنگیری لە بەرژەوەندی لایەنێــك و لە دژی لایەنێکی دیارکــراو ناکــەن، ئەویش بــە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ڕۆژنامەگەری پیشــەگەرانە، وەك هاوسەنگی و دیقەت و ڕاستگۆیی، کێشەیەکی دیکە ئەوەیە زۆرجــار هاوڵاتیان یاخود خەڵك بە شێوەیەکی گشــتی وەك یەك قەوارە و یەك دامەزراوە لە دەزگاکانــی ڕاگەیاندن دەڕوانن، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووســی باش هەیە و ڕۆژنامەنووسی خراپیش هەیە، هەروەها ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانــە هەن کە ڕاســتگۆیی و هاوسەنگی ڕەچاو دەکەن و دەزگای دیکە هەن بــە پێچەوانەوە کاردەکەن، کە بە تێڕوانینی من ئەمەش پرۆسەیەکی زەحمەتە، واتە لەلایەکەوە ئەرکێکی زەحمەتە ڕۆژنامەنووســی پیشەگەر دروســت بکەین و لە لایەکی دیکەوە زەحمەتە وا لــە خەڵك بکەین ئەم جیاوازییە بکەن، ئەمە پرۆســەیەکی دووروودرێژە و بە شەو و ڕۆژێك نایەتەدی.

*** زۆرجــار لەو کۆمەڵگەیانەی لەســەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، ڕۆژنامەگەری ئازاد هەیە، بەڵام ڕاگەیاندنی ئازاد بەرپرسیار نابێت لە ئاســت بەرهەمەکانیدا، واتە ئەرکی ســەرەکی ڕاگەیاندن دەبێتە خوڵقاندنی کێشە و گرژی و ئاڵۆزی و ناســەقامگیری دەبێت بۆ حکومەت بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بە خەڵکی بدات، پرســیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن بتوانین ڕاگەیاندنێــك بنیات بنێین لــەم قۆناغەدا کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات؟**

- لە ڕاســتیدا لەو وڵاتانەدا پێویستییەکی زۆر بە مەشــقپێکردن و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان هەیە، بــە تایبەتی لە بــواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیدا، کە دەکرێــت زۆرێك لە دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییەکان هاوکار و یارمەتیدەربن لــەم ڕووەوە. ئەگەر ئێمە بــاس لە ئەزموونی وڵاتە یەکگرتــووەکان بکەین، ئەوا لەم وڵاتەدا ڕۆژنامەنووسان لەســەر بەها و بنەما و ڕێسا ئەخلاقییەکانی پیشــەکە پــەروەردە دەکرێن و ئەمەش دەبێتە هۆکار و سەرچاوەی دروستکردنی ڕۆژنامەنووسی بەرپرس، بە چەشنێك ئەم بەها و ڕێســایانە لە ڕێی قوتابخانەکانەوە، هەندێ جــار لە قۆناغــی سەرەتاییشــدا، قوتابیانی لەسەر پەروەردە دەکرێت و دواتر ئەگەر کەسێك بیەوێت بە شــێوەیەکی پیشــەگەرانە ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەوا دەچێتە کۆلێژ و پەیمانگای تایبەتــی کە تێیدا پەروەردە دەکرێت و لەســەر بنەما و ڕێســاکانی پیشــەکە گۆش دەکرێت، کــە بە بێ ئەم مەشــق و خوێندنەوە ناتوانرێت کارەکەی بە شێوەیەکی پێویست و پیشەگەرانە ئەنجام بدات.

*** لەو کۆمەڵگەیانەی لەســەرەتای قۆناغی گەشــەکردندان، کە هێشتا سیستمە سیاسیەکە ســەقامگیری نەبــووە و ســەروەری یاســا نەچەســپێنراوە، ئەوا دەزگاکانــی ڕاگەیاندن هەوڵئەدەن هەمــان ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا دووبارە بکەنــەوە، بێ ئــەوەی تایبەتمەندی بارودۆخەکە لەبەرچاوبگرن، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزمونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**

- ئەوە ڕاســتە شــێوازی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی لە زۆرێك لە وڵاتە

دیموکراسییەکاندا شێوازێکی پیادەکراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە کاتی دووبارەکردنەوە و سوود وەرگرتن لەم ئەزموونانە مامەڵەیەکی هۆشیارانە لەگەڵ ئەو مەسەلە و لایەنانەی کاری راگەیاندنی رۆژئاواییدا بکرێت کە لە کۆمەڵگەکەتدا تێڕوانین و هەڵوێستی سلبی لە بارەیانەوە هەیە.

*** بە پێچەوانەوەی وڵاتانی رۆژئاوا کە زەمینەی تایبەتیان بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی رۆژنامەنووسی پیشەگەر هەیە، ئەوا لە ناوچەکەی ئێمەدا ئەم حاڵەتە بەدی ناکرێت و بە دەگمەن رۆژنامەنووسی پیشەگەر بوونیان هەیە، ئایا ئەمە تا ئاست و ئەندازەیەك زیان بە پرۆسەی بنیاتنان و دروستکردنی پێگەی کۆبوونەوەی رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی تێیدا ئەزموون و بیروبۆچوونی رۆژنامەگەری تێیدا ئاڵوگۆڕ بکەن و گفتوگۆ لە بارەی زۆرێك لە پرس و مەسەلەکانی تایبەت بە پیشەکەوە تەرح بکەن و هەوڵی دۆزینەوەی وەڵام و چارەسەری بۆ بدەن.**

*** زۆرجار وڵاتانی رۆژئاوا گرنگی و بایەخ بە یارمەتیدانی دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەدەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێ جار ئەمە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پرۆسەی بنیاتنانی راگەیاندنی ئازاد لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا و ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی لێناکەوێتەوە کە وڵاتانی رۆژئاوا پلانیان بۆ دانابوو لە سەرەتادا، ئایا هۆکاری ئەو وڵاتەدا زەمینە و ئامادەیی پێویست نەبووە بۆ ئەم کارە.**

*** ئەگەر ناو و مانای راگەیاندنی ئازاد بێبەها بکرێن، یاخود ئەگەر چیتر راگەیاندنی ئازاد وەك پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەیتوانی کارەکانی خۆی ئەدا بکات، ئایا ئەمە چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی لەسەر سیستمە سیاسییەکە دەبێت؟**

- ئێمە دەزانین رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان چاودێریکردنی کار و بڕیارەکانی حکومەتە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی ژیرانە و لە بەرژەوەندی خەڵکی وڵاتەکە هەڵبستێت بە بەکارهێنانی بودجە و دارایی وڵاتەکە، بە چەشنێك ئێمە



**ئەگەر ئێمە باس لە ئەزموونی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەین، ئەوا لەم وڵاتەدا رۆژنامەنووسان لەسەر بەها و بنەما و ڕێسا ئەخلاقییەکانی پیشەکە پەروەردە دەکرێن و ئەمەش دەبێتە هۆکار و سەرچاوەی دروستکردنی رۆژنامەنووسی بەرپرس**

**راگەیاندنی ئازاد دەگەیەنێت؟**

- لە راستیدا ئەمە لایەنێکی گرنگە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، کە لەم رووەوە چەندین سەرچاوە و دامەزراوە بوونیان هەیە و دەتوانن لەم بوارەدا هاوکار و یارمەتیدەر بن وەك سەنتەری نێودەوڵەتی رۆژنامەگەری کە بارەگاکەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، هەروەها چەندین دامەزراوەی دیکە هەن لەم بوارەدا. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ لەم رووەوە سوود لە تۆڕی ئینتەرنێت وەربگیرێت بۆ بەدەستهێنان و خوێندنەوەی زۆرێك لەو سەرچاوانەی کە تەرخانکراون بۆ پێگەیاندنی رۆژنامەنووسی پیشەگەر. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، بوونی کۆمەڵە و سەندیکاکانی رۆژنامەنووسانە کە دەکرێت ببنە شوێن و

**ئەم ناسازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من پێم وایە دەبێت هەوڵ و کۆششەکانی پەیوەست بە هێنانەدی یاخود بنیاتنانی رۆژنامەگەری ئازاد و راگەیاندنی ئازاد لە ناو کۆمەڵگەکە خۆیەوە سەرچاوەبگرێت، واتە ناکرێت راگەیاندن و رۆژنامەگەری ئازاد هاوردە بکرێن، یاخود لە دەرەوەڕا بسەپێنرێن، بەڵکو دەبێت کۆمەڵگە خۆی خوازیاری هێنانەدی راگەیاندنی ئازادبن، ئەگەرنا زۆر زەحمەتە بتوانن قەناعەتیان پێبکەن بە زەرورەتی دروستکردنی راگەیاندنێکی لەم چەشنە، هەر ئەمەش هۆکاری شکستهێنانی زۆرێك لە هەوڵەکانی لایەنە دەرەکییەکان بووە کە هەوڵیانداوە ئەم راگەیاندنە لە وڵاتێکی دیکەدا دروست بکەن، لەکاتێکدا لە ناوخۆی حاڵەتی گەندەڵبوونی حکومەت لەو وڵاتانەدا بەدی دەکەین کە رۆژنامەگەری و راگەیاندنی ئازادیان تێدا نییە، بە شێوەیەك حکومەتی وڵاتەکە کۆنترۆڵی زۆربەی دەسەڵات و بوارەکانی ژیانی کردووە. لەم روانگەیەوە ئێمە لە ئەمەریکا رۆڵی چاودێریکردن کە لە لایەن راگەیاندنەوە ئەدا ئەکرێت، بە رۆڵێکی گرنگ دەزانین بۆ وڵاتەکە و بۆ دیموکراسی لە وڵاتەکەدا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- خەباتکردن بۆ دروستکردنی یاخود هێنانە رۆژنامەگەری ئازاد خەباتێکی سەخت و دوورودرێژە. بەڵام ئەمە ئامانجێکە شایستەی ئەوەیە کات و کۆششی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین.



**پرۆفیسۆر جۆن فەنێڵ سەرنووسەری گۆڤاری (Milwaukee Magazine)ە و ئوستادی رۆژنامەگەری گۆڤارە لە زانکۆی میسوری و بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری راگەیاند لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و چۆنیەتی بەرەوپێشەوەبردنی، پرۆفیسۆر فەنێڵ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## رۆژنامەنووس جۆن فەنێڵ بۆ گوڵان:

# ئەگەر بۆ مێژووی راگەیاندن بگەڕێینەوە ئەوا هەمیشە کێشمەکێش لە نێوان راگەیاندن و بەرپرس و دەسەڵاتداراندا هەبووە

*** هەموو کارێك لە قۆناخی گواستنەوەدا رووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە، بێگومان لە وەرچەرخان لە راگەیاندنی سەر بەدەوڵەتەوە بۆ راگەیاندنی ئازاد، هەم زەمینەکە بەو ئاستە لەبار نییە ئەم ئەرکە سەرکەتوو بێت، هەمیش ئەوانەی بەو ئەرکە هەڵدەستن بە تەواوی تایبەتمەند نین، ئایا چۆن لەم قۆناخە بتوانین بۆ راگەیاندێکی باش سەرکەوتووبین؟**

- ئەمە پەیوەستە بە پرسێکی بەرفراوان و گەورەوە، لەبەر ئەوەی سەرەتا راگەیاندن پێویستی بە رۆژنامەنووسێك هەیە کە ئارەزوو ئامادەیی تێدابێت بۆ ئەنجامدانی کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری، لە هەمان کاتدا دەبێت خەڵکیش ئارەزوو پەرۆشیان هەبێت بۆ خوێندنەوەی ئەوەی رۆژنامە و راگەیاندنەکان بەرهەمی دەهێنن. هەروەها دەبێت حکومەتیش هاوکار و پاڵپشت بێت نەك لە رووی یارمەتیدانی داراییەوە، بەڵکو لە رووی رەخساندنی هەل و مەرجێکی ئازادەوە بۆ ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان سەربەخۆییان هەبێت لە ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا.

*** ئەوانەی بەڕێزت ئاماژەت پێکردن خاڵە سەرەکییەکان و زۆر گرنگیشن، بەڵام پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە رۆژنامەنووس لەم باردۆخەدا پێویستە چۆن کاربکات؟**

- بە دڵنیاییەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کار و ئەرکی سەرەکی راگەیاندن و رۆژنامەکان چاودێریکردنی


حکومەتــە، لەلایــەك بۆ دەرخســتن و ئاشــکراکردن و پــەردەلادان لەســەر کەم و کــوڕی و ناتەواوییــەکان، هەروەها بۆ دەرخستنی لایەنە باش و ئیجابییەکانیش. ئەگەر ڕۆژنامەکان نەتوانن ئەم کارە ئەنجام بــدەن، ئەوا بێ دوودڵی لە مەترســیدان. بە شــێوەیەکی گشــتی دەبێت ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ســەربەخۆ کاربکات، لەبەر ئــەوەی هــەر کاتێــك ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنەکان بوونە بەشــێك یان لایەنێك لە هاوکێشەیەکی دیارکراو، ئەوا ناتوانن لە کاتی ڕووماڵکردنی پەیوەســت بەم پرسەوە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. واتە بۆ ئەوەی دەزگایەکی ڕاگەیاندن یاخو ڕۆژنامەیەك ببێتە جێــی متمانــەی هاولاتیان دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت.

*** بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی لەســەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان ئەولەوییەت بە بنیاتنانی ڕاگەیاندنێکی ئازاد نادرێت، ئەمــەش دەبێتــە هۆی ئــەوەی خەڵکی بەدگومــان بــن بەرامبەر بــە ڕاگەیاندن کە ئەمەش سەردەکێشــێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانی حکومــەت بێ چاودێری و ڕەخنەگرتن تێپەڕن، پرســیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەلومەرجێکدا ڕاگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- بــە چەنــد شــێوەیەك دەزگاکانــی ڕاگەیاندن متمانە و میســداقیەتی خۆیان لەدەســت دەدەن، بــۆ نموونە لــە وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکادا کەناڵــی تەلەفزیۆنی فۆکس نیوز هەیە، ئاشکرایە ئەم کەناڵێکی سیاســییە و گوزارشت لە بیروبۆچوونێکی سیاسی دیارکراو دەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی بیروبۆچوونێکی سیاســی جیاوازیان هەیە بە بەدگومانییەوە لەم کەناڵە بڕوانن، لەبەر ئەوەی زیاتر گوزارشت لە بیروبۆچوونێکی سیاسی موحافیزکارانە دەکات، واتە ئەمە بۆتە هۆی ئــەوەی خەڵکانێــك زۆر بە چاوی گومانەوە لێی بڕوانن و چیتر وەك کەناڵێکی باوەڕپێکراو سەیری نەکەن.

*** کەواتــە بــا ئەو پرســیارە بکەین ئایا چۆن بتوانین ڕاگەیاندنێــك بنیات بنێین لەم قۆناغەدا کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات؟**

- مــن پێــم وایــە باشــترین کارێــك ڕۆژنامەنووســان ئەنجامی بــدەن ئەوەیە هەوڵ بدەن هاوســەنگی و مەوزوعییەت لە کارەکانیاندا ڕەچاوبکەن و بەو شێوەیەی کە خۆیان پێیان شــیاوە «ڕاستی» یەکان ئاشــکرابکەن، مەبەستم ئەوەیە بتوانن بەو شــێوەیەی خۆیان پێیان ڕاست و دروستە هەڵبستــن بــە کاری ڕووماڵکــردن و ئامادەکردنــی ڕاپۆرتەکانیان، ئەگەرچی حکومەت، یاخود پارتە سیاســییەکانیش هاوڕانەبــن لەگەڵیانــدا. بەم شــێوەیە و بــە تێپەڕبوونی کات ڕۆژنامەنووســەکان دەتوانن ببنە جێی متمانە و ســەرچاوەی باوەڕپێکــراوی هــەواڵ و زانیــاری بۆ هاولاتیان.



جۆن فەنێل

*** ئەی ســەبارەت بە لاســاییکردنەوەی هەمــان شــێوازی کاری ڕاگەیاندنــی میدیــای وڵاتانی ڕۆژئاوا لــە وڵاتانی تازە پێگەیشــتوودا، ئایــا بە ڕای تۆ ئەو لاساییکردنەوەیە سەرکەوتوو دەبێت؟**

- من دەزانم ئەو وڵاتانەی لە ســەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان قەوارە گەلێکی بە ئاسانی دووچاری ناسەقامگیری شڵەژان دەبنەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بێ درکاندن و ئاشکراکردنی ڕاســتییەکان، بێ بوونی ڕاگەیاندنێکــی هاوســەنگ خەڵك چۆن دەتوانێت لە ڕاستییەکان تێبگات. لە ڕاستیدا کەس خوازیاری ئەوەنییە ســەقامگیری ئــەو قەوارەیە بخاتە مەترســییەوە، بەڵام ئەگەر بۆ مێژووی ڕاگەیاندن بگەڕێینەوە ئەوا هەمیشــە ئەم کێشمەکێشــە لە نێوان ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان لەگەڵ بەرپرس و دەســەڵاتداراندا هەبووە. ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە بۆ مێژووی ئەمەریکا بگەڕێینەوە، ئەوا لــە ســەردەمی ســەرۆك ئەبراهام لینکۆڵنــدا چەند ڕۆژنامەیــەك هەبوون بەرهەڵستیان دەکرد، لە هەمان کاتدا چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەش پشتگیرییان دەکرد. لە ئێستاشــدا ئێمە دەزانین کەناڵی فۆکس نیــوزی ئەمەریکا پتر مەیلێکی کۆماری هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم دەزگایانە سەربەخۆن و خەڵکیش ئازادە موتابەعەی کامەیــان دەکات و ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی دیموکراسییەتی ئەمەریکا.

*** ئایا ئەمە تا ئاســت و ئەندازەیەك زیان بە پرۆســەی بنیاتنان و دروســتکردنی ڕاگەیاندنی ئازاد دەگەیەنێت؟**

- ئەوە ڕاستییە کە ڕەنگە ڕۆژنامەنووسێکی مەشقپێنەکراو لە کاتی نووسینی ڕاپۆرت و ڕووماڵکردنەکانیــدا بێلایەنــی خۆی نەپارێزێــت و لە بەرژەوەندی بیروبۆچوونە سیاسییەکەی خۆی هەڵبستێت بە داڕشتن و نووسینەوەی ڕاپۆرتەکانی، واتە دەکرێت ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووســە مەترســی یان کێشــەیەك بێت بۆ دیموکراسی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە دیموکراسیدا خەڵکی ئەو ئازادی و سەربەخۆییەیان هەیە بۆ ئەوەی خۆیان هەڵبستن بە هەڵسەنگاندنی کاری ڕۆژنامەنووسان و خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن ئایــا کاری ڕۆژنامەنووســەکان بێلایەنی پێڕەودیــارە و ئامانجــی ئاشــکراکردنی ڕاســتییەکانە، یاخود بــە پێچەوانەوە ئەم بنەمایانە کاردەکات. لە ڕاستیدا بێ بوونی چاودێری لە لایەن ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئەوا پرۆســە سیاسییەکە لە مەترسیدا دەبێت، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی غیابی چاودێری لە لایەن ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ و کاراوە، حکومەت دەسەڵاتێکی زۆری دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

**من هیوادارم ڕۆژنامەنووســەکانی عێراق** بتوانن کار بۆ ئاشــکراکردنی ڕاستییەکان بکەن و ببنە ڕۆژنامەنووســی سەربەخۆ و بتوانن بەسەر دژوارییەکاندا زاڵبن.

**ڕاگەیاندن پێویستی بە ڕۆژنامەنووسێك هەیە کە ئارەزوو ئامادەیی تێدابێت بۆ ئەنجامدانی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری**

**بۆ ئەوەی دەزگایەکی ڕاگەیاندن یاخو ڕۆژنامەیەک ببێتە جێی متمانەی هاولاتیان دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت**

پرۆفیسۆر جۆن دینگز کە ئێستا ئوستادی ڕۆژنامەوانییە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکان و سەرنووسەری ڕادیۆی نیشتمانی ئەمریکا (NPR)بووە و هەروەها یەکێکە لە پسپۆرانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتانی (چیلی، ئەرژەنتین، پەناما، فەنزوێلا وگواتیمالا) لە ئەمریکای لاتینی و ماوەی چەندین ساڵ وەك پەیامنێر ڕووماڵی هەواڵەکانی ئەم وڵاتانەی کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی بونیادی ڕاگەیاندی سەرکەتوو پرۆفیسۆر دینگز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## ڕۆژنامەنووس جۆن دینگز بۆ گوڵان:

# ئەگەر ڕۆژنامەنووس زانیارییەکانی تێکەڵ بە بیروڕای تایبەتی خۆی کرد ئەوا متمانەی خەڵک لە دەست دەدات

*** چۆن بتوانن ڕاگەیاندنێکی سەرکەوتوو تەندروست بنیات بنێین، ئایا دەبێت سەرەتا ئەولەوییەت بە چی بدرێت؟**

- لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕادیۆکان دەبنە ڕایەڵی نێوان خەڵك و دەسەڵات، ڕەنگە گرنگترین ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان بێت بەوەی ڕوودەدات، بەڵام من پێم وایە یەکێك لە ئەرکە هەرە گرنگەکان بریتییە لە دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی کێشە و پرس و مەسەلە گرنگەکانەوە بکرێت، واتە نابێت تەنها ئەرکی ڕاگەیاندن شیکردنەوە و گەیاندن بێت، بەڵکو دەبێت ببێتە کەناڵێك بۆ ڕەخنەگرتن و چاودێری و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیش. ئەمەش پێویست بەوەدەکات ڕاگەیاندن ئازاد بێت و لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ نەکرابێت. ئەگەرنا تەنها لە ڕوانگەی تیڕوانینی حکومەتەوە گفتوگۆ لەسەر پرس و بابەتە جیاوازەکان دەکرێت.

*** چۆن دەکرێت ئەم ڕاستییە بۆ ڕۆژنامەنووس ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی خۆی ئەدا بکات؟**

- بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم پرسە و لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، بۆ نموونە لە زۆرێك لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ڕۆژنامەنووسان هەڵوێست وەردەگرن و پشتگیری لە پاڵێوراوێکی سیاسی دیارکراو دەکەن، کە مەرج نییە ئەمە پێچەوانەبێت لەگەڵ دیموکراسیدا، بەڵام ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باوە ئەوەیە دەبێت ڕۆژنامەنووس کەسێکی سەربەخۆ و مەوزوعی بێت و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیری لە سیاسەتێکی دیارکراو یان پاڵێوراوێکی دیارکراو نەکات، هەرچەندە لە ئەمەریکاشدا ڕۆژنامەنووسی بیروڕا هەیە، واتە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە بری ئەوەی هەڵبستن بە ئەنجامدانی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری، لە وتارێکدا بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆیان دەردەبڕن، وەك ستوننووسەکان، هەروەها هەندێ جار ستافی ڕۆژنامەکەش بیروبۆچوونی خۆیان هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەرفەت بە بڵاوبوونەوە و گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکانی دیکەش لە ڕۆژنامەکەدا بدرێت.

*** بەڵام زۆر جار هەست دەکەین هاوڵاتیان متمانەیان بە ڕاگەیاندنەکان لاواز دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەلومەرجێکدا ڕاگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- گرنگترین توخمێك کە دەبێت لە ڕۆژنامەنووسدا هەبێت، بریتیە لە متمانە و میسداقیەت، واتە دەبێت ڕۆژنامەنووس هەڵبستێت بە گەیاندنی زانیاری باوەڕپێکراو و ڕاست و دروست، بەڵام زۆرجار لە هەندێ ڕۆژنامەدا زانیاری و بیروبۆچوونی تایبەتی ڕۆژنامەنووسەکە تێکەڵ دەکرێت و ئەمەش زیانێکی زۆر بە میسداقیەتی ڕۆژنامەنووسەکە دەگەیەنێت، چونکە ئەو کاتە خەڵك ناتوانن زانیارییەکە کە ڕەنگە ڕاست بێت، بەڵام بە هەڵە جیابکەنەوە لە بیروبۆچوونی ڕۆژنامەنووسەکە کە ڕەنگە هاوڕابن لەگەڵیدا یان ڕەتی بکەنەوە، واتە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك بەم شێوەیە کاری کرد و زانیارییەکانی تێکەڵ بە بیروڕای تایبەتی خۆی کرد، ئەوا متمانەی خەڵك لە دەست دەدات.

*** کەواتە بە ڕای تۆ کاری ڕۆژنامەوانی بەرپرسیاریەتی ویژدانی ڕۆژنامەنووسە لەبەردەم هاوڵاتی، ئایا چۆن دەتوانین ئەو بەرپرسیاریەتیە بکەینە بنەمای کاری ڕۆژنامەوانی؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی حکومەتەوە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕەخنە دەگرن، کێشە بۆ حکومەت دروست دەکەن و نابەرپرسانە کاردەکەن، لە کاتێکدا لە تیڕوانینی ڕۆژنامەنووساندا ئەمە بە کارێك دادەنرێت کە خزمەت بە دیموکراسی دەکات، ئایا چۆن بتوانین ئەم کێشەیە چارەسەربکەین؟ من پێم وایە خاڵی یەکەم ئەوەیە نابێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ بکرێن، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ بکرێن، ناتوانن ئەرکی ڕاستەقینە و چاوەڕوانکراوی خۆیان ئەدا بکەن، خاڵی دووەم ئەوەیە ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن زانیاریی ڕاست و دروست، ورد و هاوسەنگ و مەوزوعی بڵاوبکەنەوە، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەوەی بیروبۆچوونی سیاسی هەڵسوڕێنەرانی ڕۆژنامەکە یا هەر دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن بن. واتە دەبێت لە ڕوانگەی ڕێسا و بنەما ئەخلاقییەکانی پیشەکەیانەوە بەرپرسیارانە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارەکەی خۆیان ئەدا بکەن. بەم شێوەیە

لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕادیۆکان دەبنە ڕایەڵی نێوان خەڵک و دەسەڵات


رۆژنامەنووسان دەتوانن میسداقیەت بۆ خۆیان دروست بکەن و متمانەی خەڵک بەدەست بهێنن، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتیشە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراتیدان، بەڵام کارێکی مەحاڵ نییە، بۆ نموونە لە عێراقدا کە دابەشبوونی قوڵ هەیە و کێشەی زۆر گەورە لەو وڵاتەدا هەیە، ئەگەر رۆژنامەیەك زانیارییەك بڵاوبکاتەوە کە لە بەرژەوەندی نەیاری سیاسی لایەنێك یان پێکهاتەیەکی دیارکراو بێت، رەنگە رووبەرووی فشار ببێتەوە، بەڵام دەبێت رۆژنامەنووس خۆڕاگربێت و لەم ئەرکەی خۆی لانەدات.

*** هەندێك لە رۆژنامەنووسان هەوڵدەدەن ئەزموونی وڵاتانی رۆژئاوا لە وڵاتی خۆیان دووبارە بکەنەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندی بارودۆخەکە لەبەرچاوبگرن، ئایا تا چ رادەیەك ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**

- من پێم وایە نابێت رۆژنامەنووس دەقا و دەق ئەزموونی وڵاتانی دیکە دووبارە بکاتەوە، بەڵکو دەبێت هەلومەرجی وڵاتەکەی خۆی لەبەرچاوبگرێت، چونکە ئەگەر خۆی لە کلتوور و بارودۆخی کۆمەڵگەکەی دابڕێ، ئەوا میسداقیەتی خۆی لەدەست دەدات. لەلایەکی دیکەوە هەندێ لایەنی ئەزموونی راگەیاندنی وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمەریکا و تا ئاستێکی دیارکراو ئەمەریکای لاتینیش هەیە کە شایستەی ئەوەن لەبەرچاوبگیرێن، چونکە لەو وڵاتانەدا راگەیاندن و رۆژنامەکان توانیویانە یارمەتیدەربن و پشتگیری دیموکراسیان کردووە، بەشداربوونە لە هێنانەدی بناغەیەکی پتەوی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا، کە بە تێروانینی من گرنگترین و بنەڕەتیترین بناغە و بەها بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری راست و دروست، وردبینی و دیقەت لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، ئامادەبوون بۆ رەخنەگرتن لە دۆست و نەیارەکانت، هەروەها نابێت وا دەربکەویت کە خزمەت بە بەشێك لە سیستمە سیاسییەکە، یان لایەنێکی دیارکراو دەکەیت، بەڵکو دەبێت وەك کەسێك کاربکەیت کە خزمەت بە تێکرای کۆمەڵگەکە دەکەیت.

*** لایەنێکی دیکە لە وڵاتی ئێمە کەمی رۆژنامەنووسی پیشەگەرە، ئایا ئەمە تا ئاست و ئەندازەیەك زیان بە پرۆسەی بنیاتنان و دروستکردنی راگەیاندنی ئازاد دەگەیەنێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بوونی رۆژنامەنووسی پیشەگەر یارمەتیدەر دەبێت لە دروستکردنی راگەیاندنی ئازاد و پتەوکردنی دیموکراسیدا، لەم روانگەیەوە دەکرێت نەبوونی رۆژنامەنووسی پیشەگەر بە کێشەیەکی گەورە دابنرێت، بەڵام ئەمە کێشەیەك نییە نەتوانین زاڵبین بەسەریدا، لەبەر ئەوەی بەرپرسی دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن کار بۆ پابەندبوون بە بەها بنەڕەتییەکانی کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەرییەوە بکەین، ئەو بەهایانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن، لە مەوزوعی بوون و هاوسەنگی و دیقەت و هتد. لەبەر ئەوەی هەموو کەس دەزانێت



جۆن دینگز

کە هاوسەنگی و وردبینی چیە لە کاتی گواستنەوەی هەواڵەکاندا، واتە دەکرێت ئەو رۆژنامەنووسانەشی کە بە شێوەیەکی پیشەگەرانە مەشقیان پێنەکراوە ئەم ئەرکە ئەدا بکەن، بە مەرجێك بەرپرسی دەزگاکە پێداگیری لەسەر ئەم شێوە کارکردنە بکات.

*** زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا گرنگی و بایەخ بە یارمەتیدانی دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەدەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێ جار ئەمە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پرۆسەی بنیاتنانی راگەیاندنی ئازاد لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا و ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی لێناکەوێتەوە کە وڵاتانی رۆژئاوا پلانیان بۆ دانابوو لە سەرەتادا، ئایا هۆکاری ئەم ناسازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە راستیدا راگەیاندن لە وڵاتانی رۆژئاوادا بێ کەموکوڕی نییە، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەو رەخنەیە لە راگەیاندنی وڵاتی ئەمەریکا دەگیرێت کە زیاتر بایەخ بە پرس و مەسەلە لاوەکییەکان دەدات، وەك هەواڵی ئەستێرەکانی سینەما و فەزیحەتەکانیان و هتد، کە زۆرجار دەزگاکانی راگەیاندن پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە خەڵکی ئارەزوی ئەم بابەتانە دەکەن، من دڵنیم لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی پێویستیان بەوە هەیە دەزگاکانی راگەیاندن تەغتیەکی جددی پرس و مەسەلەکان بکەن و تەنها لەم چوارچێوەیەدا کارەکانی خۆیان ئەنجام نەدەن، کە هیوادارم دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان لەم لایەنەوە لاسایی دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا نەکەنەوە، مەبەستم ئەوەیە کار و ئەرکەکانی خۆیان تەنها لە چوارچێوەی بایەخدان بە شتە لاوەکییەکان کورت نەکەنەوە.

*** ئەگەر راگەیاندنی ئازاد وەك پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەیتوانی کارەکانی خۆی ئەدا بکات، ئایا ئەمە چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی لەسەر سیستمە سیاسییەکە دەبێت؟**

- ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن کارا نەبوون و پابەندنەبون بە رێساکانی پیشەکەیانەوە، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن کەسە گەندەڵەکانەوە کە لەوەش مەترسیدارتر رەنگە خەڵکی زۆرباش ئاگاداری ئەوە نەبن کە دەسەڵاتداران لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، لەبەر ئەوە من بوونی راگەیاندنێکی سەربەخۆ و ئازاد و رەخنەگر بە توخمێکی بنەڕەتی دەزانم بۆ بوونی دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو، چونکە بە شێوەیەکی حەتمی هەموو حکومەتێك گەندەڵی تێدایە و باشترین لایەنیش بۆ ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر ئەم گەندەڵیە دەزگاکانی راگەیاندنن.

*** دوا وتەت چیە؟**

من هیوای سەرکەوتن بۆ خەڵکی کوردستان دەخوازم لە هەوڵەکانیاندا بۆ بنیاتنانی دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو، هەروەها هیوادارم هاوکاری و یارمەتی ئەمەریکاش بۆ عێراق بە ئامانجی زیاتر چەسپاندن و جێگیرکردنی دیموکراسی بێت لە عێراقدا بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت هێزەکانی لەو وڵاتەدا بکێشێتەوە و عێراقیش سەقامگیری بەخۆوە ببینێت.

**لە زۆرێك لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا رۆژنامەنووسان هەڵوێست وەردەگرن و پشتگیری لە پاڵێوراوێکی سیاسی دیارکراو دەکەن، کە مەرج نییە ئەمە پێچەوانەبێت لەگەڵ دیموکراسیدا، بەڵام ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باوە ئەوەیە دەبێت رۆژنامەنووس کەسێکی سەربەخۆ و مەوزوعی بێت**



**پرۆفیسۆر ستوارت لۆری ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانكۆی میسوری و ئوستادی رۆژنامەوانی گۆڤارە (Magazine journalism) سەرنووسەری گلۆباڵ جۆرنالیزمە، خاوەنی خەڵاتی سەرۆك جۆنسۆنە لەسەر لێكۆڵینەوەی ((نهێنی ئاشتی لە ڤێتنامدا)) بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی میدیا لە كۆمەڵگە و پابەندبوونی رۆژنامەنووس بە ئاكارە پیشەییەكانی رۆژنامەنوسیەوە، پرۆفیسۆر ستوارت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### رۆژنامەنووس ستورات لۆری بۆ گوڵان:

# بایەخدانی ئێوە بۆ پێشكەوتنی رۆژنامەگەری ئازاد تەنها سوودی بۆ پەرەپێدانی رەوتی رۆژنامەگەری نییە بەڵكو خزمەت بە تێكڕای خەڵكی كوردستانیش دەكات

*** ئایا كاتێك باسی راگەیاندن و رۆڵی راگەیاندن لە كۆمەڵگەی دیموكراتی دەكەین، ئایا ئەم وشەیە چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت كە كاتێك باسی راگەیاندن دەكەین نابێت بكەوینە ئەو هەڵەیەوە كە راگەیاندن لە تەنها دامەزراوەیەك یان دەزگایەكی دیاركراودا كورت بكەینەوە، بەڵكو كاتێك دەڵێین راگەیاندن ئەوا دەزگا و دامەزراوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، كە هەندێ لەو دەزگایانە كارێكی باش ئەدا ئەكەن و هەندێكیشیان لە ئاستی پێویستدا نین. لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراسی فرەییدا ئەو دەزگایانەی راگەیاندن هەن كە لە رووی ئایدۆلۆجیەوە كۆنترۆڵكراون، لە هەمان كاتدا ئەو دەزگایانەش هەن كە لە رووی ئایدۆلۆجی، ئابووری و سیاسییەوە كۆنترۆڵ نەكراون، گرنگ ئەوەیە رێگەبدرێت دەزگاكانی راگەیاندن بەو شێوەیە كاربكەن كە بە راستی دەزانن، ئەمەش دیموكراسی لە رژێم و دەسەڵاتە شمولییەكان جیادەكاتەوە.

*** ئایا ئەو بنەمایانە چین كە پێویستە رۆژنامەنووس لە كاتی جێبەجێكردنی ئەركەكەیدا رەچاویان بكات؟**


- ئەوە خاڵێكی زۆر گرنگە، ئێمە دەزانین هەندێ رۆژنامەنووس بە باشی ئەم خاڵە رەچاودەكات لە كاتی ئەداكردنی ئەركەكەیدا و هەندێ رۆژنامەنووسیش هەن كە لە ئاستی ئەم ئەركەدا نین. ئەوە راستە ئەركی

سەرەکی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ چاودێریکردنە، بەڵام نابێت ئەم کارە تەنها لە چاودێریکردنی حکومەتدا کورت بێتەوە، بەڵکو دەبێت چاودێری تێکڕای دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکەش بکات، بۆ نموونە ڕێکخراوە و دامەزراوە بازرگانییەکان، هەروەها حکومەتە مەحەلییەکانیش، لە هەمان کاتدا نابێت ئەرك و کاری راگەیاندن تەنها لە چاودێریکردنێکی رەخنەگرانەدا کورتبێتەوە، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا زانیاری و هەواڵی راست و دروستیش بە هاوڵاتیان بدات. خۆ ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن بەمجۆرە کاری خۆیان نەکەن، ئەوا ئەو کاتە دەزگاکانی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ متمانەی خەڵك لەدەست دەدەن، ئەگەر ملکەچی مەرجەکانی حکومەت، یاخود هەر دامەزراوە و لایەنێکی بەهێزی دیکەبن، کێشەکە ئەوەیە لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا لایەنە بەهێزەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم دەزگایانە دەدەن، هەندێ جاریش ئەم کۆنترۆڵکردنە دەرئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە هەندێ جار سەردەکێشێت بۆ کوشتنی رۆژنامەنووسەکە، بۆ نموونە لە عێراقدا زۆرێك لە پەیامنێران و رۆژنامەنووسان بوونەتە قوربانی، هەندێکیان لە کاتی تەغتیەکردن و رووماڵکردنی شەڕەکاندا و هەندێکیان بەهۆی بڵاوکردنەوە و نووسینی راپۆرتێك کە بە دڵی دەسەڵاتداران و بەرپرسان نەبووە، دەبێت ئێمە رووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببینەوە، کە بە داخەوە نە حکومەت ئەو بکوژانەی راپێچی دادگا کردووە و نە رۆژنامەنووسەکانی دیکەش لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری پێویستیان ئەنجامداوە بۆ ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر بکوژ و تاوانکارەکان.

*** زۆرجار لەو کۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، رۆژنامەگەری ئازاد هەیە، بەڵام راگەیاندنی ئازاد بەرپرسیارنابێت لە ئاست بەرهەمەکانیدا، واتە ئەرکی سەرەکی راگەیاندن دەبێتە خولقاندنی کێشە و گرژی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری بۆ حکومەت دەبێت بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بە خەڵکی بدات، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن بتوانین راگەیاندنێك بنیات بنێین لەم قۆناغەدا کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات؟**

- لە راستیدا خەڵکانێك هەن لە وڵاتی ئێوەدا کە لە دەزگاکانی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵدا کاردەکەن، دیراسەتیان لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری بە شێوەیەکی پیشەگەرانە کردووە و لە گرنگی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانی بە شێوەیەکی مەوزوعی و هاوسەنگ تێدەگەن، کە بە بێ خۆهەڵکێشان رۆژنامەنووسانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەم شێوەیە کاردەکەن.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**



ستوارت لۆری

- من تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم دەبێت رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ کۆشش بکەن و خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی رۆژنامەگەری، تاوەکو بتوانن بێ ترس و سڵەمینەوە بەردەوامی بە کارەکەی خۆیان بدەن، چونکە حکومەت لە خۆیەوە رووناکاتە رۆژنامەنووسان و رابگەیەنێت، ئێوە ئازادن و مافی خۆتانە بێ فشار و تەنگپێهەڵچنین کاری خۆتان ئەنجام بدەن و حکومەتیش دەستوەرنەداتە کارەکانتانەوە. من پێم وایە کێشەکە ئەوەیە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا تێگەیشتنێکی باش لە ئارادانییە لە بارەی گرنگی و بایەخی رۆژنامەگەری ئازادەوە، لەم روانگەیەشەوە هەوڵ و کۆششی پێویست ناخانەگەڕ بۆ بەرەوپێشبردن رەوتێکی ئازادی رۆژنامەگەری. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت ئەوا هەندێ لە ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، وەك ئینستیوتی کۆمەڵگەی کراوە هاوکاری و یارمەتی عێراقییەکان بۆ دروستکردنی راگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆ و بەرپرس دەدات. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی لە ئێراندا روودەدات، جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەری ئەو وڵاتە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵکراون، بەڵام ئینتەرنێت توانیتی هەواڵی چالاکی و جموجۆڵی خۆپیشاندانەکان دژی حکومەت بگوازێتەوە بۆ دەرەوە و جیهانی لێ ئاگادار بکاتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەزگا و دامەزراوەکانی رۆژئاوا کە پەیوەستن بە بواری پەروەردەکردنی رۆژنامەنووسانەوە، دەتوانن هاوکار و یارمەتیدەری وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بن لەم بوارەدا، بۆ نموونە ئەگەر چەند رۆژنامەنووسێکی وڵاتی ئێوە بێنە ئەمەریکا لە یەکێك لە کۆلێجەکانی تایبەتمەند لە بواری رۆژنامەگەریدا بخوێنن، دەتوانن سوودێکی باشی لێوەر گرن، بە هەمان شێوە ئەگەر رۆژنامەنووسانی رۆژئاواش بانگهێشت بکەن و خولی تایبەتی بۆ رۆژنامەنووسەکانی ئێوە بکەنەوە، بە هەمان شێوە سوودبەخش دەبێت.

*** ئەگەر ناو و مانای راگەیاندنی ئازاد بێبەها بکرێن، یاخود ئەگەر چیتر راگەیاندنی ئازاد وەك پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەیتوانی کارەکانی خۆی ئەدا بکات، ئایا ئەمە چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی لەسەر سیستمە سیاسییەکە دەبێت؟**

- رەنگە ئێوە ئاگاداری ئەو قسەیەی جیفرسۆن بن کە دەڵێت» ئەگەر ناچارم بکەن لە نێوان حکومەت و رۆژنامەدا ئختیار بکەم، ئەوا رۆژنامە هەڵدەبژێرم» لەبەر ئەوەی هیچ حکومڕانێتییەکی دیموکراتی بێ بوونی رۆژنامەگەری ئازاد بەرەوپێش ناچێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- بایەخدانی ئێوە بە بەرەوپێشبردنی رۆژنامەگەری ئازاد تەنها سوودی بۆ پەرەپێدانی رەوتی رۆژنامەگەری نییە، بەڵکو خزمەت بە تێکڕای خەڵکی کوردستانیش دەکات.

# واشنتۆن و هەولێر: ئاسۆیەکی تازە



**سامی شۆڕش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆربەی کێشە سیاسییە ئاڵۆزو قورسەکان، بە تایبەتی لەنێوان دوو دەوڵەت، یان دوو میللەت و نەتەوە، چاوەڕێی فاکتەری دەرەکین بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، یان بخرێنە سەر سککەی چارەسەر بوونەوە. دیارە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی کەلتوورە سیاسی و ڕۆشنبیرییە تاکڕەوەکەی، کەمتر توانستی دایەلۆگ و گفتوگۆی سیاسییانەی هێمنی هەیە لە ناوەخۆیدا. کەمتر گیانی یەکتر قبوڵ کردنی تێدایە. بۆیە کەمتر توانستی دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانەی هەیە بۆ کێشەکانی ناوخۆیی. هەر بۆیەش، ئەو ناوچەیە، هەمیشە گۆڕەپانی شەڕو ناکۆکی بووەو هەمیشە چاوەڕێی دەوڵەتە گەورەکانی جیهان بووە بۆ ئەوەی بێن گیروگرفت و کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکەن.

کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٩٠، کە سوپای عێراق دەوڵەتی کوێتی داگیر کرد، هیچ کام لە دەسەڵاتە ناوچەییەکان، بە جامیعەی عەرەبی و دەوڵەتە گرنگەکانی ناوچەکەشەوە، بۆ نموونە میسر، توانای ئەوەیان نەبوو ئەو کێشەیە لە ڕێگەی توانستی سیاسی و سەربازی ناوچەکەوە چارەسەر بکەن و سوپای داگیرکەری عێراق لە کوێت دەربکەن، بۆیە سعودییەکان و کوێتییەکان کاتێك دەستەو وەستانیی دەوڵەت و ڕێکخراوە ناوچەییەکانیان بینی، ناچار بوون دوای ڕۆژێك لە گەیشتنی سوپای عێراق بۆ ناو خاکی کوێت ڕوو لە فاکتەری دەرەکی بکەن و داوای یارمەتیی ئەمەریکا بکەن لەهەر دوو ئەو بوارەدا. هەمان شت ڕاست بووەو تا ئێستاش ڕاستە بۆ کێشە لە مێژینەکەی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل. ڕەنگە دوای ماوەیەکی دیکە هەمان ئەو بایەخە گەورەیەی فاکتەری دەرەکی ڕاست بێت بۆ مەسەلەی گفتوگۆی ناڕاستەوخۆی نێوان سوریاو ئیسرائیلیش کە ماوەیەك لە ڕێگەی تورکیاوە بەڕێوە چوو، بەڵام دواتر تووشی کێشە هات و سورییەکان ڕوویان لەوە کرد داوای ئەمەریکا بکەن بەڵکو ڕۆڵێکی عادیلانە لەو نێوانەدا بگێڕێت. دوا نموونە، لەمبوارەدا، دەوڵەتی یەمەنە کە لە بەرامبەر مەترسییەکانی حوسییەکان و خۆپیشاندانەکانی خوارووی یەمەن و هێرشە خۆکوژییەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستی، نایەوێت هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا ڕاستەوخۆ بێنە ناو خاکەکەیەوە، بەڵام لەو بەرامبەرەدا، بە گەرمی و حەماسەوە، خوازیاری یارمەتی و هاوکاری و پشتگیرییە لە ئەمەریکا.

ئەم سەرەتا کورتەم بۆ ئەوە هێنایەوە بڵێم کوردیش لە باری خۆیەوە، کارێکی باش دەکات ئەگەر چاوی لەوە بێت فاکتەرێکی گرنگی دەرەکی وەك ئەمەریکا بهێنێتە ناو پرۆسەی چارەسەر کردنی کێشە دەستوورییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدرالی لە بەغدا. ڕووداوەکانی چوار ساڵی ڕابردوو سەلمێنەری ئەوەن کە بەغدا نە بەجیددیەتەوە چاوی لە جێبەجێکردنی دەستوورە، نە بەجیددیەتەوە ڕووی لە قبوڵکردنی مافە دەستوورییەکانی کوردە. نەئامادەشە بە یاساو دەستوورو سیاسەت، کێشەکانی لەگەڵ کوردو پێکهاتەکانی دیکە چارەسەر بکات، بۆیە ئەگەر لە ئێستاوە، کوردیش وەك میللەتانی دیکە، هەوڵ بدات بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکات لەبەردەم سیاسەتی داواکردنی یارمەتیی لە فاکتەری ئەمەریکی، ئەوا بێگومان کارێکی باش و عاقلانەو ژیرانە دەکات نەك خراپ وەك هەندێك لە ناوەندە سیاسییەکان بۆی دەچن.

هێشتا بەر لەوەی بچینە ناو کاکڵی باسەکەوە، وا چاکە هێما بۆ ئەوە بکەین کە کورد تەنیا کێشەی لەگەڵ حکومەتی فیدرالی عێراق نییە، بەڵکو لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیکەی ناوچەکەش هەیە. ئەم هۆیە خۆی لەخۆی دا مەسەلەیەکی گرنگە لەناو سیاسەتی داواکردنی یارمەتی لەئەمەریکا. داواکردن نەك بۆ شەڕو ناکۆکی بەڵکو بۆ تەبایی و پارێزگاریکردن. ئینجا لەوەش بەولاتر، کورد دوای چەندین قۆناغی پڕ مەینەتی و ماڵوێرانی و دواکەوتن بەهۆی سیاسەتی دوژمنانەی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق، ئێستا لەناو قۆناغی خۆ بینا کردن و گەشەپێدانی بونیادی ئابووری و بازرگانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە. ئەمجۆرە بونیادنانە لەهەموو شتێکی دیکە زیاتر پێویستی بەوە هەیە کە کورد هیوای بەیارمەتییەکانی ئەمەریکا زۆر بێت. بەم واتایە، یارمەتییەکانی فاکتەری دەرەکی نەك تەنیا بەکەڵکن بۆ پارێزگاری لەدەسکەوتە

سیاسییەکانی کورد، بەڵکو بەکەڵکترن بۆ پارێزگاریکردن لەدەستکەوتە ئابوورییەکانی کوردستان و دابینکردنی کەشوهەوایەکی ئەمین و گونجاویش بۆ گەشەپێدانی توانستەکانی لەبواری ئابووری و بازرگانیدا. بەڵام وەك مەعلوومە، گرژییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستیی بە دەوری ئەمەریکا هەیە، بەکورتی حکومەتی بەغدا هیچی ئەوتۆی بۆ کورد بەجێ نەهێشتووە کە بتوانین بەبێ ئەمەریکا کێشەکانی خۆمان لەگەڵ حکومەت چارەسەر بکەین.

لە راستیدا، مسۆگەرکردنی فاکتەری ئەمەریکا بە نیسبەت کورد پێویستیی بە دوو مەرجی گرنگ هەیە: یەکەم، پێویستە مسۆگەر کردنی ئەو فاکتەرە بۆ ئەوە نەبێت نێوانمان لەگەڵ بەغدا تێك بدەین و وای لێك بدەینەوە کە ئەمەریکا بۆ ئێمە مانای دابڕانە لەبەغدا. ئەوەی راستی بێت، ئەمەریکا خۆیشی ئەوەی ناوێت. دووەم، پێویستە بۆ ئەوە نەبێت کە زیان بەبەرژەوەندیی دەوڵەتانی دەورووپشتمان بگەیەنرێت. مەعلوومە، کە ئێران لەقۆناغی ئەمڕۆدا کێشەیەکی زۆری لەگەڵ ئەمەریکا هەیە. رەنگە ئەم کێشەیە لەدواڕۆژدا بە شێوەی هێرشێکی سەربازی بۆ سەر خاکی ئێران بشکێتەوە. بۆیە، دەبێت مسۆگەر کردنی فاکتەری ئەمەریکا لەکوردستان بۆ ئەوە نەبێت خاکی کوردستان لەدژی ئێران یان هەر دەوڵەتێکی دراوسێ بەکار بهێنرێت.

لەدەرەوەی ئەم دوو مەسەلە گرنگەدا، کورد کارێکی باش دەکات ئەگەر چاو لەوە ببڕێت پەیوەندییەکی راستەوخۆی سیاسیی روون و ئاشکرا لەگەڵ ئەمەریکا دابمەزرێنێت. بەڵکو کارێکی باشتریش دەکات ئەگەر بتوانێت قەناعەت بە واشنتۆن بهێنێت چەند یەکەیەکی سەربازی لەناو خاکی کوردستاندا بڵاو بکاتەوە، دیارە بەم دواییانە یەك لەفەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەعێراق رایگەیاند کە وڵاتەکەی خەریکی بڵاوە پێ کردنی ٢١ هەزار سەربازە لەناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. ئەگەر ئەمە راست دەربچێت، ئەوا مانای وایە کورد هەنگاوێکی گەورە لەبواری گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ واشنتۆن چۆتە پێش.

بەهەر حاڵ، دابینکردنی پەیوەندییەکی سیاسی و دیپلۆماسی لەنێوان کوردستان و ئەمەریکا کارێکی زەحمەتە و پێویستیی بەرەزامەندیی حکومەتی فیدرالی عێراق هەیە. هەروەها پێویستیی بەدڵنیاکردنەوەی دەوڵەتانی دەورووپشت هەیە، بە تایبەتی تورکیاو ئێران، کەمەبەست لەم پەیوەندییە نەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە و نەزیان گەیاندنیشە بەبەرژەوەندییەکانی ئەوان لەناوچەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەقە کورد لەو جۆرە پەیوەندییە نەترسێت. هەقە کار بۆ دابین کردنی زەمینەکانی بکات. هەقە لەهەموو لایەك بگەیەنێت کەمەسەلە هیچ ئەجێندایەکی شاراوەی لەپشتەوە نییە لەغەیری ئەجێندای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، ئەویش بەمەبەستی بەهێزکردنی دەوڵەتی عێراق و سەرخستنی پڕۆسە سیاسییەکەی و رێگەگرتن لەهەر گرژی و گیروگرفتێك لەنێوان کوردو عەرەب لەعێراق روو بدات.

لە ناو ناوەندە کوردییەکاندا، ناوەندی وا هەن تووشی هەمان ئەو نەخۆشییە سیاسی و رۆشنبیرییانە هاتوون کە زۆرتر لە وڵاتە عەرەبییەکاندا باوە. یەك لەو نەخۆشیانە ئەوەیە کە زۆربەی دەوڵەت و حزب و هێزە سیاسییەکانی عەرەب حەزیان لەوەیە بە نهێنی و لە ژێرەوە پەیوەندییەکانی خۆیان زۆر خۆش و گەرم و گوڕ بکەن لەگەڵ ئەمەریکاو ئینجا پەیوەندییەکە بۆ مەبەستی دەیان پیلان و کاری ناجۆر بەکار بهێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا حەزیان لەوەیە لە راگەیاندن و بە ئاشکرا، خۆیان لەئەمەریکا دوور بگرن و بە رۆژی رووناك دۆستایەتی نەکەن و وای پیشان بدەن گوایە لەگەڵ هیچ پلان و پڕۆژەیەکی ئەمەریکی بەشدار نین لە ناوچەکەدا.


لەراستیدا، ئەم سیاسەتە دوو فاقییە، زیانێکی ئێجگار گەورەی بەو دەوڵەت و ناوەندو هێزە سیاسیانەی عەرەب گەیاندووە. بگرە بۆتە هۆی ئەوەیش کە لەم نێوانەدا، واتە لەنێوانی ئەو دوو فاقییەدا، زەمینە خۆش بێت لەبەردەم بوژانەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدەو بیری توندڕەوێتی لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا. ئایا کوردو هێزە سیاسییەکانی ئامادەن ئالوودەی ئەو جۆرە نەخۆشییە بن؟ ئامادەن حەز بە دۆستایەتی نهێنی و ناحەزایەتی ئاشکرا لەگەڵ ئەمەریکا بکەن؟ ئامادەن خۆ دوور بگرن لەدەرفەتی ئەوەی کە ئەمەریکا ئەمڕۆ لەسەر خاکی عێراق مەوجوودیەتی هەیەو پێویستیی بەفاکتەری کوردە بۆ پاراستنی عێراق، ئامادەن خۆ دوور بگرن لەوەی کەڵك لە فاکتەری دەرەکی وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان؟

هەندێك جار، بە درۆ یان بەراست، ناوەندە سیاسییەکانی عێراق هەوڵ دەدەن کورد هەڵبخەڵەتێنن بەوەی کە کوردیش بەشێکە لەعێراق و چ پێویست بە چاو بڕینە فاکتەری دەرەکی ناکات و پێکهاتەکانی عێراق ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە خۆ بە خۆ، دوور لەهەموو هێزێکی دەرەکی، کێشەکانی نێوان خۆیان چارەسەر بکەن. ئەوەی راستی بێت، مەبەستی سەرەکی لەپشت ئەمجۆرە لێکدانەوانە ئەوەیە کە پردەکانی نێوان کوردو جیهان بڕووخێنرێت. مەبەست ئەوەیە کورد بە تەنیا بهێڵرێتەوە بێ هیچ پشت و پەنایەك تادەرفەتی گونجاو دێتە پێش بۆ بازدان بەسەر رۆڵەکەی لەناو عێراقدا. ئەمە یەك لەو سیاسەتانە بووە بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو لەدژی کورد بەکار هێنراوە. ئایا تۆ بڵێی کورد، کە لەبەردەم دەرفەتێکی مێژوویی دایەو رەنگە تا سەد ساڵی دیکەش ئەم دەرفەتە دووبارە نەبێتەوە، ئایا ئامادەیە بەئاسانی بازی بەسەردا بدات؟


**کورد کارێکی باش دەکات ئەگەر چاوی لەوە بێت فاکتەرێکی گرنگی دەرەکی وەک ئەمەریکا بهێنێتە ناو پڕۆسەی چارەسەر کردنی کێشە دەستوورییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدرالی لە بەغدا**

**ناوەندە سیاسییەکانی عێراق هەوڵ دەدەن کورد هەڵبخەڵەتێنن بەوەی کە کوردیش بەشێکە لەعێراق و چ پێویست بە چاو بڕینە فاکتەری دەرەکی ناکات و پێکهاتەکانی عێراق ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە خۆ بە خۆ، دوور لەهەموو هێزێکی دەرەکی، کێشەکانی نێوان خۆیان چارەسەر بکەن**

# هەتا لێبوردەیی
# دابەشکردنی دەسەڵات و پێکەوە



# دروست نەبێت
# ژیان لە عێراقدا بوونی نابێت



کێشەی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە نەبوونی گیانی لێبوردەییە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی، هۆکاری نەبوونی ئەم گیانە زۆرن، بەڵام کەی عەرەبی عێراق دەگاتە ئەو قەناعەتەی کۆتایی بە بوغز و قین و تۆڵەسەندنەوە بێنێت، بێگومان ئەمەشیان کاتێکی زۆری دەوێت، پێویستی بە زەمینەیەکە کە بگەنە ئەو ئاستەی لە پێناوی پێکەوە ژیانی سەرجەم پێکهاتەکان لە عێراقدا لە بری ئەوەی بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکرێتەوە، بیر لە پێکەوە گونجان و کۆمپرۆمایز بکرێتەوە.

ئەم پەتای نەبوونی لێبوردەییە لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە دەرەوەی وڵاتیش تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکان بوون، ئەوکات کە هێشتا عێراق ئازاد نەکرابوو، نەگەڕابوونەوە بۆ عێراق، لە بری ئەوەی نەخشە بۆ عێراقێکی نوێ دابڕێژرێت، نەخشەیان بۆ پاکتاوکردنی یەك و تۆڵە سەندنەوە دادەڕشت، ئەمە ئەو سیناریۆیە بەردەوامەیە کە لە کێشەی عێراقدا مەزندە و شیکاری سیاسیی لەسەر ناکرێت، ئەمەیە ئەو دەرگا داخراوەی بە هیچ کلیلێك ناکرێتەوە، بێجگە لە کلیلی لێبوردەیی، بەڵام ئەم کلیلە لە عێراقدا بزربووە و بوونی نییە، لێرەدا کێشەکە ئەوە نییە، ئایا ئەوانەی لەگەڵ بەشداریکردنی ئەندامانی حزبی بەعسی پێشوون (بێجگە لە سەدامییەکان) لە هەڵبژاردنی داهاتوو لەسەر هەقن؟ یان ئەوانەی دژی بەشداری ئەندامانی حزبی بەعسن ناهەقن و نایەنەوێت عێراق ئارامبێتەوە؟ مەسەلەکە لێرەدا هەق و ناهەقی نییە، بەڵکو مەسەلەکە تێنەگەیشتنە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ تێپەڕاندنی کێشەکان، ئەگەر لە ئەزموونە جیهانییەکانەوە سەیری چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوشێوەی عێراق بکەین، ئەوا زۆر گرنگە ئەزموونی باشوری ئەفریقیا لەبەر چاوبگرین، ئەمەش لەبەر ئەوە سیستمی ئاپارتاید هاوشێوەی ڕژێمی بەعسی پێشووی عێراق دژی گەلەکەی خۆی بووە و گەورەترین ڕەگەزپەرستی لەسەر ڕەنگی پێست دروستکردبوو، بەڵام نیلسۆن ماندیلا کە بەرژەوەندی ئایندەی وڵاتەکەی لەبەر چاو گرت، ئەم کێشەیەی بە ئەقڵ چارەسەرکرد لەبری ئەوەی تۆڵە لە ئەندامانی سیستمی ئاپارتاید و سپی پێستەکان بکاتەوە، پرۆسەی ئاشتەوایی و داننان بەراستییەکانی پیادەکرد، ئەمەش واتە ئەگەر ئەندامانی سیستمی ئاپارتاید دان بەو ناهەقیەدا بنێن کە دژی ڕەشپێستەکان کردویانە، ئەوا زەمینەی ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان جارێکی دیکە دروست دەبێتەوە، کێشەی عەرەبی عێراق لێرەوە دەستپێدەکات کە هەردوولایەنی شیعەو سوننە مەسەلەکان تێکەڵدەکەن و نایانەوێت دەروازەیەك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە و کۆتایی بەو بازنەی ڕووباری خوێنە بێت کە ماوەی نزیکەی ٩٠ ساڵە لە عێراق دوورناکەوێتەوە.

## شەڕی هەڵبژاردن
## یان دوورخستنەوەی بەعسییەکان

هاتنی جۆزێف بایدن لە ڕۆژی هەینی ڕابردوو بۆ عێراق و داواکردنی بۆ کۆبوونەوەیەکی چوارقۆڵی لە نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری عێراق، هەستکردنی ئیدارەی ئەمریکا بە مەترسی کێشە و نزیکبوونەوەیەتی لە تەقینەوە، بۆیە سەردانەکەی بایدن لەم کاتەدا بۆ عێراق لەم چوارچێوەیەدا سەیر دەکرێت، خۆ ئەگەر لە ژێر گوشاری ئیدارەی ئەمریکیشدا بگەنە جۆرە ڕێککەوتنێك، ئەندامانی پێشووی حزبی بەعس



ئایا ئەوانەی لەگەڵ بەشداریکردنی ئەندامانی حزبی بەعسی پێشوون (بێجگە لە سەدامییەکان) لە هەڵبژاردنی داهاتوو لەسەر هەقن؟

جارێکی دیکە پۆلێنبکەنەوە بۆ (بەعسی قیادەی قوتری و ئەو بەعسییانەی دەستیان بە خوێنی گەلانی عێراق سوور نەبووە) و تەنها ئەوانە دووربخرێنەوە کە بەعسی سەدامی لە قەڵەم دەدرێن، ئەوا لەناو هەردوو لایەنی شیعەو سوننە کاردانەوەی جیاواز دەبینین هەروەك چۆن لەیەکەم کاردانەوەی موقتەدا سەدر بەرامبەر لێدوانەکانی سەید عەممار حەکیم گوێبیستی بووین، بێگومان لەلایەن عەرەبی سوننەی عێراقیشەوە گوێبیستی هەمان کاردانەوە دەبین و ئەوانیش هەندێکیان بەرگری لەو حاڵەتە دەکەن کە نابێت بەعسییە سەدامییەکانیش بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەمەش جارێکی دیکە ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێتەوە کە:

١- لە ناو عەرەبی سوننەی عێراقدا هەتا ئێستا دەنگێکی زاڵ هەیە کە پەنا بۆ هەموو هۆکارێك دەبەن بۆ ئەوەی رژێمی پێشوو بگێڕنەوە و عێراق بگێڕنەوە بۆ سەردەمی تاکڕەوی و دیکتاتۆری، بۆیە هەتا بۆیان بکرێت داکۆکی لەو هۆکارە دەکەن کە دەبێتە فاکتەرێك بۆ نائارامی عێراق و رێگرتن لە سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا.

٢- هەتا ئێستا لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننەی عێراق ئامادە نین سەرکۆنەی ئەو رەفتارانە بکەن کە لەلایەن بەعسییە سەدامییەکانەوە دژی گەلانی عێراق پیادەکراوە، خۆ ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننەی عێراق دان بەوەدا بنێن کە ئەوەی رژێمی بەعسی سەدامی کردوویەتی هەڵەیە و ئەوان ئامادەن لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەنەوە، ئەوا دەروازەیەك بۆ کێشەکان دەکرێتەوە، بەڵام پێداگرتن و داکۆکیکردن لە رەفتارەکانی رژێم و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو سیاسەت و رەفتارانەی بەعسی سەدامی ببن بە ئەمری واقیع لە عێراقی نوێدا، ئەمەیان ئەو مەسەلەیە کە هیچ لایەنێك ناتوانێت لێیان قبوڵ بکات.

٣- لە ناو عەرەبی شیعەی عێراقیشدا بۆچوونێکی زاڵی باو هەیەو ئەم بۆچوونە زۆر جار گەیشتۆتە ئاستی تەقینەوە، بەڵام فەتواکانی ئایەتوڵلا سیستانی هێوریکردۆتەوە، ئەم بۆچوونە باوەی ناو عەرەبی شیعەی عێراق ئەوەیە کە بۆ هەتا هەتایە بزمار لە تابوتی دەسەڵاتی عەرەبی سوننە لە عێراقدا بدەن و چەندی پێیان بکرێت رێگە نەدەن عەرەبی سوننە بەشداری لە دامەزراوە گرنگەکانی حکومەتی عێراقدا بکەن، وەك (سوپا، ئاسایش و پۆلیس، نەوت) عەرەبی شیعە هەموو کات لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە هەوڵیداوە ئەم چوار دامەزراوە گرنگە لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوەو تەنانەت لەسەر ئەوەش رێگرن کورد لەو چوار دامەزراوەیە هیچ رۆڵێکی هەبێت، هەروەك چۆن کاتێك هێزیان کۆکردەوە بۆ سەر خانەقین سوپاسالاری عێراق لەبەر ئەوەی کوردبوو، ئاگاداری ناردنی هێزەکە نەبوو، لەمەش زیاتر لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق هەتا ئێستاش دژی ئەوەن هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزی پێشمەرگە بێت، ئەمەش نەك بە ناوی پێشمەرگە، بەڵکو بەناوی گاردی پاراستنی هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەوە ماوەی حەوت ساڵە رژێمی بەعس رووخاوە، لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی ئەم حەوت ساڵە کورد و شیعە هاوپەیمان بوون، کەچی تائێستا مەسەلەی بودجەی گاردی پاراستنی کوردستان نەخراوەتە سەر بودجەی فیدراڵی عێراق. لە بواری نەوت و گازیش بەهەمان شێوەیە، هەر بۆنموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بەغدا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە یاسای نەوت

**تا ئێستا لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننەی عێراق ئامادە نین سەرکۆنەی ئەو رەفتارانە بکەن کە لەلایەن بەعسییە سەدامییەکانەوە دژی گەلانی عێراق پیادەکراوە**



و گاز بنێرێت بۆ پەرلەمان و پەسەند بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسای نەوت وگازی حکومەتی فیدراڵی ئەو دەسەڵاتە دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بەڕێوەبەرێت، هەتا ئێستاش ئەو یاسایە نەگەیشتۆتە پەرلەمان و پەسەند نەکراوە، هەوڵدان بۆ مۆنۆپۆڵکردنی ئەم چوار دەسەڵاتە گرنگە لە عێراقدا کە شادەماری حکومڕانی عێراق پێکدەهێنێت، بۆتە هۆکارێك حکومەتی د.مالیکی بە دوو جۆر سیاسەت بکات، ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە عەرەبی سوننە هەبوو، ئەوا هەموو عەرەبی سوننە بەعسی سەدامین و دەبێت بە یاسای لێپرسینەوە و دادپەروەری (المساله والعداله) مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بەپێی ئەم یاسایەش رێگە نادرێت بەعسییە سەدامییەکان تیکەڵاوی پرۆسەی سیاسیی بکرێنەوە، ئەگەر مەسەلەکەش پەیوەندی بە هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکەوە هەبوو، ئەوا مەسەلەکە مەسەلەی نێوان کورد و عەرەبە و نابێت بوار بدرێت کورد



مافەکانی خۆی دەستبکەوێت، ئەم ئەقڵیەتی مۆنۆپۆڵکردنەی دەسەڵات کە ئێستا شیعەی عێراق پیادەی دەکەن، گەورەترین رێگرە لەبەردەم دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ ئەوەی ئەم کێشانە بەرەو چارەسەر ببەن، هەر ئەمەش دەرهاویشتەی دیکەی لێکەتۆتەوە و بۆتە هاندەرێك بۆ ئەوەی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی بە پلەی یەکەم و ئوردن و میسر بە پلەی دووەم پشتگیری لە هەڵوێستی عەرەبی سوننەی عێراق بکەن و هانیان بدەن بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبێت، ئەم حاڵەتە هەرگیز کۆتایی نایەت هەتا عەرەبی شیعەی عێراق نەگەنە ئەو قەناعەتەی کە رێگەی راست بۆ رزگارکردنی عێراق لەم قەیرانە تەنها دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، نەك مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات.

**پەروەردەی هەڵە، رای گشتی هەڵەی دروستکردووە**

رای گشتی لە نێو عەرەبی سوننەی عێراق بەرامبەر عەرەبی شیعە کێشە ناوخۆییەکانی هەڵپەساردووە، ئەگەر لە ناو عەرەبی سوننەی عێراقدا هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی لە عەرەبی شیعەی عێراق نزیکببنەوە، ئەوا ئەو هەوڵە لە رای ناو رای گشتی عەرەبی سوننەی عێراقدا لەبار دەبرێت، ئەمە لە ناو عەرەبی شیعەی عێراقیش بەرامبەر عەرەبی سوننە بەهەمان شێوەیە، راستە هەندێك جار شیعە بە فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیستانییەوە پابەند دەبن و دان بە خۆیاندا دەگرن و کاردانەوەی توندیان نابێت، بەڵام هەستدەکرێت عەرەبی شیعە لەگەڵ ئەوەی نایانەوێت فەتوای سیستانی پێشێلبکەن، بەڵام تۆڵەی خۆیان لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و رێکخراوی بەدر دەکەنەوە، هەروەك چۆن لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا بینیمان کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و رێکخراوی بەدر کەمترین دەنگیان هێنا، هۆکاری سەرەکی بۆ کەمی ئەم دەنگانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەنجومەنی ئیسلامی لە عێراقدا پابەندە بە

ماوەی حەوت ساڵە رژێمی بەعس رووخاوە، کەچی تائێستا مەسەلەی بودجەی گاردی پاراستنی کوردستان نەخراوەتە سەر بودجەی فیدراڵی عێراق

فەتواكانی سیستانی و ئەوەی فەتوای سیستانی بێت، بەرنامەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیشە. بۆیە شیعەی عێراق نایانەوێت بە پێی ئەو بەرنامەیە عێراق رێكبكەوێتـــەوە، بۆیـــە دەنگی خۆیان داوە بە حزبی دەعوا كە لە ئەنجومەنی بـــاڵای ئیســـلامی لەم مەســـەلەیەدا توندتـــرە، ئەم مەســـەلەیە كاریگەری لەســـەر بـــە فیدراڵیزمكردنی عێراق و دروستكردنی هەرێمە فیدراڵییەكانیش هەبووە، لەبەر ئەوەی ئێســـتا نێو ماڵی شیعە بەو ئاســـتە یەكڕیز و یەكگرتوو نییە كە هەر نۆ پارێزگاكەی باشور لە هەرێمی باشـــوری بەغدادا كۆبكاتەوە.

## چەند حكومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی لاواز بێت هێندە لە چارەسەری كێشەكان نزیک دەبینەوە

حكومڕانی بە تێگەیشـــتنی عەرەب بەگشتی و عەرەبی عێراق بە تایبەتی هەتا ئێســـتا ئەو مانایـــەی هەبووە، ئەوەی ســـەرۆكی حكومـــەت بوو یان ســـەرۆك كۆمار، ئەوە دەبێت خاوەنی هەموو دەســـەڵاتەكان بێت، بۆیە وەك لە حەوت ســـاڵی رابـــردوو بینیومانە هەردوولا عەرەبی شـــیعە و ســـوننە هێندە شەڕ لەســـەر حكومڕانی بەغدا و مۆنۆپۆڵكردنی دەســـەڵاتی بەغدا دەكەن، هێندە بەو ئاراســـتەیە هەنگاو هەڵناگرن كە باســـی دابەشـــكردنی دەســـەڵاتەكان و دروستكردنی هەرێمە فیدراڵییەكان بكەن و تەنانەت ئیدارەی ئەمریكا لە هەردوو پۆســـتی بوش و ئۆباماشدا هەتا ئێستا هەوڵی ئەوەیان نەداوە عێراقییەكان بەو چەمكە قانیع بكەن، كـــە كورد و عەرەبی ســـوننە و شـــیعە خۆیـــان حكومڕانی خۆیان بكەن، نەچەســـپاندنی ئەم چەمكە و تێنەگەیشـــتنی رای گشتی عەرەبی عێـــراق لـــە چەمكی دابەشـــكردنی دەســـەڵاتەكان و دروستكردنی هەرێمە فیدراڵییەكان، بۆتـــە هۆكاری ئەوەی كە نەتوانرێت باس لـــە پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی نێـــوان پێكهاتەكانی عێـــراق بكرێـــت، ئـــەوەی جێگەی سەرســـوڕمانی هـــەر چاودێرێكـــی سیاســـیی رۆژئاوایـــە ئەوەیە بۆچی دەســـتووری عێـــراق هەمـــوو رێگە چارەكانـــی بۆ بونیادنانـــەوەی عێراق و پێكەوەژیانـــی پێكهاتـــە جیاوازەكان دیاركـــردووە، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ كێشەكان ئاڵۆزتر و پرۆسەی سیاسیش لەبری ئەوەی بەرەو سەركەوتن بڕوات زیاتر لە شكست و هەڵدێر نزیكدەبێتەوە، ئەم حاڵەتە پێویســـتی بـــەوە هەیە كە هەوڵبدرێـــت عەرەبی عێراق لە مانای دابەشكردنی دەسەڵات و پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندا تێبگـــەن، هەموو ئاماژە و دەرهاویشـــتەكانی رەوشی سیاسیی ئێســـتای عێراق ئامـــاژەن بۆ ئەوەی هێشتا تێگەیشتن لەم چەمكانە قورسە، خۆ ئەگەر ئەو پرۆسەی دابەشكردنی دەســـەڵاتە پیادەبكرێـــت و هەرێمەكان دروستبكرێن و عەرەبی سوننە ببینێت حكومەتی تكریت لە حكومەتی بەغدا دەســـەڵاتی بەهێزترە، ئـــەوا هەرگیز بیر لەوە ناكاتـــەوە حكومەتێكی بەهێز بە حكومەتێكی دەســـەڵات سنووردار بگۆڕێتـــەوە، ئەمـــەش دەروازەیەك بۆ هەموو كێشەكانی عێراق دەكاتەوە.



**ئەم ئەقڵیەتی مۆنۆپۆڵكردنەی دەسەڵات كە ئێستا شیعەی عێراق پیادەی دەكەن، گەورەترین رێگرە لەبەردەم دۆزینەوەی دەروازەیەک بۆ ئەوەی ئەم كێشانە بەرەو چارەسەر ببەن**

## ستیفن کۆهین بۆ گوڵان:

# دوورخستنەوەو سڕینەوەی ناوی ئەو ژمارە زۆرە لە لیستی پاڵێوراوەکان دەبێتەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهانە ئەنجام نەدرێت

**پرۆفیسۆر ستیفن کۆهێن لە ساڵی ١٩٩٨ هوە یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز و لە ساڵی ٢٠٠٤ یشەوە لەلایەن ئەنجوومەنی کاروباری جیهانەوە ناوی لەریزی ئەوپینج سەد کەسە تۆمارکراوە کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە،پرۆفیسۆر کۆهین خاوەنی ١٢ کتێبە کە هەموویانی لەسەر کێشەکانی باشور ئاسیا و ئاسیاش نوسیوونی و بۆقسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا پرۆفیسۆر کۆهیین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**به دڵنیاییەوە دوورخستنەوە و سڕینەوەی ناوی ئەو ژمارە زۆرە لە لیستی پاڵێوراوەکان دەبێتەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهانە ئەنجام نەدرێت**

*** بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانەوە عێراق بە بارودۆخێکی سیاسی سەخت و توندوتیژیدا تێدەپەڕێت، بێگومان ئەم قۆناخە قۆناخێکی ئاسان نییە و هاودەنگی لایەنە جیاوازەکانی عێراقی دەوێت ئایا بەڕای تۆ ئەو هاودەنگییە نەبوو بارودۆخەکە چی بەسەردێت؟**

- من پێم وایە ئەمە قۆناغێکی ئینتیقالی گرنگە کە عێراقی پێیدا تێدەپەڕێت و بە دڵنیاییەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش مەسەلەیەکی بنەڕەتییە لەم ڕووەوە کە بەڕێوەچوونی ئەم هەڵبژاردنانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و عادیلانە لەبەرژەوەندی خەڵك و حکومەتی عێراق و لە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدایە.

*** ئایا بەتێڕوانینی ئێوە عێراقییەکان چۆن ڕەفتار دەکەن لەم هەڵبژاردنانەدا ؟**

- ئومێدی ئەمەریکا ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنانە ببنە هەنگاوێکی گرنگ لە سەر ڕێی بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسییەکە و بوار بڕەخسێنێت بۆ تێکڕای گروپ و لایەنە سیاسییە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بەشداری بکەن و دەرئەنجامەکەش ڕەنگدانەوەی ئەم فرەییە بێت.

*** بەڵام ئێستا ناوی سەدان کەس لە پاڵێوراوانی سونە بۆ هەڵبژاردنەکان دوورخراوەتەوە ئایا تاچەند ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن عەرەبی سونەی عێراقەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە بە سەدان کەس ناویان لە لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکاندا دوورخراوەتەوە، ئەمەش نیگەرانییەکی گەورەی لای بڕیار بەدەستان و سیاسەتمەدارانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی ئومێدیان وایە ئەم هەڵبژاردنانە ببنە هەنگاوێك بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە لە عێراقدا، کە بە دڵنیاییەوە دوورخستنەوە و سڕینەوەی ناوی ئەو ژمارە زۆرە لە لیستی پاڵێوراوەکان دەبێتەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهانە ئەنجام نەدرێت.



*** بەرای تۆ ئێدارەی سەرۆك ئۆباما تاچەند بایەخ بەم کێشە دەدات و تاچەند ئامادەباشی تێدابێت بۆ ئەوەی هاوکاری عێراقییەکان بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە تێپەڕێنن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە عێراقییەکان زیاتر کۆنترۆڵی ئایندەی سیاسی خۆیان بکەن و ئەمەریکاش زیاتر و زیاتر ڕۆڵێکی لاوەکی ببینێت و کەمتر دەستێوەردان و تێوەگلانی هەبێت لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراقدا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بڕیاربەدەستانی ئەمەریکا دەیانەوێت هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهانە لە عێراقدا بکرێت. ئومێدی ئەمەریکییەکان ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنانە ببنە دەرفەتێك بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق لە تایەفەگەری دووربکەنەوە و بارودۆخە ئەمنیەکە باشتر بێت بۆ ئەوەی دەنگدەران بتوانن لەسەر بنەمای تیڕوانین و بەرنامەی سیاسی لایەن و پاڵێوراوەکان دەنگ بدەن، نەك بەرژەوەندییە ئەمنیە بەرتەسکەکان زاڵبن بەسەر بیرکردنەوە و ئیختیاری دەنگدەراندا.

*** دەوڵەتە دراوسێکان بە بەردەوامی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا دەکەن، ئەمەش هۆکاری زۆرێك لە کێشەکانی عێراقە، ئایا چۆن دەتوانرێت کار بۆ سنوردارکردن و ڕاگرتنی ئەم دەستێوەردانانە بکرێت؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

خوازیاری ئەوەیە عێراقییەکان خۆیان بتوانن ئایندەو چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە لە بەرژەوەندی خودی عێراقییەکان خۆیاندایە، لەلایەکی دیکەوە سنورێك هەیە بۆ توانای ئەمەریکا و حکومەتی عێراق بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەم دەستێوەردانانە.

*** ئایا تا چ رادەیەك چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە دەبنەهۆی دواخستنی پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**


- خواست و ئومێدی ئەمەریکییەکان ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنانە بە ئاشتیانە بەرێوەبچن و ببنەهۆی لێکنزیککردنەوەی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکە و ببنە هەنگاوێك بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە، بەڵام من پێم وایە هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئەوە یەکلابکەینەوە ئایا هەڵبژاردنەکان ئەم دەرئەنجامانەیان لێدەکەوێتەوە یان نا. من پێم وایە هێشتا کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتە مەحەلییەکاندا چارەسەرنەکراون و ئەمە پێویستی بەوە هەیە کاری لەسەر بکرێت و یەکلابکرێتەوە، واتە ئەمە هێشتا تەحەددایەکە لەبەردەم عێراقییەکاندا.

*** ئەگەر هەموو رووداوەکان ئاماژەیەك بن بە مەحاڵی پێکەوەژیانی کورد و شیعە و سوننەکان، ئایا ئایندەی سیاسی عێراق چۆن دەبینیت؟**

- من پێم وایە لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا ئاراستەکە بە ئاقاری بەرەوپێشچوونە، کە من هیوادارم لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان عێراق پەرە بەرەوتێکی سیاسی بدەن کە ببێتەهۆی هێنانەدی ئومێدو ئامانجی لایەنە جیاوازەکان، هەرچەندە هێشتا ئەوە روون نییە ئایا ئەمە سەرکەوتوو دەبێت یان نا.

*** ئایا تا چ رادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایەخ بەبارودۆخی عێراق دەدات ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە هەرەس بهێنێت؟**

- من پێم وایە ئەمەریکا کار بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخی عێراق دەکات لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە، هەروەها ئەگەر پاشەکشە و شکستێکیش رویدا، ئەوا پێشبینی من ئەوەیە ـ هەرچەندە دڵنیاش نیم- کە ئەمەریکا هەوڵەکانی چڕتر دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی بارودۆخێکی باشتر.



ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە عێراقییەکان زیاتر کۆنترۆڵی ئایندەی سیاسی خۆیان بکەن

کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیەکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتە مەحەلییەکاندا تەحەددایەکە لەبەردەم عێراقییەکاندا

هۆمان سەدری بۆ گوڵان:

# هیچ لایەنێک لە عێراقدا ناتوانێت بە تەنها باڵادەست بێت و عێراق پێویستی بەبەشداربوون و هاوپەیمانێتی هەموو لایەک هەیە

**پرۆفیسۆر هۆمان سەدری ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی فلۆریدا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، سەبارەت بەرەوشی سیاسی عێراق و مەزندەکان بۆ هەڵکشانی توندوتیژی پرۆفیسۆر سەدری بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانەوە عێراق بەبارودۆخێکی سیاسی سەخت و توندوتیژیدا تێدەپەڕێت، ئێمە دەمانەوێت بپرسین خوێندنەوەو شیکردنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم بارودۆخە؟**

- لە سەرتاوە وا دەردەکەوێت توندوتیژی ناوخۆیی زیادیکردووە، بە تایبەتی لە کاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردندا، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرەوپێشچوون و ئاماژەی ئیجابیش دەبینین، بۆ نموونە هێرشەکانی سەر هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا کەمبوونەتەوە، بە چەشنێك لە مانگی ڕابردوودا تەنانەت یەك سەربازی ئەمەریکاش نەکوژراوە لە عێراقدا، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە لە ئەزمونی عێراق بڕوانین ئەوا ئەو دەرفەتەی عێراق بۆ لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی ڕەخساندووە دەتوانین بڵێین دەستکەوتێکە هیچ یەکێك لە وڵاتەکانی دەوروبەر بەدەستیان نەهێناوە، لەبەر ئەوە من گەشبینم بە ئایندەی دووری عێراق و باوەڕم وایە بەرەوپێشدەچێت و گەشەدەدکات، ئەگەرچی ڕەنگە لە مەودای نزیکیشدا بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژیشی ببینین.

*** ئەگەرچی شیعە و سوننەکان لە هیچ شتێکدا هەڵوێست و تیروانینی هاوبەشیان نییە، بەڵام لە دژی کوردەکان بە تەواوەتی یەکگرتوون و هەردوولایان هەوڵی کەمکردنەوەی مافەکانی کوردەکان دەدەن لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، ئەمەش وەك کارتێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنن. لەم حاڵەتەدا دەبێت کوردەکانیش بەرگری لە مافی خۆیان بکەن. تیروانین و خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم بارودۆخە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لە ڕاستیدا زۆر کەس بە هەڵەدا دەچێت کاتێك عێراق بە دەوڵەت و وڵاتێکی عەرەبی لە قەڵەم دەدات، لە عێراقدا تەنها نەتەوەیەکی دیاری کراو ناژیێت، بەڵکو عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، ڕاستە زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکە عەرەبن، بەڵام بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی وڵاتەکەش کوردن، کە زمانیان جیاوازە، هەروەها تورکمانەکانیش هەن کە بە تورکی قسەدەکەن، ئەگەرچی ڕێژەیان بە چەشنی ڕێژەی کوردەکان نییە، کەواتە چارەسەرەکە ئەوەیە دەبێت هاوڵاتی هەبێت بە چاوپۆشین لە خەلفییەتی ئیتنی و ئاینی کەسەکە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، کەسانێك هەن ئیتاڵی ئەمەریکین، یاخود لە ئەسڵدا سەر بە وڵاتی چینن، یاخود ئەسڵێکی ئەورووپییان هەیە.



*** حاڵی حازر مالیکی و ئەلحەکیم هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ دەدەن لە عێراقدا، ئێمە دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕێی عێراق دەکات، ئەگەر شیعەکان تەنها دەنگ بە لایەنە شیعەکان بدەن و سوننەکانیش بە پارتە سوننییەکان و کوردەکانیش بە هەمان شێوە تەنها بە لایەنە کوردییەکان دەنگ بدەن؟**

- ئەوە شیکردنەوەیەکی ڕاستە، عەرەبەکان هەوڵدەدەن دەنگ لەسەر بنەمای ئیتنی کۆبکەنەوەو کوردەکانیش

بە هەمان شێوە، من پێم وایە ئەمە تا ڕادەیەك لەو وڵاتانەدا کە لە سەرەتای قۆناغی گەشەپێدانی دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەیاندان شتێکی سروشتییە، لەبەر ئەوەی هێشتا پەرە بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو بەهێز نەدراوە، بۆ نموونە سێ سەد ساڵی پێش ئێستا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کەسانێك هەبوون پشتگیرییان لە گروپ و پێکهاتەیەکی ئیتنی دیاریکراو دەکرد، بەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی کات و ئاوێتەبوونی کۆمەڵگەکە و بەیەکداچوونیان، توانرا ئەم ناسنامە مەحەلیانە تێپەڕێنن و هەموان وەلائیان بۆ ناسنامەیەکی نەتەوەیی باڵاتر هەبێت، ئەگەرچی ئەمە ڕێی لێنەگرتن لەوەی کەلتوور و توراسی تایبەتی خۆشیان بپارێزن.

*** حاڵی حازر حکومەتی عێراق هەوڵی دوورخستنەوەی عەرەبە سوننەکان دەدات، ئەمەش دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ئەگەری موقاتەعەکردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن سوننەکانەوە، ئایا ئەگەر سوننەکان بڕیاری بەشداری نەکردنیاندا ئەمە نابێتەهۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆیی لە عێراقدا؟**

- ئەوە ڕاستە و ئەم نیگەرانی و مەترسییە لە ئارادایە لە ئاست ئەگەری دووباربوونەوەی ئەم شەڕەدا، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ڕەنگە بەهۆی گەشبینیەکەمەوە من ئومێدی ئەوە بخوازم کە سیاسییە ژیرەکانی عێراق باڵادەستبن و بەرژەوەندی دوورمەودای وڵاتەکە لەبەرچاوبگرن و هەوڵبدەن لە دوای تەوابوونی هەڵبژاردنەکانەوە کار لەگەڵ یەکدا بکەن و ئامادەبن سازش لەگەڵ یەکدا بکەن، نەك کار بۆ باڵادەستبوون و زاڵبوون بەسەر گروپ و پێکهاتەکانی دیکەدا بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە هەمووومان ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوە کە هیچ لایەنێك لە عێراقدا ناتوانێت بە تەنها باڵادەست بێت و حکومڕانی عێراق پێویستی بە بەشداربوون و هاوپەیمانێتی هەموولایەك هەیە. لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە پێویست نەکات ئێمە زۆر نیگەران بین، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانەوە ئەوا زۆرێك لە پاڵێوراوەکان هەوڵئەدەن وا دەربکەون کە پشتگیری لە پرسەکانی پەیوەست بە گروپە ئیتنیەکەیانەوە دەکەن، ئەوەش بە ئامانجی زیاترکردنی پشتیوانی لە نێو گروپەکەی خۆیاندا، بەڵام دواتر کە چونەتە ئاستێکی باڵاترە، ئەوا ناچارن سازش لەگەڵ نوێنەری گروپە ئیتنیەکانی دیکەدا بکەن. یاخود بەلای کەمەوە ئەمە ئومێدی منە. واتە ئومێدی من ئەوەیە ئەم لێدوان و گرژیانەی لەسەر شەقامەکان دەیبنین تەنها هەڵوێست وەرگرتنێکی سیاسی بێت و بەکۆتای هاتنی هەڵبژاردنەکان ئەو گرژیانە بەرەو ڕەوینەوە بچن، واتە هیواو و ئومێدی من ئەوەیە سەرنەکێشن بۆ سەرهەڵدانی کوشتار و خوێنڕێژی، چونکە ئەم ئەگەرەش لە ئارادایە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد هەمووومان ئومێدمان ئەوەیە سیاسییە ژیرەکان کەبەرژەوەندی دوورمەدای عێراق لەبەرچاودەگرن ڕێگەنەدەن بارووۆدخەکە بەم ئاقارەدا بڕوات.

*** بە پێی پێشبینیەکان ئەم هەڵبژاردنانە نابنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ئایا تا چ ڕادەیەك چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە دەبنەهۆی دواخستنی پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرژەوەندییەکی زۆری هەیە لە عێراقدا، ئەمەریکا داهاتێکی زۆری وەبەرهێناوە لە عێراقدا، هۆکارەکە چییە؟ من پێم وایە هۆکارەکە ئەوەیە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە دیموکراسییەت لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە ئەمە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەوڵەتانی دەوروبەر، چونکە جگە لە تورکیا هیچ یەکێك لە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق تەنانەت نیمچە دیموکراسیش نین، بۆ نموونە ئێران کە بە حساب وڵاتێکی دیموکراسی بوو، بڕوانن بارودۆخی ئەو وڵاتە بە کوێ گەیشتووە، بە هەمان شێوە سعودییە کە ئاشکرایە وڵاتێکی دیموکراسی نییە، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی دیموکراسی لە عێراقدا لە ناوچەیەکدا کە دەوڵەتانی دەروربەری دەوڵەتگەلێکی دیکتاتۆرین دەبێتە نمونەیەك و کاریگەری ئیجابی لێدەکەوێتەوە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایەخ بە چارەسەرکردنی ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە دەدات لە کاتی سەرهەڵدانیاندا، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا زۆر گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق نادات و پتر تەرکیز لەسەر کێشەکانی ئەفغانستان دەکات، بیروبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ڕەنگە ئێوە بتانەوێت بەراورد لە نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی جۆرج بۆشدا بکەن لە ڕووی ئەولەوییەتی هەر ئیدارەیەکەوە، من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بارودۆخی عێراق زۆر لە بارودۆخی ئەفغانستان باشترە، بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا بە ئامانجی شەڕکردن دژی تیرۆر و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و ڕاهێنان و ئاشناکردنی پێکهاتە و لایەنە جیاوازەکانی وڵاتەکە بوو بۆ ئەوەی سازش لە ئاست یەکدا بکەن تاوەکو بتوانن کێشەکانیان چارەسەربکەن، لە لایەکی دیکەوە پێدەچێت سەرچاوەی توندوتیژی و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئێستای عێراق دەرەکی نەبێت، بەڵکو سەرچاوەیەکی ناوخۆی هەیە و بۆ جیاوازی و ڕێکنەکەوتنی لایەنە

> من گەشبینم بە ئایندەی دووری عێراق و باوەڕم وایە بەرەوپێشدەچێت و گەشەدەکات

جیاوازییەکانی عێراق دەگەڕێتەوە کە ئومێدی ئەوە دەکرێت بە سازشکردنی لایەنەکان لە ئاست یەکدا بتوانن ڕەوتی سەقامگیری لە وڵاتەکەیاندا بەرەو هەڵکشان ببەن، لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین تاڵیبان و ئەل قاعیدە لە ئەفغانستاندا توانیویانە بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بکەن، لەبەر ئەوەی ڕەنگە پێویست بە کەمکردنەوەی هێز و سەرچاوە تەرخانکراوەکان بکات لە عێراقدا بۆ ئەوەی دووبارە لە ئەفغانستاندا بەکاربهێنرێنەوە. واتە بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی عێراق بەرەوپێشچووە، ئەگەرچی ئێمە هەندێ نائومێدی و ڕەشبینی لەلایەن عێراقییەکانەوە بەدی دەکەین لە ئاست ئایندەی وڵاتەکەیاندا، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکا زۆر گەشبینە لە ئاست عێراقدا، لەبەر ئەوەی خەڵکی عێراق بەرزترین ئاستی خوێندەواری و پەروەردەییان هەیە لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم وڵاتە خاوەنی سەرچاوەگەلێکی زۆر و گەورەیە و مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، لەبەر ئەوەی کاتێك دەبینین بارودۆخەکە بەرەو باشتر دەچێت، ئەوا پێویستە هەوڵەکانمان لەو شوێنانەدا چڕبکەینەوە کە پێویستیان بە سەقامگیرکردن هەیە، بۆ نموونە لە ئەفغانستاندا، لەبەر ئەوەی چەند ساڵێك پێش ئێستا ئێمە لە سەدا ٨٠ی خاکی ئەو وڵاتەمان بەدەستەوە بوو، تاڵیبان تەنها کۆنترۆڵی لە سەدا ٢٠ی خاکی وڵاتەکەی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەوە بۆتەوە. دواتر ئێمە دەبێت ئەوە بزانین بیروبۆچونی جیاواز هەیە لە بارەی دەستێوەردانی ئەمەریکا لە عێراقدا، هەندێك پێیان وایە ئەمەریکا لە پێناو بەرژەوەندی ئابووری خۆیدا دەستێوەردانی کردووە لە عێراقدا، بەڵام با ئێمە زیاتر ئەم پرسە شیبکەینەوە، ئەمەریکا داهات و داراییەکی زۆری لە عێراقدا خەرجکردووەو لە ڕاستیدا ئێمە زۆرێك لەو نەوتەی بۆ پێویستی خۆمانی دەکڕین، لە وڵاتی مەکسیك و کەنەدا و فەنزویلاوە دێن، کە مەرج نییە ئێمە ئەم نەوتە لە عێراق بکڕین، بەڵام ئایا سوود و بەرژەوەندی ئەمەریکا چییە لە عێراقدا، واتە ئایا دەستێوەردانی ئەمەریکا لە عێراقدا چ سوودێکی هەبووە، دەستێوەردانی ئەمەریکا بۆتەهۆی ئەگەری سەرکەوتنی دیموکراسی لە عێراقدا، لەگەڵ پاراستنی کەمینەکانی ئەو وڵاتە، بۆ نموونە کوردەکان، کە سەرکەوتنی عێراقیش دەبێتەهۆی شەرعییەتدان بە دەستێوەردانەکەی ئەمەریکا و نفوزی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا زیاتر دەکات.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو و**

هیچ لایەنێک لە عێراقدا ناتوانێت بە تەنها باڵادەست بێت و حکومڕانی عێراق پێویستی بە بەشداربوون و هاوپەیمانێتی هەمووولایەک هەیە



**ئاڵــۆزی هەیە لەگــەڵ حکومەتی مەرکەزیــدا، وەك کێشــەی دژوار و ئاڵۆزی کەرکوك کە مشــتومڕێکی زۆر لەسەرە ئایا چۆن پێشکەوتنەکانی کوردســتان دەبینیت و پێت وایە دەبێت بە چ شــێوەیەك حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی ئەم کێشانە چارەســەربکەن و زەمینەیەك هاوبەش بدۆزنەوە بۆ یەکلاکردنەوەیان؟**

- ئــەوەی ئێــوە ئامــاژەی پێدەکەن ڕاستە، کێشــەی کەرکوك کێشەیەکی هەســتیار و ئاڵۆزە، ئێمە دەزانین لە بنەڕەتدا شارێکی کوردی بووە، بەڵام بەهــۆی سیاســەتی تەعریبکردنەوە هەوڵدراوە باری دانیشتوانی ئەم شارە بگۆڕدرێت، بە چەشــنێك نەوەکانی ئەو کەســانە بۆ چەند دەیەیەکە لەو شــارەدا دەژین، ڕەنگە چارەسەرکردن و یەکلاکردنــەوەی ئــەم کێشــەیەش پێویستی بە سازشکردن هەیە، چونکە ناکرێــت هەموو لایەنەکان ســەد لە ســەدی داواکارییەکانیان بهێننەدی، هەرچۆنێك بێت کێشــەی ئەوەی کێ کۆنترۆڵی کاروباری شــارەکە بکات کێشەیەکی گەورە و ئاڵۆزە، من ناڵێم دەبێت کۆنترۆڵەکە پەنجا بەپەنجا بێت، بەڵام دەبێت ســیغەیەکی گونجاو بۆ هاوبەشیکردن و دابەشکردنی دەسەڵات لەم شارەدا بدۆزرێتەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی سەرەکی من بۆ کوردەکانی عێــراق ئەوەیــە مــن شــانازی بە قوربانیدانەکانــی ئێوەوە دەکەم، ئێوە لە مێژووی عێراقدا ڕوبەڕووی نەهامەتی و مامەڵــەی خراپ بونەتــەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئێوە کاتێك دەرفەتتان بۆ ڕەخسا هەوڵی دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی عێراقتان نەدا و بڕیارتاندا وەك بەشێك لەو وڵاتە بمێننەوە. لە ڕاستیدا مــن لەگەڵ زۆرێك لەو ســەربازانەدا قسەم کردووە کە لە عێراق گەڕاونەتەوە، ئەوەیــان پــێ ووتوم کە هــەر کاتێك پشویان هەبووایە و بیانتوانیایە مۆڵەت وەربگرن، ڕوویان دەکردە کوردســتان بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، لەبەر ئەوە ئەو دەســتکەوتانەی ئێوە لە ماوەیەکی کورتدا بەدەستتان هێناوە جێی شانازین و لە ڕاستیدا کوردســتان ئارامترین و سەقامگیرترین بەشــی عێراقە. لەبەر ئەوە هیوای خۆشبەختی و سەرکەوتنتان بۆ دەخــوازم، من دەزانــم ڕەنگە ئێوە دووچــاری بارودۆخی ناخۆش ببنەوە، بەڵام لە مــەودای دووردا ئایندەیەکی ڕوونــاك چاوەڕێتــان دەکات، لەبــەر ئــەوەی ئێوە خەڵکێکن خــاوەن نیەتی باشــن، هەروەها سەرکردەکانتان کار بۆ هێنانەدی دەســتکەوتگەلێك دەکەن کە گەلەکەتان شانازییان پێوەبکات. ئەوەی پێویستە ئەوەیە ئێوە بەردەوامبن لەسەر کار و کۆششەکانتان، بەردەوامبن لەسەر ئارامگری و خۆڕاگریتان.



**ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە دیموکراسیەت لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە ئەمە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەوڵەتانی دەوروبەر، چونکە جگە لە تورکیا هیچ یەکێک لە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق تەنانەت نیمچە دیموکراسیش نین**

## جاسیک کوگلەر بۆ گوڵان:

# کێشەی عێراق ئەوەیە گروپ و پێکهاتە جیاوازەکان ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر ڕێساکانی گەمەکە

**پرۆفیسۆر جاسیك کوگلەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی میشیگان پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر شەڕ و ئاشتی و دروستکردنی بڕیاری فەرمی و تیۆری گواستنەوەی دەسەڵات و هەروەها پسپۆرە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکاش لەعێراقدا، بۆ قسەکردن سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر کوگلەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**کێشەکە ئەوەیە گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر ڕێساکانی گەمەکە**

*** خوێندنەوەو شیکردنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا عێراق پێدا تێدەپەڕێت؟**

- من پێم وایە کێشەی بنەڕەتی ئێوە ئەوەیە ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی سەرچاوەکانی وڵاتەکە لە نێوان لایەن و پێکهاتە جیاوازەکاندا، بە تایبەتی داهاتی نەوت. هەروەها کێشەکە ئەوەیە گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر ڕێساکانی گەمەکە، مەبەستم ئەوەیە ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر ئەوەی چ سیستمێکی سیاسی پیادەبکەن و کێ بەشدار بێت و کێ دووربخرێتەوە.

*** بەپێی تیڕوانین و خوێندنەوەت ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا چ ڕاددەیەك بایەخ بە کێشەکانی عێراق یاخود بەبارودۆخی عێراق دەدات؟**

- لە ڕاستیدا لە حاڵەتی بوونی ناسەقامگیری و شڵەژانی سیاسیدا من نازانم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چۆن دەتوانێت پاشەکشە بەهێزە چەکدارەکانی بکات لەو وڵاتەدا، چونکە ئەو کاتە ئەمەریکا دەتوانێت بە ئاسانی هێزەکانی بکێشێتەوە لە عێراقدا کە دۆخە ئەمنی و سیاسییەکە سەقامگیرن، کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش دەبێت لایەن و پارتە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێك لە نێو خۆیاندا.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە دەبنەهۆی دواخستنی پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- بە تیڕوانینی من ئەگەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان نارەزایی و ڕەتکردنەوەیان لێبکەوێتەوە، ئەوا دەبنە هۆکارێك بۆ درێژەکێشان و بەردەوام بوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان، ئەو کاتە دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووبارە پێداچوونەوە بکاتەوە لە بارەی ئەوەی کەی و بە چ ڕەوتێك هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە، هەروەها دەبێت بایەخ بە سەقامگیری هەرێمی کوردستان بدات. کەواتە ئەگەر من ڕاسپاردەیەکەم هەبێت بۆ خەڵکی عێراق، ئەوا پێیان دەڵێم خێراترین ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە وڵاتەکەتاندا چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکانتانە.

*** حاڵی حازر حکومەتی عێراق هەوڵی دوورخستنەوەی عەرەبە سوننەکان دەدات، ئەمەش دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ئەگەری موقاتەعەکردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن سوننەکانەوە، ئایا ئەگەر سوننەکان بڕیاری بەشداری نەکردنیاندا ئەمە نابێتەهۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆیی لە عێراقدا؟**



- من هیوادارم ئەو کێشە جیددییە پێش هەڵبژاردنەکان چارەسەربکرێت، لەبەر ئەوەی دوورخستنەوە و بێبەشکردنی بەشێکی بەرچاوی پاڵێوراوەکان لە هەڵبژاردنەکان کارێکی یارمەتیدەر نییە لە شەرعییەت بەخشین بە پرۆسە سیاسییەکە نە لە سەر ئاستی ناوەوە و نە لەسەر ئاستی جیهان یاخود ئاستی نێودەوڵەتی.

*** ئەگەر شیعەکان تەنها دەنگ بەلایەنە شیعەکان بدەن و سوننەکانیش بە پارتە سوننییەکان و کوردەکانیش بە هەمان شێوە تەنها بە لایەنە کوردییەکان ئایا پرۆسە سیاسییەکە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە واقیعێکە و دەبێت ئێمە لەبەرچاوی بگرین، کە بریتییە لەوەی پاڵنەری زۆرێك لە دەنگدەران پاڵنەری ئیتنی و ئایینین، بەڵام ئەوەی ئێوە دەتوانن ئەنجامی بدەن و پێویستیشە ئەنجامی بدەن، ئەوەیە بگەنە ڕێککەوتنێك لە نێو خۆتاندا بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی دابەشکردنی دەسەڵات، ئایا لە ڕێی پیادەکردنی فیدراڵیزمەوە بێت یاخود هەر شێوەیەکی دیکە، هەروەها دەبێت کێشەی چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکانیش یەکلابکەنەوە بە تایبەتی داهاتی نەوت، چونکە بە بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە توندوتیژی درێژەدەکێشێت. لە لایەکی دیکە دەبێت ئەو حکومەتەکەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پێکدەهێنرێت جێی ڕەزامەندی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق بن، چونکە نارەزایی هەر یەکێك لەو پێکهاتانە دەبێتەهۆی دروستبوونی ناسەقامگیری. لە ڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت لە لایەن عێراقییەکان خۆیانەوە یەکلابکرێنەوە، چونکە نە ئەمەریکا و نە هیچ هێزێکی دیکەی دەرەکی ناتوانن سیستمێکی سیاسی




دیاری کراو لە ڕێی هێزەوە بەسەر عێراقدا بسەپێنن ئەگەر خەڵکی ئەو وڵاتە پشتگیری لێنەکەن. ئەمەریکا پێشنیاری پیادەکردنی فیدراڵیزمی کردووە لە عێراقدا کە ئاشکرایە بەشێکی زۆری عێراقییەکان ڕەتی دەکەنەوە، هەرچۆنێك بێت دەبێت ئێوە بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهات بۆ ئەوەی هەموولایەك پشتگیری لە سیستمە سیاسییەکەی وڵاتەکە بکەن. ئەگەر بتوانن ئەم ئامانجە بەدەست بهێنن ئەوا دەتوانن سەقامگیری لە وڵاتەکەدا بچەسپێنن.

*** دەوڵەتە دراوسێکان بە بەردەوامی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا دەکەن، ئەمەش هۆکاری زۆرێك لە کێشەکانی عێراقە، ئایا چۆن دەتوانرێت کار بۆ سنوردارکردن و ڕاگرتنی ئەم دەستێوەردانانە بکرێت؟**

- ئەو کاتە زەمینەی دەستێوەردانی هێز و دەوڵەتە دەرەکییەکانی دروست دەبێت کە دەسەڵاتی سیاسی و سیستمی وڵاتەکە لاواز و لەرزۆك بن، بە پێچەوانەوە ئەگەر سەقامگیری لە وڵاتەکەدا هەبێت، ئەگەر لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان کێشە و جیاوازییەکانی نێوانی خۆیان چارەسەرکردبێت و لەسەر ڕێساکانی گەمەکە ڕێککەوتبێتن و پێوەی پابەندبن، واتە ئەگەر بتوانن پێکەوە کاربکەن و درز و کەلێنێك جێنەهێڵن بۆ ئەوەی هێزە دەرەکییەکان کەڵکی لێوەرگرن بۆ ئەوەی بە پێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەوڵی دیاری کردنی ڕەوت و ئاڕاستەی ڕوداوەکان بکەن، ئەو کاتە ئەو دەستێوەردانانە سنورداردەبن و کەم دەبنەوە. بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت لەلایەن خودی عێراقییەکان خۆیان یەکلابکرێنەوە. واتە تاوەکو حکومەتی عێراقی زیاتر کارا و سەقامگیر بێت، ئەوا هێزەکانی ئەمەریکا بە ئاسانی دەتوانن ئەو وڵاتە جێبهێڵن و عێراقییەکانیش باشتر دەتوانن حکومڕانێتی وڵاتەکەی خۆیان بکەن و سەروەری بەدەستبهێننەوە، ئەو کاتە باشتر دەتوانن کاروبارەکانی بەڕێوەببەن. بە پێچەوانەوە تاوەکو عێراقییەکان شەڕ لەگەڵ یەکدا بکەن و لەنێوخۆیاندا دابەش بن، ئەوا دەرفەت و زەمینەی زیاتر بۆ دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان زیاتر دەبێت.

*** چۆن پێشکەوتنەکانی کوردستان دەبینیت و پێت وایە دەبێت بە چ شێوەیەك حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی ئەم کێشانە چارەسەربکەن و زەمینەیەك هاوبەش بدۆزنەوە بۆ یەکلاکردنەوەیان؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە لایەنەکانی فیدراڵیزم، مەبەستم بوونی حکومەتە مەحەلی یان حکومەتی ئیقلیمی لە پاڵ حکومەتی مەرکەزیدا، واتە لە فیدراڵیزمدا دابەشکردنی دەسەڵات و نامەرکەزییەت هەیە، بەڵام دەبێت چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و ئاستی نامەرکەزیەتە لە لایەن عێراقییەکان خۆیانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و یەکلابکرێتەوە. هەرچۆنێك بێت دەبێت عێراقییەکان لەسەر ڕێساکانی گەمەکە ڕێکبکەون، من نازانم ئەو ڕێسایانە دەبێت چۆن بن، بەڵام دەبێت هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی وڵاتەکە پشتگیری لێبکەن، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە لایەن هەر یەکێك لەو سێ پێکهاتە سەرەکییەوە بەرهەڵستی بکرێن و ڕەتبکرێنەوە ئەوا وڵاتەکە سەقامگیری بەخۆوە نابینێت.

*** ئەگەر هەموو ڕووداوەکان ئاماژەیەك بن بە مەحاڵی پێکەوەژیانی کورد و شیعە و سوننەکان، ئایا ئایندەی سیاسی عێراق چۆن دەبینیت؟**


- ئەگەر هەموو هەوڵەکان بۆ هێنانەدی وڵاتێکی یەکگرتوو شکست بهێنن، ئەوا ئاشکرایە ڕووبەڕووی ئەگەری پارچە پارچە بوون و دابەشبوونی وڵاتەکە دەبنەوە، ئەمە لە هەندێ لەو وڵاتانەشدا ڕوویدا کە تا ڕاددەیەکی دیاریکراو وڵاتێکی پێشکەوتوو بوون، ئەمە لە چیسلۆ فاکیا ڕوویدا کە وڵاتەکە دابەش بوو بۆ چیك و سلۆ فاکیا، هەروەها لە یوغسلافیاشدا ڕوویدا هەرچەندە دابەشبوونی یوگسلافیا خوێنڕێژی و کوشتاری لێکەوتەوە. بەتیڕوانینی من دابەشبوونی هیچ وڵاتێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارێکی باش نییە بە تایبەتی عێراق، لەبەر ئەوە من هیوادارم عێراقییەکان بتوانن کێشە سیاسییەکانی خۆیان چارەسەربکەن، چونکە من نازانم چۆن کوردستانێکی بچووك، یاخود دەوڵەتێکی شیعەی بچووك و بە هەمان شێوە دەوڵەتێکی سوننەی بچووکیش دەبنە هۆکارێك بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکە و بەشداردەبن لە بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی بارودۆخی ناوخۆی خۆیان و باشترکردنی ژیانی دانیشتوانەکەیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر عێراقییەکان نەتوانن کێشە و جیاوازییەکانیان چارەسەربکەن و ئەگەر وڵاتەکە تەنها بە زنجیرە ڕووداوێکی خوێناویدا تێپەڕێت، ئەوا ڕەنگە دابەشبوون یەکێك بێت لە ڕێگاچارەکان، هەرچەندە ئەمەش کاریگەری گەورەی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئاستی جیهان و بە دڵنیاییەوە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر خەڵکی عێراق.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم ئەگەر کوردستان خوازیاری ئەوەبێت سەربەخۆی بەدەست بهێنێت ئەوا دەبێت بەرهەڵستی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران لەبەرچاوبگرێت لە حاڵەتی بەدەستهێنانی ئەم سەربەخۆییەدا.

**ئەگەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان نارەزایی و ڕەتکردنەوەیان لێبکەوێتەوە، ئەوا دەبنە هۆکارێک بۆ درێژەکێشان و بەردەوام بوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان**

**لە فیدراڵیزمدا دابەشکردنی دەسەڵات و نامەرکەزییەت هەیە، بەڵام دەبێت چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و ئاستی نامەرکەزیەتە لە لایەن عێراقییەکان خۆیانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و یەکلابکرێتەوە**


"Circulation Books Open to All."
MURPHY NAMES
DOYLE LEADER
IN KINGS COUNTY
-DISPATCH
20 PAGES.
YOUNG GIRL'S FATE

# پابەندنەبوون بە ئاکاری ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵەوە متمانەی هاوڵاتیانی بە میدیای کوردستان لاواز کردووە




«ڕۆژنامەگەری سەنگین، دەست پاک لە گەیاندنی زانیاری و خاوەنی ئەقلێکی زیرەک کە بە مەعریفە مەشقدرابێت، بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی دەدات و دەبێتە خاوەنی ئەو بوێرییەی ئامانجەکانی خۆی بەدیبهێنێت، هەروەها لە توانایدا دەبێت بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت، بەبێبوونی ئەم ڕۆژنامەگەرییە سەنگینە حکومەتی دیموکراتی دەبێتە جێگەی گاڵتەجاڕی، لە هەمانکاتدا ئەو ڕۆژنامەگەرییە ئاست نزمانەی گومان لەسەر بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە دروستدەکەن و بەتێپەڕبوونی کات کۆمەڵگەیەکی خراپی وەک خۆی دروستدەکات»

جۆزیف پۆلیتزر

ئـەو قسـانەی لەنـاو دووکەوانەکەی سـەرەوە نووسـیومانە، جۆزیف پۆلیتزر لە سـاڵی ١٩٠٤ لە وتاری (( کۆلێژی ڕۆژنامەگـەری )) کە لە گۆڤاری (( زە نۆرس ئەمریکا ریڤیوو )) بڵاویکردۆتەوە، ئاماژەی پێکردوون، دووبارە نووسینەوەی ئەم گوتانە بۆ دەستپێکی ئەم ڕاپۆرتە تەنها بەو مەبەسـتە نیە کە بە چەند وشەیەك دەستپێکی ئەم ڕاپۆرتە برازێنینەوە، نەخێر ئامانجمان لە دووبارە نووسـینەوەی ئەو چەنـد دێرە بۆ ئەوەیە کـە بەخوێنەرانی خۆمان بڵێین ئەو وشانە لەناو چ ئازارێکدا لە دایك بـوون و کەموکورتیەکانی میدیا چەند ئازاری خاوەنی ڕۆژنامەی نیۆرك وۆرلـدی داوە کە ١١٨ سـاڵ لەمەوپێش لەمەترسی کەموکورتیەکانی میدیا گەلی ئەمریـکای ئـاگادار کردۆتەوە،پۆلیتزر کە ئێسـتا ناوی گەورەتریـن مەدالیای شـەرەفی کاری ڕۆژنامەگـەری پرۆفیشناڵە، لەو ڕاستیە تێگەیشتبوو، کە کاری ڕۆژنامەوانی کارێکی دووسـەرەیە هەم دەتوانرێت ببێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو پێشـەوە بچێت و هەمیش دەتوانرێت ببێتە فاکتەرێك کۆمەڵگەی پێ تێکبدرێت،لایەنێکـی دیکە کە لەو گوتە بەرزانەی پۆلیتزر فێـری دەبین ئەوەیە، جۆزیف پۆلیتزر نەهاتووە بڵێت ڕۆژنامەی نیۆرك وۆرڵد باشـەو فەرموون با هەموو ڕۆژنامەکانی دیکە لاساییبکەنەوە، نەخێر ئەو کێشـانەی لەو کاتـەدا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری ئەمریکا بۆتەوە،بەهەمان شێوە ڕووبەرووی ڕۆژنامەی نیۆرك وۆرلد بۆتەوە، بۆیە ئێمەش کە قسـە لەسەر ئەم باسە دەکەین نامانەوێت خوێنەرانی خۆمان بەو ئاراستەیە بەرین، کە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان دوورین لەو کێشە و کەموکورتیانەو دەمانەوێت وەعز بـۆ خەڵك بدەین، نەخێر ئێمـەش وەك پۆلیتزر، گوڵان لەم کێشـە و کەموکورتیانـە جیاناکەینەوە، بەڵکو بە خوێنـەری خۆمان دەڵێیـن ئەمڕۆ کاری ڕاگەیاندن لە کوردستان هەر هەمووی بە حکومی و ناحکومی و بەحزبی و ناحزبییەوە بەدەست دیاردەکەیەوە دەناڵێنێت و پێویستە هەموومان بیری لێبکەینـەوە بۆ ئەوەی پرۆژەیەك بەرهەمبێنین بەرهەمی سەرجەم بیرو بۆچوونە جیـاوازەکان بێت، پۆلیتزر بە ئاسـتێك بایەخی میدیای سـەنگین بەرزدەکاتەوە کە نووسیویەتی: (( ئایینده‌ی کۆمارە ئازادەکەمـان و ڕۆژنامەگەریمان پێکـەوە هەڵدەسـتنەوەو پێکیشـەوە لەبەریەکهەڵدەوەشـێن، ئەو دەسـەڵاتەی دەبێتـە دارێـژەری ئاینـدەی کۆماری ئەمریکا لەدەسـتی ڕۆژنامەنووسەکانی داهاتوومانداية))، بۆ ئەم قۆناخەی ئێمە گرنگە بەو ئاسـتە لە بایەخی میدیای سـەنگین تێبگەین و هەمـوو پێکەوە بە جیاوازی بیروبۆچوونەکانمانەوە لەو خاڵەدا یەکبگرینەوە کە نابێت میدیای سـەنگین شـکۆی بێتە خـوارەوە، لەبـەر ئەوەی هاتنەخوارەوەی شکۆی میدیای سەنگین ڕاسـتەوخۆ هۆکارێکە بۆ هاتنەخوارەوەی شکۆی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆ و عێـراق و ناوچەکەو جیهانیش، بەڵام ڕاگرتنی شکۆی سەنگینی میدیا هۆکارێکی دیکە بۆ ڕاگرتنی شـکۆی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو عێراق و ناوچەکە و جیهانیش، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی پرسیارو هەڵدەگرێت سـەدان لێکۆڵینـەوەی ڕۆژنامەوانی و ئەکادیمـی لەسـەر ئەنجامبدرێـت ئەو پرسیارەیە، ئایا زەمینەی پاراستنی شکۆی میدیای سـەنگین چۆن دروستدەکرێت؟ پۆلیتزر ناسـنامەی میدیای سەنگین بە چەند خاڵێك دیاریکردووە:


١- دەبێت میدیا ڕاستگۆ بێت لە گەیاندنی زانیاری.

٢- دەبێـت میدیا بەرژەوەندی گشـتی هاوڵاتیان و وڵات لەبەرچاو بگرێت.

٣- دەبێـت ئەوانەی لـە میدیا کاردەکەن خاوەنی ئەقڵێکی زیرەك بوون و ئەو ئەقڵەش بە مەعریفە مەشقی پێ کرابێت.


٤- بوونی ئەم سێ خاڵە لە هەرمیدیایەکدا دەبێتە هۆکاری ئـەوەی کە میدیایەکی بوێر لەدایـك بێت ئـەوەی ئامانجیەتی بەدەسـتیبهێنێت و پارێـزگاری بە بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی خۆشیەوە بکات.

٥- نەبوونی ئەو سێ خاڵە ڕۆژنامەگەرییەك بەرهەمدەهێنێت کە گومان لەسەر هەموو بەهـا بەرزەکانی کۆمەڵگەی دروسـت و بەهاکانـی کۆمەڵگـە لـە پێنـاوی ئاژاوەگێری و کاسەلێسـیدا دەخاتە ژێر گومـان و پرسـیارەوە، ئـەم ڕاگەیاندنە ئاست نزمە بە بەردەوامبوونی و بە تێپەربوونـی کات، کۆمەڵگەیەکی خراپی وەك خۆی بەرهەمدێنێت.



بۆ دوورکەوتنەوە لەم مەترسـیە ترسناکە، پۆلیتزر لەسـاڵی ١٨٩٢هەموو سامانی خۆی پێشکەشـی زانکـۆی کۆلۆمبیا کرد بـۆ ئـەوەی یەکەمیـن کۆلێژی ڕۆژنامەگـەری لە ئەمریـکا بکرێتەوە، بەڵام ئەو کاتی ئەمریکا وەك ئێسـتای ئێمە لە کوردستان چۆن سەیری ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری دەکەین ئەوانیش بەوجۆرە سەیری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕاگەیاندنیان دەکرد، بۆیـە گاڵتەیان بە پێشنیارەکەی پۆلیتزر دەکرد و دەیانپرسی ئایا ڕۆژنامەگـەری چیە هەتا کۆلێژی بۆ بکرێتەوە، ئەمەش وایکرد ئەنجوومەنی زانکۆ پێشنیارەکەی پۆلیتزر ڕەتبکەنەوە،هەر بۆیە جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٠٤ وتارە بەناوبانگەکەی بە ناونیشـانی ( کۆلێژی ڕۆژنامەگەری ) بڵاوکـردەوە، کە تیایدا

**گرنگە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەکوردستان ئامادەبکات و بیخاتە بەردەستی یاساناس و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی پرۆژەی هەمواركردنی یاساکە تاوتو بکەن**



پێو یستی
فێر بو و نــی

هونەری رۆژنامەگەری ئاماژە پێکردبوو، لەسـاڵی ١٩١٠ زانکـۆی کۆلۆمبیـا پارەکەی پۆلیتزری بۆ کردنەوەی کۆلێژی رۆژنامەگــەری قبوڵکرد، بــەڵام پێش ئەوەی کۆلێژەکە بکرێتەوە پۆلیتزر کۆچی دوایی کرد.بەڵام ئەم هەنگاوەی پۆلیتزر بە جۆرێك راگەیاندنی لە ئەمریکا خستەوە سەر سکەی خۆی کە میدیای سەنگین بــووە نەریتی کۆماری ئازادی ئەمریکا، ئــەو میدیایەی جیفرســۆن ئومێدی بۆ دەخواســت و دەیگوت (( ئەگەر بکەومە بەرامبەر ئــەو هەڵبژاردنــەی لە نێوان پەرلەمانێکی ئازاد و میدیایەکی ئازاددا یەکێکیان هەڵبژێــرم، من میدیا ئازادەکە هەڵدەبژێرم)) سەنگ و شکۆی میدیای ئازادی ســەنگین لە پەرلەمانێکی ئازاد زۆر کاریگەرتــرە، بۆیــە کاتێك میدیا دووچاری گرفت و کەموکورتی دەبێتەوە هەموو پرۆســە سیاســیەکە دووچاری هەمان گرفت دەبێتەوە.

ئەم باســە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئێســتای باری راگەیاندنی کوردستان ســوودی لێوەربگرین، ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکان بۆ رێکخستنەوەی کاری راگەیانــدن لە هەمـــوو لایەکەوە بخرێتە روو، ئێمە ناڵێین پێویستە ئێمەش کۆلێــژی راگەیانــدن بکەینــەوە و بە کادری ئەکادیمی ئەم کێشــەیە چارەسەر بکەین، نەخێر لەبەر ئەوەی لە کوردستان چەندین کۆلێــژ و پەیمانگای راگەیاندن هەیە و ئێستا لە کێشــەیەکدا دەژین کە خەریکە کۆدەنگی هەموو لایەکی لەسەر دروســتدەبێت بۆ ئەوەی هەرچۆنیك بێت رێگــە چارەیەرکی بــۆ بدۆزرێتەوە و بۆ ئەوەی ئــەو تەنگژەیەی ئەمرۆ میدیای کوردســتانی تێکەوتــووە تێپەرێنین، ئەم تەنگژەیــە بــە بۆچوونی ئــەم راپۆرتە پێویستی بەم هەنگاوانە هەیە:

١- زۆر گرنگــە ســەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە بوێرانە بێتە ناو کێشــەکە و ئیعتراف بەو کەموکورتی و کەلێنانە بکات کە دوای جێبەجێکردنی یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان دەرکەتوون.

٢- گرنگە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردســتان پــرۆژەی هەمەوارکردنەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەکوردستان ئامادەبکات و بیخاتە بەردەستی یاساناس و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی پــرۆژەی هەمواردکردنی یاســاکە تاوتو بکەن.

٣- گرنگــە دوای گەڵاڵــە بوونی ئەم پرۆژەیە ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردستان راســتەوخۆ لەگەڵ وەزارەتی رۆشــنبیری و حکومــەت دیالۆگ و کۆبوونەوەی فەرمی دەســت پێبکات بۆ ئەوەی پرۆژەی هەمەوارکردنەکە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکرێت.

٤- گرنگە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان چاو بە پێناسەی رۆژنامەنووسی کارا و رۆژنامەنووسی هاوبەشدا بخشێنێتەوە و مەرجی ئەوە دابنێت نابێت ئەو کەسەی کاری رۆژنامەنووســی دەکات ئاســتی خوێندنی لە کۆلێــژ یان پەیمانگا کەمتر بێت، ئــەم مەرجە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەنگ و شکۆ بۆ کۆلێژو پەیمانگاکانی راگەیاندن لە کوردستان بگەرێتەوە، ئاخر چۆن دەبێت کەســێك ٤ ســاڵ هونەری رۆژنامەگەری بخوێنێت هەمان پێناسەی ئەو رۆژنامەنووسەی پێبدرێت کە قۆناخی بنەرەتی تەواو نەکردووە، باشە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان چیمان پێدەڵێن لە کاتێکداهەڵگری ناسنامەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان قۆناخی بنەرەتی خوێندنی تێنەپەراندبێت.


٥- زۆر گرنگــە ئەو گۆڤارەی ئێســتا سەندیکای رۆژنامەنووسان دەریدەکات،ببێتە گۆڤارێکــی مانگانە و لەبــری ئەوەی تەنها بایەخ بــە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بدات،بایەخ بە زانســتی هونەری رۆژنامەگەری بدات و بەدوای ئەو هەواڵ و بابەتانە بکەوێت، کە بنەماکانی کاری رۆژنامەگەری پرۆ فیشناڵیان پێشیلکردووە، بۆ خەڵکی بڵاو بکەنەوە.

٦- دوای ئەم هەنگاوانە و بۆ گێرانەوەی بەهای کەســێتی رۆژنامەنــووس هەقە ســەندیکا کار بۆ گێرانــەوەی خەڵاتی رێزلێنان لە رۆژنامەنووســان و ئاسانکاری بــۆ رۆژنامەنووس لە کاتی نەخۆشــی و تەنگانەدا بکات،ئێمە دەزانین ئێســتا ئەم کارە بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان قورسە لەبەر ئەوەی ژمارەی رۆژنامەنووســانی پرۆ فیشــناڵ لە تۆماری ســەندیکادا لە رادەبەدەرە،بــەڵام ئەگــەر ئــەم ژمارەیە لەبێژنگ بدرێت ئەو کاتە دەتوانرێت باسی ئیمتیازاتیش بۆ رۆژنامەنووس بکرێت.

ماوەتەوە ئــەوە بڵێن، کاتێك ئەم هەنگاوانە هەمووییــان رووبــەرووی ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان دەکەینەوە، لەو راســتیە بێ ئاگانین کە ئەم کێشەیە پەیوەندی بە زۆر لایەنی دیکەوە هەیە وەك وەزارەتی رۆشنبیری، حکومەت، پەرلەمان، ناوەندەکانــی بریار لە کوردســتان، حزبە سیاسیەکان، بەڵام هەنگاوی یەکەم دەبێت لەسەندیکای رۆژنامەنووسانەوە دەستپێبکات و هەر دەبێت سەندیکای رۆژنامەنووسانیش داینەمۆی بەگەرخستنی هەموو هەوڵەکانی دیکــە بێت بۆ ئەوەی ئــەو کەموکورتیانە چارەســەر بکرێن و ســەنگ و شکۆ بۆ کاری رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسانیش بگەرێتەوە.

**گرنگە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان چاو بە پێناسەی رۆژنامەنووسی کارا و رۆژنامەنووسی هاوبەشدا بخشێنێتەوە**

**فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان چیمان پێدەڵێن لە کاتێکداهەڵگری ناسنامەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان قۆناخی بنەرەتی خوێندنی تێنەپەراندبێت**



**کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و**
**وتەبێژی فەرمی حکومەت لە دیمانەیەکی تایبەت بۆ گوڵان:**

# یاسای کاری رۆژنامەگەری کوردستان کۆمەڵێک کەلێن و کەموکورتی تێدایە پێویستە پڕیانبکەینەوە

هادی مەحمود ناوێکە کە سیاسەت ئەو ناوەی بە باڵایدا بڕیوە،هادی ئەگەرچی هێمنەو خۆی لە شت هەڵناقورتێنێ،بەڵام کەسێکی رۆشنبیرەو لە خوێندنەوە نەکەوتووە، بڕوای بە فرەیی لە ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕ هەیە، ئەوچەند ساڵەی لە ئەورووپاش ژیاوە،دونیابینینی هادی کراوەتر کردووە،جارانیش بڕوای بە دیالۆگ هەبوو،کەسایەتییەکی خۆویست نەبووەو ئێستاش هەروایە، رەنگە بە درێژایی ئەو (١٨)ساڵەی حکومەتی هەرێم تاکە وەزیرێك بێت کە دوای ئەوەی لە فەرمانگەی وەزارەت دەگەڕێتەوە ماڵ، ئیتر ئۆتومبێلی حکومەت لێناخوڕێ،بەڵکو بە ئۆتومبیلە چکۆڵەکەی خۆی هاتووچۆدەکات و نەشوفێر نە هیچ پاسەوانێکیشی لەگەڵدا نابێت،دیارە بڕوای پێ نییە،ئەمە رێك پێچەوانەی بەرپرسەکانی ئەمڕۆیە، مووچەی وەزیرییەکەشی بەشێکی بۆ حزب دەگەڕێنێتەوەو هەندێکیشی بۆ ئەنفال و ئەو قوتابیانەی بە ئومێدی خوێندنن لە دەرەوەو هەروەها ئەو منداڵە چاوگەشانەی بێ سەرپەرشتن،واتە کۆی ئەو مووچەی بۆخۆی دەمینێتەوە تەنهاسەدا پەنجای مووچەیەکە.

ئێمە وەکوو گۆڤاری گوڵان پێش ئەوەی کاوە مەحمود پۆستی وەزیری رۆشنبیری و وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، وەك هادی مەحمود ئەندامی (م.س)حزبی شیوعی چەندین جار لەسەر پرسە رۆشنبیریی و سیاسیە هەستیارەکان دیمانەی تایبەتیمان لەگەڵدا کردووە، بەڵام وەك کاوە مەحمودی وەزیرو وتەبێژ، ئەمە یەکەمجارە دیمانەی لەگەڵدەکەین، بەڵام ئەم سادەییەی جەنابی وەزیر ئەو گۆڕانکاریانە لە چاوە تیژەکانی رۆژنامەنووس ناشارێتەوە کە ئێمە لەم دیدارە هەستمان پێکرد، بۆیە ئێمە هەر بەحسابی جاران پرسیار و موناقەشەی خۆمان دەکرد و هاوڕێ کاوەش بەزمانی ئێستا کە وەزیر و وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەڵامی دەداینەوە، بۆیە ئەمجارەیان ئێمە پرسیاری ورووژێنەرترمان ئاراستە دەکرد بەڵام ئەو یان بە پێکەنینێکی ناسك یان زۆر کۆنزێرڤاتیڤانە وشەکانی رێکدەخست و وەڵامی دەداینەوە، بەهەرحاڵ ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان سوپاسی ئەو دەستپێشخەریەی دەکەین کە بەرێزی لوتفی کرد خۆی هات بۆ گوڵان،کە ئەمەش بۆ ئەو تەوازوع و سادەییەی خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەش لە خوێنەرانی خۆمان ناشارینەوە و وەك ئەوەی ئێمە بیستوومانە چوونی ئێمە بۆ وەزارەت بۆ ئەوەی ئەم دیدارە لەگەڵ بەرێزی ئەنجامبدەین، چەند کاتژمێرێکی لە دەوامی فەرمی جەنابی وەزیر دەبرد، بۆیە ئەو ئەودیوی لە ئێمە گرتەوە و دوای دەوامی فەرمی سەردانی کردین، ئێمە لە کاتێکدا پیرۆزبایی لە بەرێز هادی مەحمود دەکەین بۆ ئەم پۆستە تازەیەی لە هەمانکاتدا هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و با بزانین لەگەڵ هاوڕێ کاوە چیمان باسکرد؟

*** سەرەتا دەمانەوێت لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە ئەمڕۆ دیاردەیەکی بەربڵاوی فراوانبوونی میدیایە کە لە کوردستان هەستی پێدەکرێت لەسەر ئاستی نووسراو بینراو و بیستراو،ئێمە جارێ پرسیاری ئەوەت لێناکەین کە بەڕێزت وەك وەزیری رۆشنبیری بەرنامەت چیە بۆ ئەم دیاردەیە، بەڵکو دەپرسین ئایا خۆت وەك رۆشنبیرێك چۆن سەیری ئەم دیاردەیە دەکەیت؟**

- ئەگەر ئێمە لەبوارێکی زانستیەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، ئەوا دەبێت رۆژنامەگەری بە خۆی تایبەتمەندیەکانیەوە لە بوارەکانی رۆشنبیری جیابکرێتەوە،بەڵام زۆر لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسە هەستدەکەین جۆرە تێکەڵبوونێکی تێدایە،لەبەر ئەوەی بواری رۆشنبیری تایبەتمەندی خۆی هەیە و بواری راگەیاندنیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، جالەبەر ئەوەی وەزراەتی ئێمە وەزارەتی رۆشنبیرییە کەواتە کاروباری وەزارەتی ئێمە کاروباری رۆشنبیریە، بەڵام لەبەرئەوەی وەزارەتی راگەیاندنمان نیە، مانای وانیە ئێمە پەیوەندیمان بە راگەیاندنەوە نیە،نەخێر ئێمە چەندین کەناڵی راگەیاندنمان هەیە،ئەوجا چ کەناڵە راگەیاندنەکان حزبی بن یان ئەهلی بن، یان هەمانن کە بە ئەهلی ناسراون و لەژێرەوە حزبە سیاسیەکان خەرجیەکانیان بۆ دابیندەکەن،لە هەمانکاتدا حکومەتیش پێویستی بە جۆرێك لە راگەیاندن هەیە،بەڵام مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو راگەیاندنەی حکومەت بەکاریدەهێنێت بەچ شێوازێك بێت،ئایا بەو شێوازە بێت کە راگەیاندنی حکومەت تەعبیر لەبۆچوونی ئەو لایەنە بکات کە لە حکومەتدا زۆرینەی هەیە،یان راگەیاندنێك بێت جۆرە سەربەخۆییەکی هەبێت،هەربۆنموونە وەك ئەو راگەیاندنە حکومیانەی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا بوونیان هەیە،کەپێیدە گوترێت راگەیاندنی گشتی، مەرج نیە ئەم راگەیاندنە گشتییە یەکسان بێت بەراگەیاندنی حکومی،بەو مانایەی هەر حکومەتێك بێت ئەو راگەیاندنە هی ئەو حکومەتە بێت و کە ئەو رۆشت بگۆڕدرێت،بۆیە ئەم بوارە فراوانەی کۆمەڵێك خەڵك کاری تێدادەکات، ئێمە ئەگەر رەخنەمان لەسەری هەبێت یا بمانەوێت ریکیبخەینەوە، ئەوا تەنها یەك بوارمان هەیە کە بتوانین پەنای بۆ بەرین بۆ رێکبخستنەوەی وئەو بوارەش یاسای کاری رۆژنامەنووسیە و ئەم یاسایەش راستەوخۆ پەیوەندی بە بواری راگەیاندنەوە هەیە،لەلایەکی دیکەوە هەندێك ئەرکی دیکەی وەزارەتی رۆشنبیری هەیە ئەو ئەرکانەش پەیوەندیان بە رێکخستنەوەی کاری راگەیاندنەوە هەیە،بۆیە لەم حاڵەتەدا کە یاسایەك نیە بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن یان وەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە پێیدەڵێن (دەستەی راگەیاندنی سەربەخۆ — هیئە الاعلام المستقل) بوونی ئەم دەستەیە وەك بیرۆکە بیرۆکەیەکی باشە بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ ەوە هەتا ئێستا ئەم بیرۆکەیە سەقامگیر نەبووە.

لێرەوە ئەگەر سەیری بواری راگەیاندن لە کوردستان بکەین، من پێموایە لە بارودۆخێکدایە پێویستی بەرێکخستنەوە هەیە،ئەو رێکخستنەوەیەش لەوانەیە بەشێوازیك بکرێت نەرمی نواندنی تیدابێت، من لەگەڵ توندوتیژی نیم بۆ رێکخستنەوەی ئەو بوارە، هەروەها لەگەڵ ئەوەش نیم بگەڕێینەوە بۆ کاری راگەیاندی حکومی جاران کە حکومەت کۆنترۆڵی هەموو راگەیاندنێکی کردبوو. من لەگەڵ ئەوشێوازی راگەیاندنە حکومیەم کە جۆرە سەربەرخۆییەکی هەبێت،ئەو سەربەخۆییە لەسەر بنەمای گەیاندنی زانیاری بێت بۆ خەڵك.دەبێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، بێگومان ئەم ئەرکەش ئاسان نیە لایەنێکی پێویستی بە یاسادانان هەیە،بەڵام لایەنێکی بۆ ئەو ئەقڵیەتە کولتووریە هەیە کە باو بێت لە کارکردنماندا بۆ ئەوەی ئەو ئاراستەیە جێگیر بێت.

*** ئێمە کە باسی راگەیاندن و ئاستی میدیا لە کوردستان دەکەین راستەوخۆ باسی ئەزموونی ئەوروپای رۆژئاوا دەکەین، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە ئەم بەراوردە بکەین و ئاستی ئێستای راگەیاندنی خۆمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بەراورد بکەین کە پێیان دەگوترێت دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، دەبینین لەم لایەنەشەوە لە دوای زۆربەیانەوەیەن ئەگەر نەشلێین هەموویان،هەر بۆنموونە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٣-٤ ملیۆن کەسە کەچی زیاتر لە ١٠٠٠ کەناڵی میدیایی نووسراو/ بینراو/ بیستراومان هەیە، بەپێی تۆماری سەندیکای رۆژنامەنووسان نزیکەی ٤٠٠٠ رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵمان هەیە،پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەندیکای رۆژنامەنووسان هەر بۆ ئابوونەی ئەندام ژمارەی خۆی زیاد دەکات؟ وەزارەتی رۆشنبیری بۆ وەرگرتنی رەسمی مۆڵەت، مۆڵەت بەم هەموو کەناڵە دەدات؟**

- یەکەم شت کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە بەپێی یاسای کاری رۆژنامەگەری هەر بڵاوکراوەیەك کە دەربچێت هیچ پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن نیە،بەڵکو تەنها لە سەندیکای رۆژنامەنووسان تۆماری دەکات، بێگومان جیاوازی هەیە لە نێوان مۆڵەت وەرگرتن و تۆمارکردن.

*** باشە ئەمە دروستە هەر چەند کەسێك کۆببنەوە و گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك یان رادیۆیەك یان تەلەفزیۆنێك دابنێت؟**

- یاسای کاری رۆژنامەگەری بەوجۆرەیە کە پێویست ناکات مۆڵەت وەربگیرێت، لێرەدا گرفتەکە ئەوەنیە کە مۆڵەت هەبێ یان نە، لەبەر ئەوەی بەشێك لە مافی خەڵك ئەوەیە کەمافی ئازادی رادەربڕین و بڵاوکردنەوەی هەبێت،دەبێت ئەو مافە رێزی لێبگرین،بەڵام یەکەم: رێکخستنی ئەو مافە گرنگە،دووەم: مامەڵەکردن لەگەڵ خەرجی گشتی،ئەمەش زۆر گرنگە.واتە ئایا بودجەی حکومەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخانبکرێت، ئەمەیان پەیوەندی بە جۆری سیاسەتی حکومەتەکەوە هەیە،ئەمە بە چ مانایەك؟ بێگومان بەو مانایەی خەڵك ئازادە لە دەربڕینی بیروڕای خۆی، ئازادە لەوەی بڵاوکراوە دەربکات، ئایا فەرزە لەسەر

بواری راگەیاندن لە کوردستان لە بارودۆخێکدایە پێویستی بەرێکخستنەوە هەیە

**کاتێک باسی دەوڵەتی یاسا دەکەین، دەبێت هەنگاوەکانیشمان لە چوارچێوەی شەرعیەتی یاساییدا بێت،بۆیە پێویستە ئێمەش یاسایەکمان هەبێت بۆ رێکخستنەوەی بواری راگەیاندن. ئەوجا چ بواری گشتی یان ئەهلی یان حزبی یان حکومی**

حکومەت بودجەی بۆ تەرخان بکات و پشتگیری لێبکات؟ لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە دەردەچن سەرچاوەیەکی خەرجی و پشتگیریەکی هەیە سەرچاوەیەکی هەیە،ئەگەر چەند کەسێك خۆیان لەسەر حسابی خۆیان گۆڤارێك یان بڵاوکراوەیەك دەردەکەن، ئەوە گرفتێك نیە، بەڵام خەرجیەك خەرجی گشتی بێت کە خەرجی خەڵکە،ئەوا حکومەت مەجبور نیە بۆ پشتگیری ئەو ژمارە زۆرە سەرفی بکات.ئەو ژمارە زۆرەی کە بەشی زۆری جۆری نیە،بۆیە ئەگەر سیاسەتێکمان هەبێت بەم ئاقارە خۆی لە خۆیدا کەمدەبێتەوە، هەر بۆنموونە سەنتەری رۆشنبیری هەیە، باشە مەرجە سەنتەری رۆشنبیری گۆڤار دەربکات؟ ئایا ئەرکی هەر سەنتەرێکی رۆشنبیریە گۆڤارێکی هەبێت،ئەو سەنتەرە رۆشنبیریانە پشتگیری لە حکومەتەوە وەردەگرن،ئەوکاتە لە داراییەوە بە سەنتەرەکە رادەگەیەنرێت کە ئێمە وەك حکومەت پشتگیریت دەکەین بۆ ئەوەی چالاکی رۆشنبیری بکەیت بەڵام پشتگیریت ناکەین گۆڤار یان رۆژنامە دەربکەیت،لەم حاڵەتەدا حکومەت مافی خۆیەتی بەو جۆرە سیاسەتی خۆی ئاراستە بکات کە جۆرە هاوسەنگیەك هەبێت،بۆیە ئەم حاڵەتانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردترو قووڵتر هەیە، من لێرەدا باسی بریاری سەرپێیی ناکەم،ئێستا ئێمە بیر لەوەدەکەینەوە سەرلەنوێ کاری سەنتەرەکان ریکبخەینەوە،بێگومان ئەم کارە لەسەر مەزندەی پێشوەخت ناکەین بەڵکو لیژنەمان داناوە کە لەسەر بنەمای واقیعەکە چۆنە دیراسەت بکرێت،لەسەر بنەمای ئەم دیراسەتە کەموکورتیەکان بدۆزرێنەوە و هەوڵبدرێت چارەسەر بکرێن. بۆ بواری رێختستنی کاری راگەیاندنیش دەبێت بەهەمان شێوە بیری لێبکرێتەوە.

*** ئەوەی ئێمە باسمانکرد باسی رێکخستنەوەی راگەیاندن بوو بەگشتی بەڵام بەرێزت باسی سەنتەرەکانت کرد، ئایا ئەمە دوو مەسەلەی جیاواز نیە؟**

- من نموونەیەکم لەیەکێك لە بوارەکان هێنایەوە،بواری راگەیاندنیش دیسان رێکخستنەوەیەکی دەوێت،بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن دوو حالەت هەیە:

یەکەمیان: وەك حکومەت رێنماییت هەبێت ئینجا بڕیارت هەبێت.

دووەمیان: دەگاتە ئاستی ئەوەی پەنا بۆ دارشتنی یاسایەك ببەین بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی پێ رێکبخەینەوە.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە کاتێك باسی دەوڵەتی یاسا دەکەین، دەبێت هەنگاوەکانیشمان لە چوارچێوەی شەرعیەتی یاساییدا بێت،بۆیە پێویستە ئێمەش یاسایەکمان هەبێت بۆ رێکخستنەوەی بواری راگەیاندن.ئەوجا چ بواری گشتی یان ئەهلی یان حزبی یان حکومی.

*** ئایا بێجگە لە حکومەت کەسی دیکە دەتوانێت ئەو کارە بکات؟**

- بەڵی ئەو رێکخستنەوەیە حکومەت دەگرێتەوە و پەرلەمان دەگرێتەوە و ئێمەش وەك وەزارەتی رۆشنبیری دەگرێتەوە.ئەمەی باسیدەکەین بیری لێکراوەتەوەو لەوانەشە پرۆژەش هەبێت، بەڵام ئێمە نامانەوێت پرۆژەی جیاواز بێتە ئاراوە،ئێمە دەمانەوێت کاربکەین بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی یەکگرتوو هەبێت و تواناکانمان پەرشوبڵاو نەبێت، ئەمرۆ لە کوردستاندا کۆمەڵێك توانای جیاوازمان هەیە، پرسیار ئەوەیە چۆن ئەو کۆمەڵە توانا جیاوازە کۆبکەینەوە وبیکەینە یاسایەکی رێکوپێك و لە هەمانکاتدا سوود لە ئەزموونی جیهانیش وەربگرین،ئەمەش نەك بەمانای فۆتۆکۆپیکردنی،بەڵکو بەمانای رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی خۆشمان.

*** ئەم باسە دەمانگێڕێتەوە بۆ پرسیارێکی زۆر سادە کە لە حکومەتی بکەین، ئەویش ئەوەیە ئایا بە تێروانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژنامەگەری پیشەیە؟ ئەگەر پیشەیە ئایا مەرج و تایبەتمەندیەکانی ئەو پیشەیە چین؟**

- ئەو حاڵەتەی جەنابت باسیدەکەیت هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بەو جۆرە باسی لێوەبکەین کە بڵێین پیشەیە، رۆژنامەگەری دوولایەنی تێدایە،یەکەمیان وەك هەموو لایەك دەیزانین پیشەیە، بەڵام لایەنێکی هونەریشی تێدایە،واتە هونەرە و پیشەشە.

*** بەڵام سیاسەتیش هونەر و پیشەیە؟**

- بەڵێ، بەڵام لەم حاڵەتە پێویستە پێناسەی رۆژنامەگەری باسبکەین،ئەویش ئەوەیە رۆژنامەنووس کێ یە؟ بێگومان ئەو کەسە رۆژنامەنووسە کە یاسای کاری رۆژنامەگەری دیاریکردووە.

*** ئەو یاسایە چۆن دیاریکردووە ئایا ئەو کەسەیە کە مانگانە ئابوونە بەسەندیکای رۆژنامەنووسان بدات؟هەر بۆنموونە دووکەس دێن دەڵێن ئێمە رۆژنامەیەك دەردەکەین، یەکەمیان سەرنووسەر و دووەمیان بەرێوەبەری نووسین، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا بەپێی ئەو یاسایە سیفەت و تایبەتمەندی ئەو کەسە چیە کە دەبێتە رۆژنامەنووس و سەرنووسەری رۆژنامەیەك؟**

- ئەم تێبینییەی ئێوە تێبینییەکی گرنگە، بەڵام ئەمەش و چەند تێبینیەکی دیکەش لە کاتی پراکتیزەکردنی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەسەر یاساکە کۆبۆتەوە،لەم حاڵەتەدا گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان یاسای کاری رۆژنامەگەری و یاسایەك بۆ رێکخستنی باری راگەیاندن.

*** بەڵام ئێستا هیچیان نیە؟**

- یاسای کاری رۆژنامەگەری هەیە، بەڵام یاسای رێکخستنی بواری راگەیاندنمان نیە،ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە ئێمە تێبینیمان لەسەر یاسای کاری رۆژنامەگەری هەبێت یان یاساکە کەلێن و کەموکورتی تێدابێت،بەڵام یاسایەکمان هەیە بەناوی یاسای کاری رۆژنامەگەری،ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد لایەنێکە، بەڵام گرفتی گەورە لە یاساکە ئەوەیە کاتێك رۆژنامەنووس پێشێلی کاری رۆژنامەنووسی دەکات،هەر بۆنموونە ئەو حاڵەتەی پێی دەگوترێت جنێودان و ناوزراندن، بۆ ئەم حاڵەتە لەیاسای سزادانی عێراقیدا ئەوە هەیە ئەگەر کەسێك ناو ناتۆرە ناوزراندن و شەرە جنێو بکات، دەبێت سزا بدرێت

بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن دوو حالەت هەیە: یەکەمیان: وەک حکومەت رێنماییت هەبێت ئینجا بڕیارت هەبێت. دووەمیان: دەگاتە ئاستی ئەوەی پەنا بۆ دارشتنی یاسایەک ببەین بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی پێ رێکبخەینەوە

ئێستا ئێمە بیر لەوەدەکەینەوە سەرلەنوێ کاری سەنتەرەکان ریکبخەینەوە

رۆژنامەگەری دوولایەنی تێدایە هونەرە و پیشەشە

گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان یاسای کاری رۆژنامەگەری و یاسایەک بۆ رێکخستنی باری راگەیاندن

ئەم سـزایە دەگاتە ئاستی بەندکردنیش، بەڵام لەیاسـای کاری رۆژنامەنووسیدا مەسـەلەی بەندکردنەکـەی تێـدا نیە،ئەمەش واتە لەم حاڵەتەدا پرانسیپی یەکسـانی هەموان لەبەردەم یاسا نیە و رۆژنامەنووسـەکە جیاکراوەتەوە،ئەمەش واتە ئەگەر هاوڵاتیـەك رۆژنامەنووس نەبێت و هەڵبسـتێت بە تانەوتەشـەرو ناوزراندن، ئەوە سزاکەی دەگاتە ئاستی بەند کردنیش، بـەڵام کە رۆژنامەنووس بوو بەندکردنی تیانیە تەنها سزای مادی دەدات.

*** با واز لە یاسا بێنیـن، خۆ لە زۆر شـوێن بەتایبەتی ئەمریکا یاسـایەك نیە بۆ رێکخسـتنی کاری راگەیاندن، بەڵکو کـۆدی ئەخلاقی رۆژنامەگەری پرۆفیشـناڵ هەیە، ئەم کۆدە ئەخلاقیە راگەیاندنی رێکخستووە،پرسـیار لێرەدا ئەوەیـە ئەگەر مـەرج و تایبەتمەندی رۆژنامەنـووس دیـاری نەکرابێـت و نەزانرێت رۆژنامەنـووس کێ یە، چۆن داوای لێبکەیـن بە کـۆدی ئەخلاقی رۆژنامەگەریەوە پابەند بێت؟**

- بەڵـی، هەر بۆنموونە پزیشـك دەبێت دەرچووی کۆلێژی پزیشـکی بێت،واتە مـاوەی ٦ سـاڵ بخوێنێ تـا دەبێتە پزیشـك.ئێمە بۆ رۆژنامەنووس ئەوەمان دیارینەکـردووە ئـەوەی رۆژنامەنووس بێت یـان دەبێت دەرچووی پەیمانگا یان کۆلێژی راگەیاندن بێت.

*** واتـە بەڕای جەنابت کەسـێك بەس بزانێـت بخوێنێتـەوە و بنووسـێت ئەوا رۆژنامەنووسە؟ئێستا لە کوردستان دەیان رۆژنامەنووس هەیە سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازیشـە و دەرچووی ٣ی ناوەندیش نیە،تەمەنی نێو کاری رۆژنامەنووسیشی زۆر کەمە ئەمەش یەك ودوان نین، ئایا ئەمـە مانای ئـەوە نیە تەنهـا بزانێت بخوێنێتەوە و بنووسـێت و ئابوونە بدات سـەندیکای رۆژنامەنووسـان دەیکاتە رۆژنامەنووسی کارا و پرۆفیشناڵ؟**

- ئەوە راستە، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەمە پێویستی بە لە بێژنگدان و پێداچوونـەوە هەیە،لەم بوارەدا کۆمەڵێك کەلێـن هەیە و هەمووشـیان پەیوەندی بەیەکتریەوە هەیە،لەبـەر ئەوەی ئەگەر رۆژنامەنووس مەرج و تایبەتمەندیەکانی دەستنیشان نەکرێت، ئەوا مەسەلەی ناو ناتۆرە و ناوزڕاندنیشی لا ئاسان دەبێت، ئەمـەش لەبەر ئەوەی ئەو کەسـە ئەو ئەهلیەتـەی نیە کە بـە پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەگەرییەوە پابەند بێت، ئێسـتا ئـەو پەیماننامەیە هەیە بەڵام چەنـد کەس بـەو پەیماننامەیە ئاشنایە،ئەمانە هەر هەمووی کۆمەڵێك کەلێنـن، ئینجـا جگە لـەوە وەك ئێوە ئاماژەتـان پێکـرد نزیکـەی ١٠٠٠ رۆژنامەو گۆڤار لە هەرێمی کوردستان بڵاو دەبێتەوە، من پرسـیاری ئەوە دەکەم چەند لەو ژمارەیە لە لایەن سـەندیکای رۆژنامەنووسانەوە تۆمار کراوە؟

*** هەمووی**

- نەخێـر تەنهـا ٢٤٠-٢٤٤- دانەیان لەلایەن سـەندیکای رۆژنامەنووسانەوە تۆمار کراون.لێرەدا پێویسـتە تۆمارکردن و سیفەت و تایبەتمەندی رۆژنامەنووس جیابکەینەوە،تۆمارکـردن رێوشـوێنێکە دەبێـت بکرێت بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەیە یان ئەو گۆڤارە بناسـرێت،هەر بۆنموونە شتێکی باشـە ئازادی رۆژنامەگەری ئەوەنـدە فـراوان بێـت یـان ئەوەندە رەهابێت،شێوەیەکی مەدەنی وەربگرێت کە خەڵك ئازاد بێت لە دەرکردنی رۆژنامە یان گۆڤار،بەڵام مەرجەو پێویسـتە سیفەتی رۆژنامەگەری تیدابێت،ئەمەش واتە با ئەو کەسـەی کـە داوا دەکات رۆژنامە یان گۆڤار دەربکات با مەرج و سیفەتی رۆژنامەنووسی تێدابێت، ئەوکاتە با بێ مۆڵەت وەرگرتن گۆڤـار یان رۆژنامە دەربکات و تەنهـا تۆماری بکات،بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە مەرج وسـیفەتی رۆژنامەنـووس لەو کەسـەدا نەبێت و گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك دەربکات.ئەو مەرج وسیفەتانەش یاسایین بۆیە ئەگەر ئەو مەرجانـەی تیدانەبوو رۆژنامە یان گۆڤـاری دەرکـرد ئـەوا رووبەرووی بەرپرسـیاریەتی یاسـایی دەبێتەوە.کە ئەمە هەبـوو گرفتەکانی دیکەش وەك دروسـتکردنی ناو وناتۆرە و ناوزراندنیش کەمدەبێتەوە.

*** ئەو پرسـیارەی کـە لای زۆربەی رۆشـنبیر و رۆژنامەنووسـان هەیە ئەو پرسـیارەیە ئایا وەزارەتی رۆشـنبیری بەرنامەیەکی هەیە بـۆ کۆنترۆڵکردنی ئـەم بارودۆخە، خۆ ئەگـەر بەرنامەی نەبێت چەند ساڵێکی دیکە ئەم دیاردەیە دەبێتە کارەسات؟**

- ئەرکـی وەزارەتـی رۆشـنبیری لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسادایە،ئەمە بە چ مانایەك؟ بەو مانایەی یاسـای رۆژنامەگـەری لـە پەرلەمـان بە چ شـێوەیەك پەسـەندکرابێت، ئێمـە ئەو یاسـایە جێبەجێدەکەین،بۆ نموونە ئەگەر یاساکە نەڵێت دەبێت وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتـی پێبدات، ئەوا مـن ناتوانم بە رۆژنامە یان گۆڤارێك بڵێم دەبێت مۆڵەت لەمـن وەربگری،بەڵام ئەگەر یاسـاکە بـە پێچەوانەوە گوتـی دەبێت مۆڵەت وەزارەتی رۆشـنبیری بیدات، ئەو کاتە مەسـەلەکە جۆرێکی دیکە دەبێت.بەڵام مافـی وەزارەتی رۆشـنبیری و مافی حکومەتیشـە کە هەسـتیکرد کەلێن و کەموکورتی لە یاسایەکدا هەیە پێشنیار بکات بۆ هەمواکردنەوەی یاساکە.


*** ئایا ئێوە وەك وەزارەتی رۆشـنبیری ئەو پێشنیارەتان کردووە بۆ ئەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری هەمواربکرێتەوە؟**

- ئەو پێشـنیارە بـۆ هەمواکردنی ئەو یاسـایە نەك هەر ئێمـە وەك وەزارەتی رۆشنبیری بەڵکو کۆمەڵێك لایەن بیری لێدەکەنـەوە و لـە قۆناخی دیراسـەت و لێکۆڵینەوەدایە،لـەم بوارەشـدا چەند لایەنێك ئەو بەرپرسـیاریەتە هەڵدەگرن نەك تەنها وەزارەتی رۆشـنبیری، هەربۆ نموونە سـەندیکای رۆژنامەنووسانیش لایەنێکە لەم مەسەلەیەدا، بۆیە ئێمە وەك وەزارەت لەگەڵ هەموویاندا هەماهەنگی دەکەین.

*** بـەڵام پێدەچێـت سـەندیکای رۆژنامەنووسـان ئەو بارودۆخەی ئێستا بەسروشتی بزانن؟**

- من پێموانیە سەندیکای رۆژنامەنووسان بە سروشـتی بزانن، ئەوانیش دەیانەوێت پێداچوونەوەیەك بەیاسـاکەدا بکەن،پێش مانگێك لە کونسـوڵخانەی فەرەنسـی

لەهەولێــر کۆبوونەوەیەك لەســەر کاری رۆژنامەگــەری پرۆفیشــناڵ گرێدرا، ســەندیکای رۆژنامەنووســان لــەو کۆبوونەوەیــە ئامادەبوو،لــە ئاکامــی گفتوگــۆکان هەســتمکرد ئەوانیــش هەســتیان بەو کەموکورتیانە کردووە کە لە کاتی جێبەجێکردنی یاســەکە دەرکەوتوون.خاڵێکــی گرنگ کە نابێت لەبەرچاوی نەگرین ئەوەیە ئەو یاسایانەی ئێستا دامانڕشــتوون، ئێمــە لــە قۆناخی گواستنەوەداین، لە قۆناخی گواستنەوەشدا دەبێت سەرهەڵدانی کەموکووڕییەکان لەبەر چاو بگرین، لە قۆناخی گواستنەوە یان قۆناخی بونیادنانی دیموکراتی دەبێــت ئەوەمــان لا ســەیر و موفاجەئــە نەبێت کاتێك یاسایەك جێبەجێدەکەین هەندێك کەموکورتی لێ



**گرفتی گەورە ئەوەیە کاتێک رۆژنامەنووس پێشێلی کاری رۆژنامەنووسی دەکات، هەر بۆنموونە جنێودان و ناوزراندن، بۆ ئەم حاڵەتە لەیاسای سزادانی عێراقیدا ئەوە هەیە ئەگەر کەسێک ناو ناتۆرە ناوزراندن و شەڕە جنێو بکات، دەبێت سزا بدرێت ئەم سزایە دەگاتە ئاستی بەندکردنیش، بەڵام لەیاسای کاری رۆژنامەنووسیدا مەسەلەی بەندکردنەکەی تێدا نیە**

دەربکەوێت.بەڵام ئەوەی گرنگە کە بە ئەقڵیەتێکی کراوە دان بە کەموکورتیەکان بنێین و هەوڵبدەین لەچوارچێوەی شەرعیەتی یاساییدا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

*** بەڵام لە قۆناخی ئینتیقاڵی ئەوە بۆ پرۆسەی بونیادنانەوە راستە کە بڵێین ئیمکانیەتمان هەر ئەوەندەیە، بۆیە بۆ میدیا بەگشتی و میدیای ئازاد بە تایبەتی پێویستە لە قۆناخی ئینتیقاڵی هەنگاوەکان زۆر ئاقڵانە بێت؟**

- ئەمەشیان هەر بیناکردنە، بەڵام بیناکردنی باڵەخانەیەك نیە، هەرچەندە ئەویش بونیادنانی دەوێت،وەك بونیادی تواناکان، راهاتن لەگەڵ کەشوهەوای دیموکراتی،بینای ئەقڵیەتی کارکردنە. هەر بۆنموونە پێشتر سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی ناووناتۆرەو ناوزڕاندن،ئەم حەماسەی ئێستایان نەبوو، بەڵام ئێستا هەستدەکەین حەماسیان هەیە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکەن.

*** کوا هەڵوێستی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم بوارە، بێجگە لەچەند هەڵوێستێکی لاستیکی کوا حەماسیان بۆ ئەم پرسە گرنگە؟**

- هەڵبەت لەبەر ئەوەی ئێستا ئەمە بۆتە دیاردەیەك و فرەیەکی چەندایەتی هەیە، پێموایە زەمینەیەك پەیدابووە بۆ پێداچوونەوە،ئەم پێداچوونەوەیە هەموومان دەگرێتەوە، لەسەرو هەموویانەوە من پێموایە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەگرێتەوە،هەروەها وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەت و پەرلەمان دەگرێتەوە وبێگومان کۆمەڵگەش دەگرێتەوە،هەروەها هەموو رۆژنامەنووسێك دەگرێتەوە، لە نێو ئەم هەموو لایانەدا ئاساییە رای جیاواز دروستببێت،بەڵام من پێموایە لە چوارچێوەی کارپێکردنی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە شتێکی باش دێتە ئاراوە،ئەو شتە باشەش کە دێتە ئاراوە خۆی لە هەموارکردنی ئەو مادانە دەبینێتەوە کە لەیاسای رۆژنامەگەریدا هەن و پێویستە هەموار بکرێن.پێموایە ئەمەش دەکرێت.

*** تۆ باسی رای جیاوازت کرد، بەڵام بەداخەوە زۆر جار ئەم جیاوازیانە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی دروستدەبن، نەك رێگە چارەی بەدیل بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی،بۆ نموونە لە چەند رۆژی رابردوو راگەیەنرا کە ئیتر راگەیاندنەکان ناوو ناتۆرەو ناوزڕاندن رابگرن،بەڵام ئێستا جۆرێك لە میدیا لە کوردستان هەن بە ناو میدیای ئازادن و دەسەڵاتێکیش نیە سنووریان بۆ دابنێت و بارودۆخە ئاڵۆزەکە کۆتایی پێبێنێت،کەواتە ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوە بەناو ئەهلیانە هەر کاتێك مەبەستیان بێت دەتوانن ئاڵۆزیەکە دروستبکەنەوە، ئایا چۆن ئەم بارە کۆنترۆڵ دەکرێت؟**

- میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی ئەم بارودۆخە دەبێت قانوون بیکات،لەم حاڵەتەدا دەبێت یاسایەك هەبێت چارەسەری بارودۆخێکی لەو جۆرە چارەسەر بکات. لەبەر ئەوەی دەکرێت لایەنە سیاسیەکان یان راگەیاندنە حزبیەکان پابەندبن بە دیالۆگی ئاقڵانە و پێوەی پابەندبن، بەڵام ئەوەی دەرەوەی حزبەکان دەبێت پەنا ببرێتە بەر یاسا،ناکرێت ئاسایشی گشتی بخرێتە مەترسیەوەو دەسەڵاتێك نەبێت رووبەڕوووی بێتەوە،کاتێك ئاسایشی گشتی کۆمەڵگە بکەوێتە مەترسیەوە حکومەت ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات، بەڵام دەبێت ئەم دەستێوەردانە بە یاسا بیکات،ئێستا لە ناو زۆربەی خەڵك ئەو هەستە دروستبووە کە دەبێت هەندێك حاڵەت هەیە لەبواری یاسای کاری رۆژنامەگەری پێداچوونەوەی تیدابکرێتەوە. لەوانەیە کەمایەتیەك هەبێت ئەم باردۆخەی پێ باش بێت.

*** ئەگەر راشکاوانەتر لەسەر ئەم مەسەلەیە موناقەشە بکەین و سەیری ئەزموونی دەوڵەتانی دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکەین، هەستێکی وا دروستدەبێت کە حکومەت و حزبە سیاسیەکان بە ئەنقەست ئەم بارودۆخەیان دروستکردووە بۆ ئەوەی میدیا بێ متمانە بکەن،هەربۆنموونە فلادیمیر پۆتین لە روسیا خۆی سیستمی پارتە سیاسیەکان و میدیای بێ ماناکردووە،هاوڵاتیانی روسیا هیچ متمانەیەکیان بە میدیاکانی خۆیان نیە،بەرای بەرێزت ئایا لە کوردستانیش حکومەت خۆی هۆکارێك نیە بۆ ئەم بارودۆخە؟**

- نەخێر، حکومەت پێویستی بە میدیایەکی راستگۆ هەیە، سیفەتی میدیای راستگۆ ئەو میدیایەیە کە پشت بە ئەقلانیەت و گواستنەوەی زانیاریەکان دەبەستێت، میدیایەك بێت بێلایەن بێت لە گواستنەوەی زانیاری و دارشتنی هەواڵ.

*** ئایا لەمجۆرەی بەرێزت باسیدەکەیت لە کوردستان بوونی هەیە؟**

- من مەبەستم ئەوە نیە بوونی هەیە یان نە، با لەحاڵەتی لەمجۆرە حوکمەکەمان بەڕەش یان سپی نەبێت،ئەوەی من مەبەستمە بیلێم ئەوەیە لەبەرژەوەندی حکومەت ئەوەیە میدیای راستگۆ بوونی هەبێت،حکومەت کار بۆ ئەمە دەکات، ئەوە لەبەرژەوەندی حکومەت نیە میدیا ئابڕووی بچێت،لە بەرژەوەندی حکومەت نیە خەڵك متمانە بە میدیا نەکات،لەبەر ئەوەی میدیا گەیەنەرە لە نێوان خەڵك وحکومەتدا،ئەو ناوەندی گەیاندنە حکومەتیش بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنی بۆچوونەکان و بەرنامەی خۆی بەخەڵك،خۆ ئەگەر میدیای کوردستانی گەیشتە ئەو حاڵەتەی لای خەڵك بێ متمانە بوو، ئەو بێ متمانەیە بۆ حکومەتیش دروستدەبێت،بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەوەی ئاماژەی پێدەکەن لەبەرژەوەندی حکومەت نیە، بەپێچەوانەوە بەرژەوەندی حکومەت لە بوونی میدیایەکی راستگۆدایە،میدیایەك لەسەر بنەمای پرۆفیشناڵی کاری خۆی بکات،وەکو خۆی هەواڵ و زانیاریەکان بگوازێتەوە،بێگومان بێ لایەنی رێگر نابێت لە بۆچوونی جیاواز،بێ لایەنی رێگر نیە لەسەر شرۆڤەی جیاواز،بێ لایەنی بەو مانایە نیە کە هەموومان وەك یەك بیر بکەینەوە، نەخێر گرنگ ئەوەیە لە گریدانی رەهەندەکانی هەواڵێك شرۆڤە و بیروبۆچوونی جیاوازمان هەبێت،لێکدانەوەی جیاوازمان هەبێت،بەڵام

لە قۆناخی گواستنەوە یان قۆناخی بونیادنانی دیموکراتی دەبێت ئەوەمان لا سەیر و موفاجەئە نەبێت کاتێک یاسایەک جێبەجێدەکەین هەندێک کەموکورتی لێ دەربکەوێت.بەڵام ئەوەی گرنگە کە بە ئەقڵیەتێکی کراوە دان بە کەموکورتیەکان بنێین و هەوڵبدەین لەچوارچێوەی شەرعیەتی یاساییدا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە

ناکرێت ئاسایشی گشتی بخرێتە مەترسیەوەو دەسەڵاتێک نەبێت رووبەڕوووی بێتەوە

گرنگە هەواڵەکە نەشێوێنرێت.

*** بەڵام حکومەت لەم مەسەلەیە خەمساردە، هەر بۆنموونە با حکومەت کۆمەڵێك کەناڵی هەبێت بەو ئاستە پرۆفیشناڵیە کاربکات و ئێمەش ناچاربین لاسایی بکەینەوە، بەڵام حکومەت لەو بوارەداهیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە؟**

- لێرەوە دەگەڕێمەوە خاڵی یەکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەموومان هەستمانکردووە لەبواری کاری ڕاگەیاندن بۆشاییەك هەیە، ئەو بۆشاییەش بە یاسا پڕ دەبێتەوە

*** بەڵام ئەو بۆشاییە ماوەی ١٨ ساڵە هەیە خۆ بۆشایی ئەمڕۆ و دوێنێ نیە؟**

- ڕاستە ١٨ ساڵە هەیە، بەڵام ١٨ ساڵ لە چوارچیوەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە کوردستاندا ڕوویانداوە،تۆ ئەو ١٨ ساڵە بە لکاندن و پێکەوە بەستنەوەی بەو ڕووداوە سیاسیانەی لە کوردستاندا ڕوویانداوە ئینجا سەیری بکە،١٨ ساڵ تەمەن جیاوازە بۆ وڵاتێکی سەقامگیر،بەڵام ١٨ ساڵ جیاوازە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

*** بەڵام ١٠-١٢ ساڵە لە کوردستانیشدا سەقامگیری هەیە، ئەمەش کارێکی ئەوەندە قورس نیە هەر چاوەڕێ بکەین لەسەر یەك کەڵەکە بێت تا بارودۆخەکە دەتەقێتەوە؟**

- نا نا، دەبێت پێش ئەوەی بتەقێتەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە،بەڵام ئێوەش دەزانن چەند ساڵە بڕیاری یەکبوونی ئیداراتمان داوە،ئێمە دوێنێ بودجەی یەکگرتوومان ڕاگەیاندووە(گوڵان ڕۆژی چوارشەمە ئەم دیمانەیەی کردووە،ڕۆژێك پێشتر بودجەی یەکگرتوو ڕاگەیاندرابوو-گوڵان)،باشە کە ڕاشمان گەیاندووە ئایا ئاسەواری کۆن بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر نەماوە،بێگومان ماوە، ئەمانە هەمووی پاکتاوکردنی دەوێت،ڕاگەیاندن هەستیارترین بوارە کە ڕووداوەکانی ڕابردوو کاریگەری لەسەری هەبووە،لەبەر ئەوەی هەموو ململانێ سیاسییەکان ئینجا پەیوەندی بە ململانێی حزبایەتیەوە هەبێت بە باشی و خراپی حکومڕانیەوە هەبێت، هەمووی بواری دەربڕین و پیشاندانەکانی ڕاگەیاندن بووە،هەتا ئەو ململانێ سیاسیانەی کە ئێستاش هەیە هەمووی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەخرێنە ڕوو،بۆیە کاتێك دەڵێن ١٨ ساڵ، دەبێت ١٨ ساڵەکە بەو زنجیرە فیلمەی لەبەرچاومانە سەیربکەین،ئەمەی دەیڵێم پاکانە هێنانەوە نیە، بەڵکو ئەمە بۆشاییەکە دەبێت هەموو کاربکەین بۆ ئەوەی پڕی بکەینەوە.ئەم بۆشاییە لە عێراقیشدا هەیە.

*** بەڵام ئیعلامی حکومەتی عێراقی کە تەمەنی تەنها چەند ساڵێکە لە ئیعلامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزترە، با ڕاشکاوانە بدوێین کەناڵی ( العراقیە) لە کەناڵی نەورۆز زۆر بەهێزترە، گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشیان لەوانەی حکومەتی هەرێم بەهێزترە، تائێستا ئیعلامێك نیە بڵێین ئەمە ئیعلامی حکومەتی هەرێمی کوردستانە؟**

- کەناڵی نەورۆز گرفتێکی هەیە، جاری پێش هەمووشت ئەو کەناڵە وەزراەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەی دەبات و ناتوانین بەتەواوەتی بڵێین ڕاگەیاندنی حکومەتە،مەبەستم ئەوەیە پڕ بەپێستی ڕاگەیاندنی حکومەت ئەو ناوەی لێبنێن،من ناڵێم ڕاگەیاندنی حکومەتی تێدانیە، خۆی ئەمە گرفتەکەیە، لەلایەك مۆرکێك یان توخمێکی ڕاگەیاندنی حکومەتی تێدایە،بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانین بڵێین ئەمە ڕاگەیاندنی حکومەتە،ئەمە کەناڵێکە سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبریە، لە زۆر وڵاتدا تەلەفزیۆنی ڕۆشنبیری هەیە،گەورەترین تەلەفزیۆنی کولتووری لە ئەوروپا پێموابێت تەلەفزیۆنێکی هاوبەش لە نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا،ئەمەی ئێمە مەبەستم کەناڵی نەورۆزە کەناڵی ڕۆشنبیری تەواو نیە،هەندێك وڵات کەناڵی پەروەردەیی هەیە، نەورۆز پەروەردەییش نیە،هەروەها دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو ئیمکانیەتەی تەرخانکراوە بۆ کەناڵی ( العراقیە) و ئەوەی تەرخانکراوە بۆ کەناڵی نەورۆز،ناڵێین بۆ نەوۆز هیچ ئیمکانیەتێکی مادی تەرخاننەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئیمکانیەتی تەرخانکراو بۆ العراقیە بەراورد ناکرێت.

*** باشە هەوڵبدەن نەورۆز بکەن بە العراقیە،بۆچی نایکەن؟**

- حکومەت بۆشاییەکی هەیە بۆشایی یاسایی ئەم بوارە دووبارە ڕێکخستنەوەی دەوێت،ئەوەی هەیە بەمجۆرە کراوە، لەهەمانکاتدا قەناعەتێکی دەوێت لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا،لەگەڵ ئەوەی ئێمە چۆن مامەڵە بکەین لەگەڵ بواری ڕاگەیاندن،ئایا ڕاگەیاندنەکەمان ڕاگەیاندنی حکومی بێت، پەخشی گشتی بێت و حکومەت پشکداری تێدا بکات،ئەمە هەمووی ڕێکخستنی دەوێت.

*** ئەو دیاردەیەی ئێستا بەڕێزیشت ئاماژەت پێکرد، دیاردەیەکە بوونی هەیە،ئایا خۆت وەك وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵتداوە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دابنیشی یان پێوەندی بکەین، بۆ ئەوەی بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستان ببێتە بۆندێکی ئەخلاقی،(نەك یاسا) بۆئەوەی ڕاگەیاندنەکان پێشێلی نەکەن؟**

- ئەو بەهایانە دەبێت دوو بوار بگرێتەوە:

یەکەمیان: بەرێگەی کۆڕ و سیمینار و ڕۆشنیریکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئەو نەریتە.

دووەم : دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە هەندێك شت هەیە پێویستی بە یاسا هەیە.

ئەم دوولایەنە هەردووکیان کارکردنی دەوێت،ئایا کارکردنی ئێمە لەم ماوەیەدا چی بووە؟ بێگومان ئەو ماوەیەی ئێمە کارمان تیاکردووە ماوەیەکی کورتە، بەڵام هەر لەوماوەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە لە کونسوڵخانەی فەرەنسی سیمینارێك کرا،لەسەر زمانی زبر لە ڕۆژنامەگەریدا،لە سیمینارەکە ئامادەبووم و وتاریشم هەبوو،هەرچەندە نەمتوانی تا کۆتایی سیمینارەکە بمێنمەوە لەبەرئەوەی لە کاتی دەوامی فەرمی سیمینارەکەیان گرێدابوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕێکخەرانی سیمینارەکە گلەیی ئەوەیان لێکردووم وەزیری ڕۆشنبیری

**پێشتر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی ناووناتۆرەو ناوزراندن، ئەم حەماسەی ئێستایان نەبوو، بەڵام ئێستا هەستدەکەین حەماسیان هەیە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکەن**

**کاتێک ئاسایشی گشتی کۆمەڵگە بکەوێتە مەترسیەوە حکومەت ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات، بەڵام دەبێت ئەم دەستێوەردانە بە یاسا بیکات**

بەجێبهێشـــووین،بەڵام من ناتوانم کاتی دەوامـــی فەرمـــی جێبهێڵم،بۆیـــە من بـــۆ نیوکاتژمێر ئامادەبـــووم بۆ ئەوەی بیروبۆچوونـــی خـــۆم وەك وەزیـــری رۆشـــنبیری پێیان رابگەیانم،کۆمەڵێك گرفتم وەك پرسیار خستە روو،کە بریتی بوو لە شەش پرسیار،یەکێك لەو پرسیارانە پەیوەندی بە تەمەنی رۆژنامەی ئازادەوە هەبوو،لەبەر ئـــەوەی هەندێك کەس پێی وایە رۆژنامەی ئەهلی و ئازاد دووسێ ساڵە دروست بووە نازانێت ئەسڵەن رۆژنامەگـــەری کوردی بـــە ئازادی دروست بووە،ئایا کە پیرەمێرد لە سلێمانی رۆژنامەی ژینی دەرکـــردووە ئایا ژین رۆژنامەگەری حکومەت بووە؟

*** خۆی ئیشکالیەتەکە لێرەدایە ئایا ژین بە هەمان ئەو نەفەسە بووە کە ئێستا لە رۆژنامەگـــەری ئەهلی و ئازادی ئەمـــڕۆدا هەیە؟ئایا پیرەمێـــرد وەك ئەو سەرنووســـەرە بەناو ئەهلیانەبووەو کاری کردووە ؟؟**

- بەڵێ ژیـــن جیاواز بووە، لەبەر ئەوەی ململانێکانـــی ئێســـتا لەســـەردەمی دەرچوونـــی ژیـــن جیاوازە،کـــە دەڵێین ململانـــێ زۆر بوار دەگرێتـــەوە، یەکێك لەو ململانێیانە چەمکی ئینتمای نیشـــتمانی و ناســـنامەی کوردستانی بـــوون دەگرێتەوە،هەموو ئەمانە ئێســـتا جێگەی پرسیار و مشتومڕە.کە دەشڵێین جێگەی مشتومڕو قســـە لەسەرکردنن، لەبەر ئەوەی بەشـــێك لەو گۆڕانکاریانە لەبواری راگەیاندن دەردەکەوێت،بۆیە من پرسەکانم لەو سیمینارە وەك پرسیار خستمە روو،بۆیەش بەوجۆرە خستمە روو بۆ ئەوەی بەوجۆرە تەفسیر نەکرێت کە ئێمە پێش وەختە وەك حکومـــەت تێروانینێکمان هەیـــە و دەمانەوێت ئـــەو تێروانینە بسەپێنین.نەخێر ئێمە دەمانەوێت چەند بیروبۆچوونی جیاواز لەوبوارە هەبن، ئەو بیروبۆچوونانـــە لەگەڵ یەکدی تەفاعول بکەن، بۆ ئێســـتا پێویستمان بەو تەفاعولە هەیە،ئەگەر ماوەیەکیش بخایەنێت باســـنگمان فـــراوان بێت، لەبـــەر ئـــەوەی تەفاعولی جیاوازییـــەکان



**سیستەمی بانک سەرچاوەی داهات ئاشکرا دەکات**

**ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی ئێمە هەمانن هەندێکیان وەزارەت دەریدەکات، ئەوانەی وەزارتیش دەریدەکات بیردەکەینەوە بە شیوازێکی گونجاوتر رێکیان بخەینەوە**

دەمانگەیەنێتە ئاکامێکی باش.

*** ئەو سەنگفراوانیەی جەنابت باسی دەکەیت، بۆ ئەو کاتە راستە کە کاری میدیا بزنس بێت و پێوەندی بە بازاڕەوە هەبێت، بەڵام ئەگەر جۆرێك لە میدیای سێبەرو موخابەراتی هەبێت،لە ژێرەوە تەمویل بکرێن وەك ئەوەی ئێستا بەشێك لە میدیاکان بەوجۆرە تەمویل دەکرێن،لای هەموان ئاشکرایە ژمارەیەك بڵاوکراوە ئێستا دەردەچن کەس نازانێت سەرچاوەی داراییان چۆن دابیندەکرێت،باشە لە وڵاتێکدا میدیا بزنس نەبێت و بازار رێکینەخات چیبکەین؟**

- دەگەرێینەوە بۆ مەسەلەی دیسپلینەکان،دەبێت یاسایەك هەبێت ئەو دیسپلینانە رێکبخات،بۆ نموونە دەبێت یاسایەك هەبێت بوار بەمن بدات بۆ ئەوەی بزانین سەرچاوەی تەمویلکردنی ئەو بڵاوکراوەیە کێیە؟مەسەلەکان هەمووی پەیوەندی بەیەکەوەیە، هەر بۆنموونە ئەگەر ئێمە سبەینێ سیستمی بانکیمان هەبوو،مامەڵەمان لەگەڵ بانك کرد، ئەوا ئەگەر من بمەوێت کەناڵێکی سەتەلایت دابمەزرێنم دەبێت بانك بزانێت من چەندم پارە لە بانکدا هەیە،هەروەها سەرچاوەی ئەو پارە چیەو لەکوێوە هاتووە؟ لە هیچ وڵاتێکدا سەرچاوەی نادیار بۆ پارە نیە. لەبەرئەوەی ئەگەر سەرچاوەی پارە دیار نەبوو سیستمی باجدان تێکدەچێت، بۆیە لە وڵاتانی پێشکەتوو سیستمی بازار کۆنترۆڵی گیرفانی هەموو کەسێکی کردووە،ئەمانە هەمووی پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە و سیستەمی بانك سەرچاوەی داهات ئاشکرا دەکات، بۆیە من باسی رێکخستنەوە دەکەم وەك لەسەرەتاشەوە گوتم بۆشاییەکی یاسایی هەیە ئەو بۆشاییە یاساییە دەبێت رێکبخرێتەوە و پڕبکرێتەوە.

*** بەڵام ئێستا کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت، خۆ ناکرێت چاوەرێ بین تالەسەر پشتی کیسەڵ دەروات بەرێوە تا ئەو یاسایە دەردەچێت،چونکە هەوڵەکانیش لەم بوارە بەو ئاستە نین بۆیە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان کە بەرەو هەڵبژاردن دەچین و گەرموگوڕییەك دەکەوێتە ناو راگەیاندنی کوردییەوە پێویستە دەستوبردێکی لێ بکرێت،واتا تەڕدەستییەکی دەوێت،وا نییە؟**

- راستە، بەڵام کە دەڵێین گەڕانەوە بۆ رای خەڵك و بیروبۆچوونە جیاوازەکان،مەبەست ئەوە نیە بەخاوی هەنگاوی بۆ هەڵبگرین یان فەرامۆشی بکەین، نەخێر دەبێت کاربکەین بۆ ئەوەی پرۆژەیەك هەبێت و ئەو پرۆژەیەش ببێتە زەمینەیەك بۆ گفتوگۆ.

*** بەڵام بەرێزت بەشێك لەم ئەرکە ئەخەیتە سەرشانی خۆت، بەشێکی دیکە بە خەڵکانی دیکە ئەسپێریت، پرسیار ئەوەیە کێ ئەو پرۆژەیە ئامادە دەکات؟**

- بۆ ئەو پرۆژەیە، پێش من هەندێك هەوڵدراوە،من موتابەعەی ئەو هەوڵانە دەکەم،کۆمەڵێك پرۆژە بۆ من هاتوون،بەڵام کۆمەڵێك پرۆژەی دیکەش هەن،لەوانەیە حکومەت خۆشی ئاگای لە هەندێك پرۆژە هەبێت،لەبەر ئەوە کارکردن بۆ ئەم مەسەلەیە لەو رۆژەوە دەستی پێنەکردووە کە من بووم بە وەزیری رۆشنبیری،ئێستاش لەوانەیە ئەو هەوڵانەی پێشتر دراون پێویستی بە وردبینی زیاتر هەبێت،بۆ ئەوەی وەك پرۆژەیەك ئامادە بکرێت،ئەو پرۆژانە بە کۆمەڵێك قۆناخدا دەڕۆن ئێستا قۆناخی یەکەمی بڕیوە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە چۆن هەنگاوی دیکەی بۆ هەڵدەگرین،بۆ ئەوەی مۆرکی پرۆژەیی وەربگرێت.

*** واتە ئینشاڵلا چاوەرێی ئەو پرۆژەیە بین؟**

- بەڵی

*** باشە ئێستا بەرەو هەڵبژاردن دەچین لەوانەیە هەندێك لە هۆیەکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی ململانێی لایەنێکی سیاسی بکات، زیان بە بەرژەوەندی نیشتمانی بگەیەنێت، ئایا ئێوە وەك وەزارەتی رۆشنبیری بەرنامەیەکتان بۆ ئەم حاڵەتە هەیە؟**

- پێش ئێمە وەزارەتی ناوخۆ هەیە، وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسە،بەرامبەر ئاسایشی گشتی و رێوشوێنەکانیش بەپێی یاسا وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر پێشێلکردنی ئاسایش و بەرژەوەندی گشتی رووبدات، ئەو کاتە حکومەت دەستێوەردان دەکات و تەماشاکەر نابێت.

*** لە کۆتایی ئەم دیدارە دەخوازین جەنابی وەزیری رۆشنبیری وەك وەزیری رۆشنبیری و هەمیش وەك وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە چەند خاڵێك ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات بزانین چۆن دەتوانین ئەم باردۆخە تێپەرێنین؟**

- وەك خۆت گوتت بە خاڵ وەڵامت دەدەمەوە:

١- ئێمە وەك هەنگاوی یەکەم دەستنیشانی ئەوەمان کردووە کە بۆشاییەکی یاسایی بۆ رێکخستنی بواری کاری راگەیاندن لە هەموو کودستان لە راگەیاندنی بواری حکومی و ناحکومیدا هەیە.

٢- لەم بوارەدا پێش من پرۆژەیەك هەبووە، ئەم پرۆژەیە هەندێك ئاڵوگۆڕی تیاکراوە،ئەو پرۆژەیە گەیشتۆتە هەندێك ناوەندی گرنگی بڕیار لە کوردستاندا، بۆیە ناکرێت ئەو پرۆژەیە فەرامۆش بکرێت.


٣- هەندێك بوار لە کاری وەزارەتی ئێمە هەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەکاری راگەیاندنەوە هەیە،رێکخستنەوەی کاری سەنتەرەکان یەکێکە لەو هەنگاوانەی پەیوەندی بەو بوارەوە هەیە،ئەم کارە کە هەوڵێکە بۆ چاککردنەوەیان، هۆکارێك دەبێت بۆ یارمەتیدانمان لە بوارەکەی دیکە.

٤- لەم نزیکانە بەنیازی کۆبوونەوەیەکین لەسەر دۆخی تەلەفزیۆنی نەورۆز بۆ ئەوەی بزانین چۆن پێداچوونەوەیەك هەبێت بۆ ئیشوکارەکانی.

٥- ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی ئێمە هەمانن هەندێکیان وەزارەت دەریدکات،ئەوانەی وەزارتیش دەریدەکات بیردەکەینەوە بە شیوازێکی گونجاوتر رێکیان بخەینەوە.

ئەمانە هەنگاون بۆ پرکردنەوەی بۆشاییە گشتیەکە، بەڵام پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گشتیە پێویستی بە پڕۆژەی یاسایەکە بۆ رێکخستنەوەی راگەیاندن لە کوردستاندا.

**لەم نزیکانە بەنیازی کۆبوونەوەیەکین لەسەر دۆخی تەلەفزیۆنی نەورۆز بۆ ئەوەی بزانین چۆن پێداچوونەوەیەک هەبێت بۆ ئیشوکارەکانی**



**خاتوو بۆنی براونلی کە ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر نووسین لە گۆڤار و راپۆرت و ماس میدیا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پسپۆرە لەسەر میدیای ئەمریکای لاتین، وەك کاری رۆژنامەوانیش رووماڵی زۆربەی رووداوەکانی ئەفریقیای کردووە بە تایبەتی تەنگژەی نێوان مەغریب و پۆلساریۆ، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی رووماڵکردنی هەواڵ و مامەڵەی رۆژنامەنووس لەگەڵ رووداو کۆمەڵگە، خاتوو بۆنی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی.**

## رۆژنامەنووس بۆنی براونلی بۆ گوڵان:

# پەروەردەکردنی رۆژنامەوانی رۆڵێکی ئیجابی دەبینێت لە پێگەیاندنی ئەو قوتابیانەشی کە بڕیارە لە داهاتوودا ببنە رۆژنامەنووس

*** کەباسی کاری رۆژنامەگەری دەکەین، هەست دەکەین ئەم بوارە دوولایەنی هەیە، هەم رۆژنامەگەری سەرکەتوو هەمیش رۆژنامەگەرییەك کە ناتوانێت رۆڵی خۆی بەباشی ئەدا بکات، بەڕای تۆ رۆژنامەگەری سەرکەتوو چۆن دروست دەبێت؟**

- من پێم وایە راگەیاندنی باش و سەرکەوتوو پێکدێت لە رۆژنامەنووسی ژیر و کۆمەڵگەیەك کە تەقدیری ئەو رۆڵە بکات کە رۆژنامەنووسان لە کۆمەڵگەدا دەیبینن. بەر بەلەرچاوگرتنی ئەوەی من خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکام، ئەوا باوەڕم وایە ئەو کاتە رۆژنامەنووسان بە باشترین شێوە کارەکانی خۆیان ئەدا ئەکەن کە لەلایەن حکومەتەوە، هەروەها لەلایەن کۆمپانیاکانەوە کۆنترۆڵ نەکرابێتن. من ئەو راستییەش دەزانم کە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا بە تەواوەتی حاڵەتەکە بەم شێوەیە نییە، بەڵام ئەمە ئامانجێکە دەکرێت خەبات و تێکۆشان بۆ هێنانەدی بکەین. دەبێت رۆژنامەنووسان بەو شێوەیە لە کارەکەی خۆیان بڕوانن کە کار بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی خەڵك دەکەن، نەك بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی ئەو حکومەتەی لە دەسەڵاتدایە. رۆژنامەنووسان پێویستیان بە ئامرازی رۆشنیری بۆ ئەداکردنی ئەرکەکەیان هەیە. دەبێت داهاتێك بەدەست بهێنن بتوانن ژیانی خۆیانی پێدابین بکەن، (بە چەشنێك ناچار نەبن کار بۆ دامەزراوەیەکی دیکە بکەن، هەروەك ئەوەی لە هەندێ وڵاتدا بەدی دەکەین). هەروەها پێویستیان بە پشتگیری ئەو دامەزراوە هەیە کە کاری بۆ دەکەن و پێویستیان بەوە هەیە بەرپرسانی دەزگاکان داکۆکی لە ماف و


بەرپرسیارێتییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راست و دروست راپۆرت لە بارەی ئەو شتانەوە بنووسن کە دەیبنن و دەیبستن. ئەوان پێویستیان بە یاسا هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا، بیانپارێزێت. من باوەڕم وایە پەروەردەکردنی رۆژنامەگەریانە بەهای خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە نابێت بەدەستهێنانی بڕوانامەیەك لە بواری رۆژنامەگەریدا پێشمەرج بێت بۆ ئەوەی کەسێك ئەم کارە ئەنجام بدات.

*** ئەرکی سەرەکی راگەیاندن چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتە بێئەوەی خۆی ببێتە بەشێك لە کێشەکە، واتە ئەرکی رۆژنامەنووس چاودێریکردنی حکومەتە نەك دژایەتی کردن و رووبەڕووبوونەوەی حکومەت، چۆن دەکرێت ئەم راستیە بۆ رۆژنامەنووس روون بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی خۆی ئەدا بکات؟**

- بە مەزندەی من ئەمە بەشێکە لە کلتووری هەر وڵاتێك یاخود بەشێکە لە سیستەمە رۆژنامەگەریەکە و بەشێکە لەو کلتوورەی کە هاوشان بە پیادەکردنی رۆژنامەگەری دروست دەبێت. من دڵنیام لە هەندێ شوێن، یاخود لە نێو هەندێ خەڵکدا، ئامانجەکە بریتییە لە بەرهەڵستیکردنی حکومەت و بەربەرچدانەوەی حکومەت. هەندێ پرسیار ناچارم دەکەن وا بیربکەمەوە کە پەروەردەکردنی رۆژنامەوانی رۆڵێکی ئیجابی دەبینێت لە پێگەیاندنی ئەو قوتابیانەی بڕیارە لە داهاتوودا ببنە رۆژنامەنووسێك بە چەشنێك بتوانن بەها و نەریتەکانی رۆژنامەوانییەکان لە کاتی ئەداکردنی کارەکەیاندا پیادە بکەن.

*** لە وڵاتانی هاوشێوەی وڵاتی ئێمە زۆر جار خەڵکی بەدگومان دەبن بەرامبەر بە راگەیاندن کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانی حکومەت بێ چاودێری و رەخنە گرتن تێپەڕن، پرسیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەل و مەرجێکدا راگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە! ئەگەر لە پرسیارەکەتان تێگەیشتبم، ئێوە دەپرسن چۆن رۆژنامەنووس دەتوانێت متمانەی خەڵك بەدەست بهێنێت، ئەگەر متمانەشیان لەدەستدا، چۆن دەتوانن دووبارە بەدەستی بهێننەوە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم. لە وڵاتی ئێمەدا، بە پێی ئەنجامی راپرسییەکان دەردەکەوێت خەڵکی متمانەیان بە رۆژنامەنووسان نییە (بە لای کەمەوە بەو شێوەیەی ئێمە پێمان وایە دەبێت متمانەیان پێبکەن!). دەبێت رۆژنامەنووس بەهێزبێت، دەبێت راستگۆ بن، دەبێت پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی کارەکان بکەن بەو شێوەیەی کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت. ئەو کاتە دەتوانین ئومێدی ئەوە بکەن رای گشتی تەقدیری کارەکانیان دەکات و بەو شێوەیە لێیان دەڕوانێت کە لە بری کۆمەڵگە ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدەن. من باوەڕم وانییە کارێکی گێلانەبێت ئەگەر رۆژنامەنووسان بڵاوکراوەکانی خۆیان



بۆنی براونلی

بەکارهێنا بۆ روونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن. بۆ نموونە دەکرێت سەرنووسەر، یان پەیامنێرێك لە ستوونێکدا باسی ئەو کارە بکات کە دەیەوێت ئەنجامی بدات. هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەمەریکا پۆستێکیان هەیە بە ناوی «هەواڵدەر.» ئەمە ئەو کەسەیە کە سکاڵا و نارەزایی و پرسیارەکانی رای گشتی دەگەیەنێت. دواتر ئەم کەسە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نارەزاییەکان دەدات و رەنگە بەشێکی بڵاوکراوەکەش تەرخان بکرێت بۆ پرسیار و وەڵامەکان. من پێم وایە ئەمە بیرۆکەیەکی باشە و یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی باشتر لەو کێشانە تێبگەن کە رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبنەوە و دەبێتە هۆی دروستکردنی رایەڵێك لە نێوان رۆژنامەنووسان وخەڵکدا ( و تەنانەت حکومەتیشدا).

*** بۆ وڵاتی ئێمە کە بە قۆناخی ئینتیقالی تێدەپەڕین، بەرپرسیاریەتی راگەیاند زۆر گرنگە، ئایا چۆن راگەیاندنێك دروست بکەین هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات؟**

- رەنگە لەم رووەوە چەندین نموونە لە ئارادابن، من ئەوە راستیە دەزانم کە لە کاتی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی هەندێ وڵاتی نوێدا، ئەوا وڵاتە نوێیەکان لە پڕێکدا خۆیان لە بارودۆخێکدا بینیوە کە دەبێت خۆیان حکومڕانێتی خۆیان بکەن، رۆژنامەنووسەکانیش بە هەمان شێوە تووشی زەحمەتی بوونەوە لە دیارکردنی رۆڵی خۆیاندا. من پێموایە سەرەڕای هەموو شتێك ئێمە دەتوانین ئەوە فێرببین کە چۆن خەڵکانی دیکە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و دواتر بەو شێوەیە هەموارکردن و گۆڕانکاری تێدا دەکەن کە خۆیان بە پێویستی دەزانن. رۆژنامەنووسان لە هەر شوێنێك بن گۆڕانکاریان بەسەردادێت (بە دڵنیاییەوە لەم رۆژگارەشدا ئەمە روودەدات، ئەویش بەهۆی رەوتی خێرای تەکنۆلۆجیاوە کە پرۆسەی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی ئاسان کردووە)، من پێم وایە ئێمە باسی پرۆسەیەك دەکەین کە هەم کات و هەم بەرەوپێشچوون بەشێکن لەو پرۆسەیە.

*** ئایا ئەمە تا ئاست و ئەندازەیەك زیان بە پرۆسەی بنیاتنان و دروستکردنی راگەیاندنی ئازاد دەگەیەنێت؟**

- من پێم وایە مەشق و راهێنان کاریگەری ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە ئێوە لە پێگەیەکی باشدان بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی خۆتان بە شیاوی دەزانن پەرە بە سیستەمی راگەیاندن بدەن. ئێوە دەتوانن پەیوەندی بە کەسانی دەرەوە بکەن (هەروەك ئەوەی ئێوە ئەم حاڵی حازر لە رێی ئەم چاوپێکەوتنەوە ئەنجامی دەدەن) بۆ ئەوەی لەو خەڵکانەوە فێربن کە پێشتر رووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە بوونەتەوە کە ئێستا ئێوە بە دەستیانەوە دەناڵێنن. رەنگە ئێوە بتوانن کەسێك بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دیارکراو کارتان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوەی پێکەوە بیربکەنەوە و ئەزموونەکانی خۆتان ئاڵوگۆڕ بکەن. هەروەها دەتوانن ئەو بەرنامانە بەدەست بهێنن کە رەنگە بتوانن بۆ هەندێ بواری مەشقکردن بەکاریان بهێنن.

**دەبێت رۆژنامەنووسان بەو شێوەیە لە کارەکەی خۆیان بڕوانن کە کار بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی خەڵك دەکەن**



**پرۆفیسۆر جۆن فەنێڵ سەرنووسەری گۆڤاری (Milwaukee Magazine)ە و ئوستادی رۆژنامەگەری گۆڤارە لە زانکۆی میسووری و بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری راگەیاند لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و چۆنیەتی بەرەوپێشەوەبردنی، پرۆفیسۆر فەنێڵ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## رۆژنامەنووس جۆن فەنێڵ بۆ گوڵان:

# ئەگەر بۆ مێژووی راگەیاندن بگەڕێینەوە ئەوا هەمیشە کێشمەکێش لە نێوان راگەیاندن و بەرپرس و دەسەڵاتداراندا هەبووە

*** هەموو کارێك لە قۆناخی گواستنەوەدا رووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە، بێگومان لە وەرچەرخان لە راگەیاندنی سەر بەدەوڵەتەوە بۆ راگەیاندنی ئازاد، هەم زەمینەکە بەو ئاستە لەبار نییە ئەم ئەرکە سەرکەتوو بێت، هەمیش ئەوانەی بەو ئەرکە هەڵدەستن بە تەواوی تایبەتمەند نین، ئایا چۆن لەم قۆناخە بتوانین بۆ راگەیاندێکی باش سەرکەوتووبین؟**

- ئەمە پەیوەستە بە پرسێکی بەرفراوان و گەورەوە، لەبەر ئەوەی سەرەتا راگەیاندن پێویستی بە رۆژنامەنووسێك هەیە کە ئارەزوو ئامادەیی تێدابێت بۆ ئەنجامدانی کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری، لە هەمان کاتدا دەبێت خەڵکیش ئارەزوو پەرۆشیان هەبێت بۆ خوێندنەوەی ئەوەی رۆژنامە و راگەیاندنەکان بەرهەمی دەهێنن. هەروەها دەبێت حکومەتیش هاوکار و پاڵپشت بێت نەك لە رووی یارمەتیدانی داراییەوە، بەڵکو لە رووی رەخساندنی هەل و مەرجێکی ئازادەوە بۆ ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان سەربەخۆییان هەبێت لە ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا.

*** ئەوانەی بەڕێزت ئاماژەت پێکردن خاڵە سەرەکییەکان و زۆر گرنگیشن، بەڵام پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە رۆژنامەنووس لەم باردۆخەدا پێویستە چۆن کاربکات؟**

- بە دڵنیاییەوە لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکادا کار و ئەرکی سەرەکی راگەیاندن و رۆژنامەکان چاودێریکردنی


حکومەتـــە، لەلایـــەك بۆ دەرخســـتن و ئاشـــکراکردن و پـــەردەلادان لەســـەر کەم و کـــوڕی و ناتەواوییـــەکان، هەروەها بۆ دەرخستنی لایەنە باش و ئیجابییەکانیش. ئەگەر رۆژنامەکان نەتوانن ئەم کارە ئەنجام بـــدەن، ئەوا بێ دوودڵی لە مەترســـیدان. بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەبێت راگەیاندن بە شێوەیەکی ســـەربەخۆ کاربکات، لەبەر ئـــەوەی هـــەر کاتێـــك رۆژنامەنووس و راگەیاندنەکان بوونە بەشـــێك یان لایەنێك لە هاوکێشەیەکی دیارکراو، ئەوا ناتوانن لە کاتی رووماڵکردنی پەیوەســـت بەم پرسەوە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. واتە بۆ ئەوەی دەزگایەکی راگەیاندن یاخو رۆژنامەیەك ببێتە جێـــی متمانـــەی هاوڵاتیان دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت.

*** بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی لەســـەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان ئەولەوییەت بە بنیاتنانی راگەیاندنێکی ئازاد نادرێت، ئەمـــەش دەبێتـــە هۆی ئـــەوەی خەڵکی بەدگومـــان بـــن بەرامبەر بـــە راگەیاندن کە ئەمەش سەردەکیشـــێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانی حکومـــەت بێ چاودێری و رەخنەگرتن تێپەڕن، پرســـیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەلومەرجێکدا راگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- بـــە چەنـــد شـــێوەیەك دەزگاکانـــی راگەیاندن متمانە و میســـداقیەتی خۆیان لەدەســـت دەدەن، بـــۆ نموونە لـــە وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکادا کەناڵـــی تەلەفزیۆنی فۆکس نیوز هەیە، ئاشکرایە ئەم کەناڵێکی سیاســـییە و گوزارشت لە بیروبۆچوونێکی سیاسی دیارکراو دەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی بیروبۆچوونێکی سیاســـی جیاوازیان هەیە بە بەدگومانییەوە لەم کەناڵە بڕوانن، لەبەر ئەوەی زیاتر گوزارشت لە بیروبۆچوونێکی سیاسی موحافیزکارانە دەکات، واتە ئەمە بۆتە هۆی ئـــەوەی خەڵکانێـــك زۆر بە چاوی گومانەوە لێی بڕوانن و چیتر وەك کەناڵێکی باوەڕپێکراو سەیری نەکەن.

*** کەواتـــە بـــا ئەو پرســـیارە بکەین ئایا چۆن بتوانین راگەیاندنێـــك بنیات بنێین لەم قۆناغەدا کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات؟**

- مـــن پێـــم وایـــە باشـــترین کارێـــك رۆژنامەنووســـان ئەنجامی بـــدەن ئەوەیە هەوڵ بدەن هاوســـەنگی و مەوزوعییەت لە کارەکانیاندا رەچاوبکەن و بەو شێوەیەی کە خۆیان پێیان شـــیاوە «راستی» یەکان ئاشـــکرابکەن، مەبەستم ئەوەیە بتوانن بەو شـــێوەیەی خۆیان پێیان راست و دروستە هەڵبســـتن بـــە کاری رووماڵکـــردن و ئامادەکردنـــی راپۆرتەکانیان، ئەگەرچی حکومەت، یاخود پارتە سیاســـییەکانیش هاوڕانەبـــن لەگەڵیانـــدا. بەم شـــێوەیە و بـــە تێپەڕبوونی کات رۆژنامەنووســـەکان دەتوانن ببنە جێی متمانە و ســـەرچاوەی باوەڕپێکـــراوی هـــەواڵ و زانیـــاری بۆ



جۆن فەنێل

هاوڵاتیان.

*** ئەی ســـەبارەت بە لاســـاییکردنەوەی هەمـــان شـــێوازی کاری راگەیاندنـــی میدیـــای وڵاتانی رۆژئاوا لـــە وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوودا، ئایـــا بە رای تۆ ئەو لاساییکردنەوەیە سەرکەوتوو دەبێت؟**

- من دەزانم ئەو وڵاتانەی لە ســـەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان قەوارەگەلێکن بە ئاسانی دووچاری ناسەقامگیری شلەژان دەبنەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بێ درکاندن و ئاشکراکردنی راســـتییەکان، بێ بوونی راگەیاندنێکـــی هاوســـەنگ خەڵك چۆن دەتوانێت لە راستییەکان تێبگات. لە راستیدا کەس خوازیاری ئەوەنییە ســـەقامگیری ئـــەو قەوارەیە بخاتە مەترســـییەوە، بەڵام ئەگەر بۆ مێژووی راگەیاندن بگەڕێینەوە ئەوا هەمیشـــە ئەم کێشمەکێشـــە لە نێوان راگەیاندن و رۆژنامەکان لەگەڵ بەرپرس و دەســـەڵاتداراندا هەبووە. ئەگەر ئێمە لەم رووەوە بۆ مێژووی ئەمەریکا بگەڕێینەوە، ئەوا لـــە ســـەردەمی ســـەرۆك ئەبراهام لینکۆڵنـــدا چەند رۆژنامەیـــەك هەبوون بەرهەڵستیان دەکرد، لە هەمان کاتدا چەند رۆژنامەیەکی دیکەش پشتگیرییان دەکرد، لە ئێستاشـــدا ئێمە دەزانین کەناڵی فۆکس نیـــوزی ئەمەریکا پتر مەیلێکی کۆماری هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم دەزگایانە سەربەخۆن و خەڵکیش ئازادە موتابەعەی کامەیـــان دەکات و ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی دیموکراسییەتی ئەمەریکا.

*** ئایا ئەمە تا ئاســـت و ئەندازەیەك زیان بە پرۆســـەی بنیاتنان و دروســـتکردنی راگەیاندنی ئازاد دەگەیەنێت؟**

- ئەوە راستییە کە رەنگە رۆژنامەنووسێکی مەشقپێنەکراو لە کاتی نووسینی راپۆرت و رووماڵکردنەکانیـــدا بێلایەنـــی خۆی نەپارێزێـــت و لە بەرژەوەندی بیروبۆچوونە سیاسییەکەی خۆی هەڵبستێت بە داڕشتن و نووسینەوەی راپۆرتەکانی، واتە دەکرێت ئەم جۆرە رۆژنامەنووســـە مەترســـی یان کێشـــەیەك بێت بۆ دیموکراسی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە دیموکراسیدا خەڵکی ئەو ئازادی و سەربەخۆییەیان هەیە بۆ ئەوەی خۆیان هەڵبستن بە هەڵسەنگاندنی کاری رۆژنامەنووسان و خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن ئایـــا کاری رۆژنامەنووســـەکان بێلایەنی پێوەدیـــارە و ئامانجـــی ئاشـــکراکردنی راســـتییەکانە، یاخود بـــە پێچەوانەوە ئەم بنەمایانە کاردەکات. لە راستیدا بێ بوونی چاودێری لە لایەن رۆژنامە و دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئەوا پرۆســـە سیاسییەکە لە مەترسیدا دەبێت، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی غیابی چاودێری لە لایەن راگەیاندنێکی سەربەخۆ و کاراوە، حکومەت دەسەڵاتێکی زۆری دەبێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

**من** هیوادارم رۆژنامەنووســـەکانی عێراق بتوانن کار بۆ ئاشـــکراکردنی راستییەکان بکەن و ببنە رۆژنامەنووســـی سەربەخۆ و بتوانن بەسەر دژوارییەکاندا زاڵبن.

**راگەیاندن پێویستی بە رۆژنامەنووسێک هەیە کە ئارەزوو ئامادەیی تێدابێت بۆ ئەنجامدانی کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری**

**بۆ ئەوەی دەزگایەکی راگەیاندن یاخو رۆژنامەیەک ببێتە جێی متمانەی هاوڵاتیان دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت**

**پرۆفیسۆر جۆن دینگز كە ئێستا ئوستادی ڕۆژنامەوانییە لە زانكۆی كۆلۆمبیا و یەكێكە لە ڕۆژنامەنووسە دیارەكان و سەرنووسەری ڕادیۆی نیشتمانی ئەمریكا (NPR)بووە و هەروەها یەكێكە لە پسپۆڕانی لێكۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتانی (چیلی، ئەرژەنتین، پەناما، فەنزوێلا وگواتیمالا) لە ئەمریكای لاتینی و ماوەی چەندین ساڵ وەك پەیامنێر ڕووماڵی هەواڵەكانی ئەم وڵاتانەی كردووە، بۆ قسەكردن لەسەر چۆنیەتی بونیادی ڕاگەیاندی سەركەتوو پرۆفیسۆر دینگز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## ڕۆژنامەنووس جۆن دینگز بۆ گوڵان:

# ئەگەر ڕۆژنامەنووس زانیارییەكانی تێكەڵ بە بیروڕای تایبەتی خۆی كرد ئەوا متمانەی خەڵك لە دەست دەدات

**له وڵاته ديموكراتييه‌كاندا دەزگاكانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی ڕۆژنامە و كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان و ڕادیۆكان دەبنە ڕایەڵی نێوان خەڵك و دەسەڵات**

*** چۆن بتوانن ڕاگەیاندنێكی سەركەوتوو تەندروست بنیات بنێین، ئایا دەبێت سەرەتا ئەولەوییەت بە چی بدرێت؟**

- لە وڵاتە دیموكراتییەكاندا دەزگاكانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی ڕۆژنامە و كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان و ڕادیۆكان دەبنە ڕایەڵی نێوان خەڵك و دەسەڵات، ڕەنگە گرنگترین ئەركی دەزگاكانی ڕاگەیاندن هۆشیاركردنەوە و ئاگاداركردنەوەی هاوڵاتیان بێت بەوەی ڕوودەدات، بەڵام من پێم وایە یەكێك لە ئەركە هەرە گرنگەكان بریتییە لە دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی كێشە و پرس و مەسەلە گرنگەكانەوە بكرێت، واتە نابێت تەنها ئەركی ڕاگەیاندن شیكردنەوە و گەیاندن بێت، بەڵكو دەبێت ببێتە كەناڵێك بۆ ڕەخنەگرتن و چاودێری و لێكۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیش. ئەمەش پێویست بەوەدەكات ڕاگەیاندن ئازاد بێت و لەلایەن حكومەتەوە كۆنترۆڵ نەكرابێت. ئەگەرنا تەنها لە ڕوانگەی تیرۆانینی حكومەتەوە گفتوگۆ لەسەر پرس و بابەتە جیاوازەكان دەكرێت.

*** چۆن دەكرێت ئەم ڕاستییە بۆ ڕۆژنامەنووس ڕوون بكەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەركی خۆی ئەدا بكات؟**

- بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم پرسە و لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، بۆ نموونە لە زۆرێك لە وڵاتە دیموكراسییەكاندا ڕۆژنامەنووسان هەڵوێست وەردەگرن و پشتگیری لە پاڵێوراوێكی سیاسی دیاركراو دەكەن، كە مەرج نییە ئەمە پێچەوانەبێت لەگەڵ دیموكراسیدا، بەڵام ئەوەی لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا باوە ئەوەیە دەبێت ڕۆژنامەنووس كەسێكی سەربەخۆ و مەوزوعی بێت و بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ پشتگیری لە سیاسەتێكی دیاركراو یان پاڵێوراوێكی دیاركراو نەكات، هەرچەندە لە ئەمەریكاشدا ڕۆژنامەنووسی بیروڕا هەیە، واتە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە بری ئەوەی هەڵبستن بە ئەنجامدانی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری، لە وتارێكدا بیروبۆچوون و تێڕوانینەكانی خۆیان دەردەبڕن، وەك ستوننووسەكان، هەروەها هەندێ جار ستافی ڕۆژنامەكەش بیروبۆچوونی خۆیان هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەرفەت بە بڵاوبوونەوە و گوزارشتكردن لە بیروبۆچوونەكانی دیكەش لە ڕۆژنامەكەدا بدرێت.

*** بەڵام زۆر جار هەست دەكەین هاوڵاتیان متمانەیان بە ڕاگەیاندنەكان لاواز دەبێت، پرسیارەكە ئەوەیە لە سایەی چ هەلومەرجێكدا ڕاگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- گرنگترین توخمێك كە دەبێت لە ڕۆژنامەنووسدا هەبێت، بریتیە لە متمانە و میسداقیەت، واتە دەبێت ڕۆژنامەنووس هەڵبستێت بە گەیاندنی زانیاری باوەڕپێكراو و ڕاست و دروست، بەڵام زۆرجار لە هەندێ ڕۆژنامەدا زانیاری و بیروبۆچوونی تایبەتی ڕۆژنامەنووسەكە تێكەڵ دەكرێت و ئەمەش زیانێكی زۆر بە میسداقیەتی ڕۆژنامەنووسەكە دەگەیەنێت، چونكە ئەو كاتە خەڵك ناتوانن زانیاریەكە كە ڕەنگە ڕاست بێت، بەڵام بە هەڵە جیابكەنەوە لە بیروبۆچوونی ڕۆژنامەنووسەكە كە ڕەنگە هاوڕابن لەگەڵیدا یان ڕەتی بكەنەوە، واتە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك بەم شێوەیە كاری كرد و زانیارییەكانی تێكەڵ بە بیروڕای تایبەتی خۆی كرد، ئەوا متمانەی خەڵك لە دەست دەدات.

*** كەواتە بە ڕای تۆ كاری ڕۆژنامەوانی بەرپرسیاریەتی ویژدانی ڕۆژنامەنووسە لەبەردەم هاوڵاتی، ئایا چۆن دەتوانین ئەو بەرپرسیاریەتیە بكەینە بنەمای كاری ڕۆژنامەوانی؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە كێشەیەكی گەورەیە، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی حكومەتەوە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕەخنە دەگرن، كێشە بۆ حكومەت دروست دەكەن و نابەرپرسانە كاردەكەن، لە كاتێكدا لە تیڕوانینی ڕۆژنامەنووساندا ئەمە بە كارێك دادەنرێت كە خزمەت بە دیموكراسی دەكات، ئایا چۆن بتوانین ئەم كێشەیە چارەسەربكەین؟ من پێم وایە خاڵی یەكەم ئەوەیە نابێت دەزگاكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەكان لەلایەن حكومەتەوە كۆنترۆڵ بكرێن، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەلایەن حكومەتەوە كۆنترۆڵ بكرێن، ناتوانن ئەركی ڕاستەقینە و چاوەڕوانكراوی خۆیان ئەدا بكەن، خاڵی دووەم ئەوەیە ڕۆژنامە و دەزگاكانی ڕاگەیاندن زانیاریی ڕاست و دروست، ورد و هاوسەنگ و مەوزوعی بڵاوبكەنەوە، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەوەی بیروبۆچوونی سیاسی هەڵسوڕێنەرانی ڕۆژنامەكە یا هەر دەزگایەكی دیكەی ڕاگەیاندن بن. واتە دەبێت لە ڕوانگەی ڕێسا و بنەما ئەخلاقییەكانی پیشەكەیانەوە بەرپرسیارانە و بە شێوەیەكی سەربەخۆ كارەكەی خۆیان ئەدا بكەن. بەم شێوەیە


ڕۆژنامەنووسان دەتوانن میسداقیەت بۆ خۆیان دروست بکەن و متمانەی خەڵک بەدەست بهێنن، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتیشە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراتیدان، بەڵام کارێکی مەحاڵ نییە، بۆ نموونە لە عێراقدا کە دابەشبوونی قوڵ هەیە و کێشەی زۆر گەورە لەو وڵاتەدا هەیە، ئەگەر ڕۆژنامەیەک زانیارییەک بڵاوبکاتەوە کە لە بەرژەوەندی نەیاری سیاسی لایەنێک یان پێکهاتەیەکی دیارکراو بێت، ڕەنگە ڕووبەڕووی فشار ببێتەوە، بەڵام دەبێت ڕۆژنامەنووس خۆڕاگربێت و لەم ئەرکەی خۆی لانەدات.

*** هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان هەوڵدەدەن ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە وڵاتی خۆیان دووبارە بکەنەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندی باروودۆخەکە لەبەرچاوبگرن، ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**

- من پێم وایە نابێت ڕۆژنامەنووس دەقا و دەق ئەزموونی وڵاتانی دیکە دووبارە بکاتەوە، بەڵکو دەبێت هەلومەرجی وڵاتەکەی خۆی لەبەرچاوبگرێت، چونکە ئەگەر خۆی لە کلتوور و باروودۆخی کۆمەڵگەکەی دابڕی، ئەوا میسداقیەتی خۆی لەدەست دەدات. لەلایەکی دیکەوە هەندێ لایەنی ئەزموونی ڕاگەیاندنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و تا ئاستێکی دیارکراو ئەمەریکای لاتینیش هەیە کە شایستەی ئەوەن لەبەرچاوبگیرێن، چونکە لەو وڵاتانەدا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان توانیویانە یارمەتیدەربن و پشتگیری دیموکراسیان کردووە، بەشداربوونە لە هێنانەدی بناغەیەکی پتەوی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا، کە بە تێڕوانینی من گرنگترین و بنەڕەتیترین بناغە و بەها بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری ڕاست و دروست، وردبینی و دیققەت لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، ئامادەبوون بۆ ڕەخنەگرتن لە دۆست و نەیارەکانت، هەروەها نابێت وا دەربکەویت کە خزمەت بە بەشێک لە سیستمە سیاسییەکە، یان لایەنێکی دیارکراو دەکەیت، بەڵکو دەبێت وەک کەسێک کاربکەیت کە خزمەت بە تێکرای کۆمەڵگەکە دەکەیت.

*** لایەنێکی دیکە لە وڵاتی ئێمە کەمی ڕۆژنامەنووسی پیشەگەرە، ئایا ئەمە تا ئاست و ئەندازەیەک زیان بە پرۆسەی بنیاتنان و دروستکردنی ڕاگەیاندنی ئازاد دەگەیەنێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بوونی ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر یارمەتیدەر دەبێت لە دروستکردنی ڕاگەیاندنی ئازاد و پتەوکردنی دیموکراسیدا، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت نەبوونی ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر بە کێشەیەکی گەورە دابنرێت، بەڵام ئەمە کێشەیەک نییە نەتوانین زاڵبین بەسەریدا، لەبەر ئەوەی بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن کار بۆ پابەندبوون بە بەها بنەڕەتییەکانی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییەوە بکەین، ئەو بەهایانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن، لە مەوزوعی بوون و هاوسەنگی و دیققەت و هتد. لەبەر ئەوەی هەموو کەس دەزانێت



جۆن دینگز

کە هاوسەنگی و وردبینی چییە لە کاتی گواستنەوەی هەواڵەکاندا، واتە دەکرێت ئەو ڕۆژنامەنووسانەشی کە بە شێوەیەکی پیشەگەرانە مەشقیان پێنەکراوە ئەم ئەرکە ئەدا بکەن، بە مەرجێک بەرپرسی دەزگاکە پێداگیری لەسەر ئەم شێوە کارکردنە بکات.

*** زۆرجار وڵاتانی ڕۆژئاوا گرنگی و بایەخ بە یارمەتیدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەدەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێ جار ئەمە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پرۆسەی بنیاتنانی ڕاگەیاندنی ئازاد لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا و ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی لێناکەوێتەوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا پلانیان بۆ دانابوو لە سەرەتادا، ئایا هۆکاری ئەم ناسازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بێ کەموکوڕی نییە، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەو ڕەخنەیە لە ڕاگەیاندنی وڵاتی ئەمەریکا دەگیرێت کە زیاتر بایەخ بە پرس و مەسەلە لاوەکییەکان دەدات، وەک هەواڵی ئەستێرەکانی سینەما و فەزیحەتەکانیان و هتد، کە زۆرجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە خەڵکی ئارەزوی ئەم بابەتانە دەکەن، من دڵنیم لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی پێویستیان بەوە هەیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەغتیەی جددی پرس و مەسەلەکان بکەن و تەنها لەم چوارچێوەیەدا کارەکانی خۆیان ئەنجام نەدەن، کە هیوادارم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان لەم لایەنەوە لاسایی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا نەکەنەوە، مەبەستم ئەوەیە کار و ئەرکەکانی خۆیان تەنها لە چوارچێوەی بایەخدان بە شتە لاوەکییەکان کورت نەکەنەوە.


*** ئەگەر ڕاگەیاندنی ئازاد وەک پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەیتوانی کارەکانی خۆی ئەدا بکات، ئایا ئەمە چ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر سیستمە سیاسییەکە دەبێت؟**

- ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن کارا نەبوون و پابەندنەبون بە ڕێساکانی پیشەکەیانەوە، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن کەسە گەندەڵەکانەوە کە لەوەش مەترسیدارتر ڕەنگە خەڵکی زۆرباش ئاگاداری ئەوە نەبن کە دەسەڵاتداران لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، لەبەر ئەوە من بوونی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ و ئازاد و ڕەخنەگر بە توخمێکی بنەڕەتی دەزانم بۆ بوونی دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو، چونکە بە شێوەیەکی حەتمی هەموو حکومەتێک گەندەڵی تێدایە و باشترین لایەنیش بۆ ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر ئەم گەندەڵییە دەزگاکانی ڕاگەیاندنن.

*** دوا وتەت چییە؟**

من هیوای سەرکەوتن بۆ خەڵکی کوردستان دەخوازم لە هەوڵەکانیاندا بۆ بنیاتنانی دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو، هەروەها هیوادارم هاوکاری و یارمەتی ئەمەریکاش بۆ عێراق بە ئامانجی زیاتر چەسپاندن و جێگیرکردنی دیموکراسی بێت لە عێراقدا بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت هێزەکانی لەو وڵاتەدا بکێشێتەوە و عێراقیش سەقامگیری بەخۆوە ببینێت.

**لە زۆرێک لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ڕۆژنامەنووسان هەڵوێست وەردەگرن و پشتگیری لە پاڵێوراوێکی سیاسی دیارکراو دەکەن، کە مەرج نییە ئەمە پێچەوانەبێت لەگەڵ دیموکراسیدا، بەڵام ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باوە ئەوەیە دەبێت ڕۆژنامەنووس کەسێکی سەربەخۆ و مەوزوعی بێت**



**پرۆفیسۆر ستوارت لۆری ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانكۆی میسوری و ئوستادی رۆژنامەوانی گۆڤارە (Magazine journalism) سەرنووسەری گلۆباڵ جۆرنالیزمە، خاوەنی خەڵاتی سەرۆك جۆنسۆنە لەسەر لێكۆڵینەوەی ((نهێنی ئاشتی لە ڤێتنامدا)) بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی میدیا لە كۆمەڵگە و پابەندبوونی رۆژنامەنووس بە ئاكارە پیشەییەكانی رۆژنامەنووسیەوە، پرۆفیسۆر ستوارت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## رۆژنامەنووس ستورات لۆری بۆ گوڵان:

# بایەخدانی ئێوە بۆ پێشكەوتنی رۆژنامەگەری ئازاد تەنها سوودی بۆ پەرەپێدانی رەوتی رۆژنامەگەری نییە بەڵكو خزمەت بە تێكڕای خەڵكی كوردستانیش دەكات

*** ئایا كاتێك باسی راگەیاندن و رۆڵی راگەیاندن لە كۆمەڵگەی دیموكراتی دەكەین، ئایا ئەم وشەیە چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت كە كاتێك باسی راگەیاندن دەكەین نابێت بكەوینە ئەو هەڵەیەوە كە راگەیاندن لە تەنها دامەزراوەیەك یان دەزگایەكی دیاركراودا كورت بكەینەوە، بەڵكو كاتێك دەڵێین راگەیاندن ئەوا دەزگا و دامەزراوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، كە هەندێ لەو دەزگایانە كارێكی باش ئەكەن و هەندێكیشیان لە ئاستی پێویستدا نین. لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراسی فرەییدا ئەو دەزگایانەی راگەیاندن هەن كە لە رووی ئایدۆلۆجیەوە كۆنترۆڵكراون، لە هەمان كاتدا ئەو دەزگایانەش هەن كە لە رووی ئایدۆلۆجی، ئابووری و سیاسییەوە كۆنترۆڵ نەكراون، گرنگ ئەوەیە رێگەبدرێت دەزگاكانی راگەیاندن بەو شێوەیە كاربكەن كە بە راستی دەزانن، ئەمەش دیموكراسی لە رژێم و دەسەڵاتە شمولییەكان جیادەكاتەوە.

*** ئایا ئەو بنەمایانە چین كە پێویستە رۆژنامەنووس لە كاتی جێبەجێكردنی ئەركەكەیدا رەچاویان بكات؟**


- ئەوە خاڵێكی زۆر گرنگە، ئێمە دەزانین هەندێ رۆژنامەنووس بە باشی ئەم خاڵە رەچاودەكات لە كاتی ئەداكردنی ئەركەكەیدا و هەندێ رۆژنامەنووسیش هەن كە لە ئاستی ئەم ئەركەدا نین. ئەوە راستە ئەركی

سەرەکی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ چاودێریکردنە، بەڵام نابێت ئەم کارە تەنها لە چاودێریکردنی حکومەتدا کورت بێتەوە، بەڵکو دەبێت چاودێری تێکرای دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکەش بکات، بۆ نموونە ڕێکخراوە و دامەزراوە بازرگانییەکان، هەروەها حکومەتە مەحەلییەکانیش، لە هەمان کاتدا نابێت ئەرك و کاری راگەیاندن تەنها لە چاودێریکردنێکی رەخنەگرانەدا کورتبێتەوە، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا زانیاری و هەواڵی راست و دروستیش بە هاوڵاتیان بدات. خۆ ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن بەمجۆرە کاری خۆیان نەکەن، ئەوا ئەو کاتە دەزگاکانی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ متمانەی خەڵك لەدەست دەدەن، ئەگەر ملکەچی مەرجەکانی حکومەت، یاخود هەر دامەزراوە و لایەنێکی بەهێزی دیکەبن، کێشەکە ئەوەیە لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا لایەنە بەهێزەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم دەزگایانە دەدەن، هەندێ جاریش ئەم کۆنترۆڵکردنە دەرئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە هەندێ جار سەردەکێشێت بۆ کوشتنی رۆژنامەنووسەکە، بۆ نموونە لە عێراقدا زۆرێك لە پەیامنێران و رۆژنامەنووسان بوونەتە قوربانی، هەندێکیان لە کاتی تەغتیەکردن و رووماڵکردنی شەڕەکاندا و هەندێکیان بەهۆی بڵاوکردنەوە و نووسینی راپۆرتێك کە بە دڵی دەسەڵاتداران و بەرپرسان نەبووە، دەبێت ئێمە رووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببینەوە، کە بە داخەوە نە حکومەت ئەو بکوژانەی راپێچی دادگا کردووە و نە رۆژنامەنووسەکانی دیکەش لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری پێویستیان ئەنجامداوە بۆ ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر بکوژ و تاوانکارەکان.

*** زۆرجار لەو کۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، رۆژنامەگەری ئازاد هەیە، بەڵام راگەیاندنی ئازاد بەرپرسیارنابێت لە ئاست بەرهەمەکانیدا، واتە ئەرکی سەرەکی راگەیاندن دەبێتە خولقاندنی کێشە و گرژی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری بۆ حکومەت دەبێت بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بە خەڵکی بدات، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن بتوانین راگەیاندنێك بنیات بنێین لەم قۆناغەدا کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات؟**

- لە راستیدا خەڵکانێك هەن لە وڵاتی ئێوەدا کە لە دەزگاکانی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵدا کاردەکەن، دیراسەتیان لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەری بە شێوەیەکی پیشەگەرانە کردووە و لە گرنگی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانی بە شێوەیەکی مەوزوعی و هاوسەنگ تێدەگەن، کە بە بێ خۆهەڵکێشان رۆژنامەنووسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەم شێوەیە کاردەکەن.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**



ستوارت لۆری

- من تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم دەبێت رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ کۆشش بکەن و خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی رۆژنامەگەری، تاوەکو بتوانن بێ ترس و سڵەمینەوە بەردەوامی بە کارەکەی خۆیان بدەن، چونکە حکومەت لە خۆیەوە رووناکاتە رۆژنامەنووسان و رابگەیەنێت، ئێوە ئازادن و مافی خۆتانە بێ فشار و تەنگپێهەڵچنین کاری خۆتان ئەنجام بدەن و حکومەتیش دەستوەرنادات کارەکانتانەوە. من پێم وایە کێشەکە ئەوەیە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا تێگەیشتنێکی باش لە ئارادانییە لە بارەی گرنگی و بایەخی رۆژنامەگەری ئازادەوە، لەم روانگەیەشەوە هەوڵ و کۆششی پێویست ناخاتە گەڕ بۆ بەرەوپێشبردن رەوتێکی ئازادی رۆژنامەگەری. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت ئەوا هەندێ لە ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، وەك ئینستیتوتی کۆمەڵگەی کراوە هاوکاری و یارمەتی عێراقییەکان بۆ دروستکردنی راگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆ و بەرپرس دەدات. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی لە ئێراندا روودەدات، جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەری ئەو وڵاتە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵکراون، بەڵام ئینتەرنێت توانیتی هەواڵی چالاکی و جموجۆڵی خۆپیشاندانەکان دژی حکومەت بگوازێتەوە بۆ دەرەوە و جیهانی لێ ئاگادار بکاتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەزگا و دامەزراوەکانی رۆژئاوا کە پەیوەستن بە بواری پەروەردەکردنی رۆژنامەنووسانەوە، دەتوانن هاوکار و یارمەتیدەری وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بن لەم بوارەدا، بۆ نموونە ئەگەر چەند رۆژنامەنووسێکی وڵاتی ئێوە بێنە ئەمەریکا لە یەکێك لە کۆلێجەکانی تایبەتمەند لە بواری رۆژنامەگەریدا بخوێنن، دەتوانن سوودێکی باشی لێوەرگرن، بە هەمان شێوە ئەگەر رۆژنامەنووسانی رۆژئاواش بانگهێشت بکەن و خولی تایبەتی بۆ رۆژنامەنووسەکانی ئێوە بکەنەوە، بە هەمان شێوە سوودبەخش دەبێت.

*** ئەگەر ناو و مانای راگەیاندنی ئازاد بێبەها بکرێن، یاخود ئەگەر چیتر راگەیاندنی ئازاد وەك پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەیتوانی کارەکانی خۆی ئەدا بکات، ئایا ئەمە چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی لەسەر سیستمە سیاسییەکە دەبێت؟**

- رەنگە ئێوە ئاگاداری ئەو قسەیەی جیفرسۆن بن کە دەڵێت» ئەگەر ناچارم بکەن لە نێوان حکومەت و رۆژنامەدا ئختیار بکەم، ئەوا رۆژنامە هەڵدەبژێرم» لەبەر ئەوەی هیچ حکومڕانێتییەکی دیموکراتی بێ بوونی رۆژنامەگەری ئازاد بەرەوپێش ناچێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- بایەخدانی ئێوە بە بەرەوپێشبردنی رۆژنامەگەری ئازاد تەنها سوودی بۆ پەرەپێدانی رەوتی رۆژنامەگەری نییە، بەڵکو خزمەت بە تێکرای خەڵکی کوردستانیش دەکات.

**ئەرکی سەرەکی راگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ چاودێریکردنە، بەڵام نابێت ئەم کارە تەنها لە چاودێریکردنی حکومەتدا کورت بێتەوە، بەڵکو دەبێت چاودێری تێکرای دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکەش بکات**